# ئیسلام و گلۆباڵیزم

**سەرچاوە:**

الدكتور محمد اركون، **قضايا في نقد العقل الديني، كيف نفهم الاسلام اليوم؟** ترجمة وتعليق: هاشم صالح، دار الطليعة للطباعة والنشر – الطبعة الاولى- بيروت 1998. الفصل الثالث: (الاسلام المعاصر امام تراثه والعولمة).

**د . محەمەد ئارکۆن**

# ئیسلام و گلۆباڵیزم

**ئیسلامی هاوچەرخ لە بەرامبەر کەلەپورو گلۆبالیزمدا**

وەرگێڕانی

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

سلێمانی- 2005

کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (66)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# ئیسلام و گلۆباڵیزم

نووسینی: د. محەمەد ئارکۆن
وەرگێڕانی : نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

بابەت: لێکۆڵینەوە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵچنی: خودی وەرگێڕ
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
ژمارەی سپاردن : ی 2005

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.info

# پێڕست

| | |
|---|---|
| سەرەتا | 6 |
| گلۆباڵیزم چییە؟ | 7 |
| ئیسلامی هاوچەرخ چییە؟ | 29 |
| چۆن لە کۆنتێکستی ئیسلامیدا لە کەلەپور بکۆڵینەوە؟ | 85 |
| دیاردەی قورئانیی | 94 |
| کۆتایی | 117 |

## ئیسلامی هاوچەرخ لە بەرامبەر
## کەلەپوورو گلۆبالیزمدا

### سەرەتا:

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە سێ بواری پشکنین‌و شیکردنەوەی ڕەخنەیی لەخۆ دەگرێ. ئەو سێ بوارەش بریتین لە: 1-ئیسلامی هاوچەرخ 2-کەلەپووری زیندوو کە لە زەمەندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلام لە نێوان ساڵانی 610-632 زایینی و 661ی زایینیدا 3-گلۆبالیزم وەك دیاردەیەکی نێودەوڵەتی یان گەردوونیی نوێ.

ئامانجم لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتییە لە پراکتیزەکردنی میتۆدی ڕەخنەیی بەسەر هەرسێ بوارەکە لە یەك کاتدا، ئەگەرچی ئەمانە کۆمەڵێ بابەتی زۆر ئاڵۆز پێکدەهێنن. دەمەوێ ئەو شتە کەشف بکەم کە بە شێوەیەکی ناوەکی لەناو ئەو سێ بازنەیەدا هەن‌و دەژین بەڵام بیریان لێنەکراوەتەوە. دەمەوێ لەو سێ بوارەدا لە بوونی فەردی‌و کاری مێژوویی ئەو شتە بکۆڵمەوە کە بوونی هەیەو بەڵام بیری لێنەکراوەتەوە. دەمەوێ بیهێنمە نێو بازنەی ڕووناکییەوە بۆئەوەی ببێ بە شتێکی دیارو ئیشکالییەت دروست بکات، واتە ببێتە شوێنی پرسیارکردن‌و لێپێچینەوە. دەمەوێ لەناو بازنەی ناوەکییەوە بۆ یەکەمین جار بیهێنمە دەرەی‌و بیخەمە ناو ڕووبەرێکی ئاشکراو ڕۆشنەوەو لە تێڕوانینێکی نوێی دیاردەی گلۆبالیزمدا جارێکی تر بیری لێبکرێتەوە. ئاشکرایە ئێمە ئێستا چووینەتە ناو چەرخی گلۆبالیزمی گەردوونییەوەو دەبێ لەژێر تیشکی ئەم گلۆبالیزمە بیر لە هەموو شتێ بکەینەوە.

پاشان لەبەر چەند هۆیەکی میتۆدۆلۆژیو ئیپستیمۆلۆژی لە دیاریکردنی ئەو کۆنتێکستە (سیاق)ە جیهانییە نوێیەوە دەستپێدەکەم کە هێزەکانی گلۆبالیزم خولْقاندوویانە، واتە ئەو هێزانەی سەرانسەری گۆی زەوییان یەکخستووەو جیهانیان کردووە بە "گوندێکی بچووك" وەك یەکێ لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا دەڵێ. دوای ئەوە یەکسەر باسی مەسەلەی ئیسلامی هاوچەرخو کەلەپووری دێرینی ئیسلامی دەکەم.

## گلۆبالیزم (عەولەمە) چییە؟

فیکری بەشەری تا ساڵانی 1960-1970 بە شێوەیەکی تایبەتی بیرۆکەی "جیهانی" یان "جیهانییەکان"ی ناسیوە. ئەم بیرۆکەیە لە خۆیدا ژمارەیەکی گەورەی ئەو وێناکردنانەی متوربە کردووە کە بەرهەمە ڕۆحیو هونەریو زانستییەکانی هەمەڕەنگ بوونو بە پێی ناوەندە کولتووریو وەرچەرخانە مێژووییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بەم جۆرە لەگەڵ کۆپەرنیکۆسو گالیلۆو کیپلەردا لە "جیهانی داخراو"ەوە بەرەو "گەردوونی بێسنوور" ڕۆیشتووین. ئەوەیشی کە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ناوبراوە هەرگیز لەگەڵ چەمکی جیهانگەرایی –گلۆبالیزم-دا نایەتەوە. مەبەستم: لەگەڵ چەمكو هێزە چالاکەکانو ئەو وەقائیعانەدا نایەتەوە کە ئەمڕۆکە هەموو تاکەکانو هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان کەشفی دەکەن، یان دەکەونە ژێر فشارەکانیەوە، واتە فشاری ئەوەی کە بە گلۆبالیزم ناودەبرێ.

دەبێ بزانین دیاردەی گلۆبالیزم سەرجەمی کەلەپوورە ڕۆشنبیریو ئایینیو فەلسەفیو سیاسیو یاساییەکان -ئەوەی تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی ناسیونی- سەرەوژێر دەکات، لەوانە بێگومان کەلەپووری تازەگەریش کە لە عەقڵی ڕۆشنگەرییەوە لەدایك بووە. ئەم تازەگەرییە (مۆدێرنە) سەرباری گرنگیو باڵادەستیی، ناتوانێ لە پرۆسەی سەرەوژێرکردنو گۆڕانکاری دەربازی ببێ، واتە دەبێ مۆدیرنەش بە خۆیدا بچێتەوەو ڕەخنە لە خۆی بگرێ بۆئەوەی بتوانێ لەگەڵ چەرخی گلۆبالیزمدا خۆی بگونجێنێ. لەبەرئەوە دەبینین هەر لە ساڵی (1980)وە چەندین توێژەرو بیرمەند قسە لەبارەی پاش تازەگەری –پۆست مۆدێرنیزم- دەکەن. بەڵام من وام پێباشە ئەم زاراوەیە لابرێ چونکە بە شێوەیەکی ڕوونو بە تەواوی نەخەملیوەو هەروەها لەبەرئەوەی لەناو ئەو ڕێچکە مێژووییە ڕاستەهڵیەدا دیلمان دەکات کە وەکو یەك هێڵی ڕاست تەماشای بەرەوپێشچوونی مێژوو دەکات ئەوەی کە تازەگەریی ئەورووپی لە هەردوو سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەمدا بناغەی بۆ دارشتووە.

دیاردەی گلۆبالیزم ئەورووپیەکانی ناچار کردووە لە سنورداریێتیی عەقڵی ڕۆشنگەریو هەندێ لە پاشماوەو ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی تێبگەن. ئەمەش بێگومان مانای ئەوە نییە نکوڵی لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی بکرێ یان پاشەکشە لەو دەستکەوتە بنچینەییانەی تازەگەری (مۆدێرنە) بکرێ کە بەرهەمی هێناون. عەقڵی ڕۆشنگەری بواری بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ناسیونالیزمی نوێ ڕەخساند، واتە: دەوڵەتێکی عەلمانیی دیموکراسی کە لەگەڵ سەرجەمی هاوڵاتیانی خۆیدا بە یەکسانی ڕەفتار دەکات سا ڕەچەڵەکی ئیتنی یان ئایینی یان مەزهەبییان هەرچیەك بێت، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیەو گاڵتەی پێناکرێ. هەروەك عەقڵی ڕۆشنگەری پێشکەوتنێکی گەرەی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا ڕەخساندو لە دەمارگیرییەکی عەشایری یان تایەفەگەریی تەسکەوە بەرەو یەك دەمارگیریی بەرفراوان هەنگاوی نا کە بریتییە لە دەمارگیریی پەیمانی کۆمەڵایەتی نێوان دەوڵەتو هاوڵاتیان. لەم جۆرە پەیوەندییەدا هاوڵاتی یەکەم جار ئینتیمای بۆ تایەفەکەی یان عەشیرەتەکەی نییە، بەڵکو ئینتیمای بۆ دەوڵەتو بۆ دامەزراوە دیموکراسییە نوێیەکان هەیە. بەم جۆرە دەمارگیری (العصبية) لەگەڵ گواستنەوەدا بۆ قۆناغی مۆدێرنە گۆڕانێکی ڕەگوڕیشەیی بەسەردا هات. بەڵام لەوە دەچێ ئێمە ئەمڕۆ بچینە سەر دەمارگیرییەکی نوێ کە

سنوورەکانی دەمارگیریی دەوڵەتی نەتەوەییش تیدەپەڕێنێ، دەمارگیریی بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بووە بە دەمارگیرییەکی کۆنو بەرتەسكو بەسەرچوو دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو سەدە –واتە لە شۆڕشی فەرەنسییەوە- خۆی تاقیکردەوە. مەبەستیشمان لە دەمارگیریی بەرفراوانی نوێ کە لەگەڵ چەرخی عەولەمەدا دەگونجێ: دەمارگیریی ئەوروپییە، کە ئەمەیان زۆر بەرفراوانترە لە دەمارگیریی دەوڵەتی نەتەوەیی فەرەنسیی یان ئەڵمانی یان ئینگلیزی.. هتد.

لەوە دەچێ دەوڵەتە ئەوروپییەکان بە ئیرادەیەکی گەورەوە بەرەو بەدیهێنانی یەکێتیی ئەوروپی هەنگاو بنێن. بەم جۆرە لە دنیادا فراوانترین ڕووبەر بۆ ئازادییە دیموکراسییەکان تەرخان دەکرێو هەر بەم جۆرەش ئەوروپییەکان قۆناغێکی مێژوویی نوێ دەبڕن لە فراوانکردنی فەزای هاوڵاتیبوون کە ئێستا بووە بە "ئەوروپی" لە بری ئەوەی ببێ بە "فەرەنسی" یان "ئەڵمانی". ئەمە دەڵێینو دەشزانین چەمکی هاوڵاتیبوون بریتییە لە ڕێسای ژیانی دیموکراسیو بگرە دوا ئامانجی ژیانی دیموکراسییە. سا ئەگەر هاوڵاتی هەست بەوە نەکات کە هاوڵاتییەکە هەموو مافێکی هەیەو هەموو ئەرکێکیشی لەسەرە، ئەوا چەمکی هاوڵاتی بە تەواوی لە ماناکەی بەتاڵ دەبێتەوە. بەم جۆرە دەبینین سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ پەیامەکەی خۆی تەواوکردووەو کۆتایی پێهاتووە، لانی کەم لە ئەوروپادا. یان بڵێین دەبێ فراوانتر بکرێتەوە بۆئەوەی بگاتە ئاستو بارستایی یەکێتیی ئەوروپی.

سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ پەیامەکەی خۆی گەیاندووەو تەواو بووە بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنیی پێکهێناوەو توانیویەتی لە ڕووی یاساییەوە بە شێوەیەکی وەها ڕزگار ببێ کە بتوانێ بە سیفەتی هاوبەشێکی چالاك لە دەوڵەتی مافو یاسادا ڕەفتار بکات (دەوڵەتی مافو یاسا گرنگترین دەستکەوتە کە ئەوروپا لە پاش مۆدێرنە پێی گەیشتووە. ئەم جۆرە دەوڵەتە بە تەواوی جیاوازە لە دەوڵەتی ستەمو سەرکوتی جاران کە یاسا حوکمی ناکات بەڵکو هێزێکی هەڕەمەکیو خۆبەخۆ حوکمی دەکات).

بەڵام لەوە دەچێ پەڕینەوە بۆ قۆناغی ئەوروپیزم زۆر دژوار بێتو پڕبێت لە بەربەستو ڕێگر. گواستنەوە لە قۆناغی دەوڵەتی نوێی ناسیونالیستییەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتی یەکگرتووی ئەوروپی بە قەدەر گواستنەوە لە قۆناغی دەوڵەتی پاشایی ڕەها، کە خاوەنی هەقێکی خودایيە، بۆ قۆناغی دەوڵەتی نوێی ناسیۆنالیستی، زەحمەتە، سا ئەمەی دوایی فۆرمی سیستمێکی پادشایی دەستوری وەربگرێ وەك ئەوەی لە ئینگلتەرەو هۆڵەندەو سویددا هەیە، یان فۆرمی کۆماریی دیموکراسی وەك ئەوەی لە فەرەنسەدا هەیە. ئەمەیە مانای چوونە نێو قۆناغی پاش تازەگەری (پۆست مۆدیرن) لە ئاستی سیاسیدا.

ئەگەر مۆدێرنە لە چەرخی ڕۆشنگەرییەوە تا ئەمڕۆ دەوڵەتگەلێکی دیموکراسیی خوڵقاندبێ، ئەوا قۆناغی پاش تازەگەری پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەرفراوانی ئەوروپی دێنێتە ئاراوە کە سنووری نەتەوەکان دەبەزێنێ. لەبەر ئەم هۆیە ناسیونالیستە دەمارگیرە فەرەنسییەکان یان ئینگلیزەکان یان ئەڵمانییەکان هەوڵ دەدەن ئاستەنگ بخەنە بەردەم پێکهێنانی یەکێتیی ئەوروپییەوە. ئەوانە لەوە دەترسن نەتەوەکەیان بتوێتەوە. لە واقیعدا هەموو ئەو کولتوورو جیهانبینیانەی پەیوەستن بە دەوڵەتی نەتەوەیی بەو شێوەیەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا شێوەی گرتووە، ئێستا پتر بەرەو تەسکی دەچێو لۆکاڵییەتی کاڵدەبێتەوەو لە مۆرکێکی بچووکی هەرێمایەتیدا دەمێنێتەوە. ئەو جۆرە کولتوورو جیهانبینییە پتر هەستی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە بێگانە دەردەخاو بەسەر خۆیدا خۆی دادەخات، تەنانەت ئەگەر ئەو بێگانەیە زۆریش نزیك بێ لێیەوە، بۆ نموونە ئەڵمانییەك بە نیسبەت فەرەنسییەکەوە یان بە پێچەوانەوە (لەم بارەیەوە بڕوانە جەنگە بەردەوامەکانی نێوان فەرەنسەو ئەڵمانیا).

بەڵام دەشێت بڵێین گلۆبالیزم لە ئاستی ئابووری‌و بانکیی دارایی‌و تێکنۆلۆژیدا بەر لە ئاستی بەها رۆحی‌و فەلسەفی‌و سیاسی‌و یاساییەکان بەدی هاتووە. وەك بڵێی بازرگانی نە ئاینی هەیە نە شوناس‌و لە بەزاندنی بەربەست‌و سنوورەکاندا پێش هەموو شتێ دەکەوێ، بۆ نموونە ئەو یەکێتییە ئەوروپییەی ئەمڕۆ بەدی هاتووە، لە پەنجاکاندا لە شێوەی "کۆمەڵەی خەڵووزو ئاسن"دا دەستی پێکردووەو پاشان وردە وردە نزیکبوونەوەی پتری سیاسی‌و فەلسەفی‌و رۆحی لە نێوان وڵاتە ئەوروپییە جیاجیاکاندا رۆڵێکی گەورەی لە پێکهێنانی یەکێتی ئەوروپیدا هەبووە. لە راستیدا خۆبەستنەوە بە تایبەتمەندی‌و رەسەنایەتی نەتەوەیی‌و جیاکاریی نیشتمانی تا ئێستاش بەربەست دەخاتە سەر رێگەی بەرەوپێشچوونی یەکێتی ئەوروپی. بۆچی؟ چونکە ئەم یەکێتییە بواری پێداچوونەوەی مێژووی نووسراو لە گۆشەنیگای ناسیونالیستی تەسکبینەوە بچووك دەکاتەوە، هەروەکو پێداچوونەوەی چوارچێوە فکرییەکانی تەئویل‌و چۆنیەتیی تەملیك کردنی بەهاکان بچووك دەکاتەوە. دەبینین وانەی مێژووی نەتەوەیی بە رێگەیەکی حەماسی بە قوتابیانی فەرەنسی دەوترێتەوە لە پێناوی ئەوەی بەهای نەتەوەیی فەرەنسی لە قووڵایی ناخی قوتابیاندا بچێنن، ئەوسا بۆ ئەو قوتابیە تا رادەیەکی زۆر زەحمەت دەبێ ئەو رۆحە ناسیونالیستییە لە گیانی خۆی داماڵێ‌و لە بریی ئەوە رۆحی ئەوروپی (یان دەمارگیریی ئەوروپی) وەربگرێ. هەمان شت سەبارەت بە قوتابیی ئەڵمانی‌و ئینگلیزی‌و ئیسپانی.. هتد.

بەم جۆرە دەبینین "دەمارگیریی نەتەوەیی" کە بەر لە سەد ساڵ یان سەدو پەنجا ساڵ بە پێشکەوتنخوازی دادەنرا، کەچی ئەمڕۆ دیاردەیەکی تەسك‌و بەسەرچووەو رێگە لە پێشکەوتن‌و فراوانکردنی فەزایەك دەگرێ کە سنوورەکانی ناسیونالیزم تێدەپەڕێنێ. لێرەدا دەبینین نەتەوە ئەوروپیە "دێرینەکان" نموونەیەکی باش پێشکەش بەو وڵاتانە ناکەن کە داگیریان کردبوون‌و ئەمانیش چوونە نێو قۆناغی پێکهێنانی نەتەوەوە. واتە دەمارگیریی نەتەوەیی ئەوروپییەکان نابێتە نۆرمێکی سوودبەخش کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە جیهانی سێدا بیگرێتەبەر، ئەو دەوڵەتانە لە پاش سەربەخۆیی، یەك حزب حوکمیان دەکات. ئەم دەوڵەتانە کە سی یان چل ساڵە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، بە شێوەیەکی تەسك‌و هەندێ جاریش دەمارگیری، پرۆسەی پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەییان کردووە، بە تایبەتی لەناو سیاقێکی دژوارو ئاڵۆزی دیاردەی گلوبالیزمدا. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم تێبینییە کاتێ قسە لەسەر رۆڵی ئیسلام‌و کەلەپووری ئیسلامی دەکەین لە پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوەییدا لەلای ژمارەیەك لە نەتەوە "لاوەکان".

دوای ئەوەی یەکێتیی سۆڤیێت وەك هێزێکی گەورەی جیۆپۆلیتیکی هەرەسی هێناو داڕووخا، ئەمریکا بوو بە تاکە زلهێزی دنیاو هەژموونی خۆی بەسەر گشت هێزە جیهانییەکان یان گشت هێزەکانی عەولەمەدا پرۆسە کرد. ئیدی ئەوروپییەکان، لەوانە رووسیاو وڵاتە پاشکۆکانی جارانی، سەرگەرمی دروستکردنی پەیوەندین لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پتر لەوەی هەوڵ بدەن کێبەرکێی بکەن ، تەنانەت بیر لەوەش ناکەنەوە کێبەرکێی ئەمریکا بکەن. بەم جۆرە میللەتان‌و نەتەوە نوێیەکانی جیهانی سێیەم لە جاران زیاتر هەست بە فشاری هەژموونی ئەمریکا دەکەن، ئەمەش بەربەست دەخاتە بەردەم کۆششی رزگاری‌و یەکێتیی ناوخۆیی. ئەمڕۆ کەسێ باسی مافی بڕیاردانی چارەنووسی میللەتانی ژێردەست ناکات، ئەو مافەی لە رۆژگاری جەنگی ساردا زۆر باسدەکراو خەون‌و ئەوهامەکانی متوربە دەکرد، ئێستا مافی بڕیاردانی چارەنووس بە دەبەنگییەکی ئایدیۆلۆژی دەژمێردرێ! ئێستا لەبری ئەوە باسی سیاسەتی یارمەتیی مرۆیی ئەو میللەتانە دەکرێ کە رووبەڕووی مەترسیی جینۆسایدو لەناوبردنی ناوەکی دەبنەوە (بڕوانە سیاسەتی بێرنار کۆشنەری وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی پێشووی فەرەنسە، لە بەرامبەر سۆماڵ‌و بۆسنێ‌و شوێنی دیکە..). بەڵام ئەمڕۆ هێزە ئابووری‌و بانکییەکانی (جیهانگیری) لە هەموو رۆژێ

زیاتر لە دەستی خۆرئاوادایەو لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا. ئەم هێزە زەبەلاحانەش بە هیچ جۆرێ بایەخ بە چارەنووسی هەڕەشەلێکراوی میللەتانی ژێردەستو چەوساوە نادەن، تەنانەت زۆر گوێ بە سیاسەتی یارمەتیدانی مرۆییش نادەن کە کۆشنەرو چەندین کەسایەتیی سیاسیی دیکە بانگەشەی بۆ دەکەن.

لە ڕاستیدا هەڵوێستی ئەم هێزە زەبەحو خۆپەرستانە کە بەهەر شێوەیەك بێت بە دوای فراوانبوونو قازانجی خۆیاندا دەگەڕێن، زۆر لە هەڵوێستی ئەو بورژوازییە سەرمایەدارانەی پێش خۆیان دەچێ کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا چەندین وڵاتیان داگیرکرد. ئەوانیش بایەخیان بە ڕزگاریی ئافرەتانو چینە کرێکارییەکان نەدەدا تەنانەت لەنێو وڵاتی خۆیشیاندا، بێگومان بایەخیان بە ڕزگاریی میللەتانی ژێردەستەش نەدەدا. بەم جۆرە دەبینین سیاسەتی یارمەتیدانی مرۆییو ماڤی بڕیاردانی چارەنووسی میللەتانو مافەکانی مرۆڤ تەنها بووە بە کۆمەڵێ دروشمی بەتاڵ. لە ڕاستیدا ئەم دروشمانە وەك ڕووپۆشێکی ئایدیۆلۆژی بەکاردەهێنرێ لە لایەن ئەو کەسانەی پرۆسەکانی گلوبالیزم بۆ بەرژەوەندییو نیازەکانی خۆیان بەکاردەهێنن. (هەمیشە بەدوای سوودو قازانجێکی پتردا دەگەڕێنو دەیانەوێ پەل بۆ دوورترین شوێن بهاونو دەسەڵاتیان بگاتە بازاڕە نوێیەکان).

ئەو "دەستەبژێرە" نیشتمانییانەی لە دوای سەربەخۆیی حوکمی وڵاتیان گرتەدەست، باوەڕیان وابوو  دەتوانن ناوەرۆکێکی ڕاستەقینە بەبەر ئەو دروشمانەدا بکەن بە تایبەتی کە پەیوەست بوون بە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان کە پێشتر بە سیاسەتی "هاریکاری" یان بە سیاسەتی "یارمەتی لە پێناوی پەرەپێدان" کردبوونی بە کۆلۆنیالی. دەرەنجامی ئەم پرۆسەیەش کارەساتی لێکەوتەوە. ئەو سیاسەتەی لە شەستەکانو حەفتاکانەوە بەڕێوەبرا بووە مایەی چەندین کاردانەوەی گەورە، بۆ نموونە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو غەیری ئێران.. شۆڕشی ئیسلامی -لە قووڵاییدا- مانای چییە؟ مانای کاردانەوەی ئەو جەماوەرە جوتیارو بەدەویو زۆر هەژارەیە لە بەرامبەر سیاسەتی فاشیلی "گەشەپێدان" یان پەرەپێدان کە لە دوای سەربەخۆییو بۆ ماوەی 30 ساڵ گیرایە بەر. ئەم جەماوەرە لە زمانو دابونەریتو هاوسەنگییە ژینگەییەکانو پەیوەندیی خوێنو دەمارگیرییەکانی دابڕا دوای ئەوەی بەرەو شارەکان کۆچی کردو ئیدی لە ڕەگوڕیشەی خۆی هەڵکەنراو پشتێنەیەکی هەژاری یان "شاری تەنەکە"ی بە دەوردا کێشرا. ئەمە وەك لە سەدەی نۆزدەهەمو لە سەرەتای چەرخی پیشەسازیدا بەسەر چینی جوتیاری ئەورووپیدا هات. نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ. بەڵام ئەمەی دوایی زۆر بە چاکی وەرگیراوەو زەمەنێکی گواستنەوەیی درێژخایەنی بڕیوە کە یارمەتیی داوە بۆ تێکەڵبوون بە شارە ئەورووپییە سەرەکییەکان. بە داخەوە ئەم شتە لە جیهانی عەرەبی یان ئیسلامیدا ڕووی نەداوە، بگرە ئێمە ئەو شتەمان بینی کە بە شۆڕشی ئیسلامی یان بە بزوتنەوە فەندەمینتالیستییەکان ناودەبرێت. بێگومان لێرەدا تەفسیرگەلێکی دیکە هەیەو لە کاتی خۆیدا دەیانخەینە بەر باس.

دیاردەی گلوبالیزم لە ئاستی سەرانسەری گۆی زەویدا ستراتیژی تەیکردنی بازاڕە ئیستیهلاکییەکانو پاشکۆکردنیان بڵاودەکاتەوەو بە هیچ جۆرێکیش گوێ بەو هەژارییە بێئامانو تراژیدییە کۆمەڵایەتییانە نادات کە لە وڵاتانی باشوردا –بەهۆی ئەم دیاردەیەوە- ڕوودەدەن. هەروەکو گوێ بەو پاشەکشە فکریو داپڵۆسینە سیاسیو کلۆڵییە ڕۆشنبیرییە نادات کە بە زەرورەت لە ئەنجامی سیاسەتی "ئاڵوگۆڕی ناهاوتا یان ناهاوسەنگ" دێنە دی، کەچی دواتریش بە دەمارگیرو توندڕەو تاوانبارت دەکەن! ئێمە ئێستا دەزانین چۆن ئەم سیاسەتی عەولەمەیە جێبەجێ دەکرێو چۆن ستراتیژی عەولەمە گەڵاڵە دەکرێ. لە سەرێك پەیوەندیی دیبلۆماسی لە تەك وڵاتانی باشووردا دادەمەزرێنێو کۆمەڵێ سەفەقاتی بازرگانی مۆردەکات لە پێناوی ناردنی شتومەکە بەکاربراوەکانیو هەروەها بۆ هێنانی مادە خاوە پێویستەکان بۆ کارگەکانیان. لە سەرێکی تر ڕێگە بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەکاتەوە تا

دەهۆڵ بۆ وڵاتانی باشوور لێبدەنو بە تۆمەتی جیاجیای وەکو داپڵۆسینو دەمارگیریی ئایینیو دواکەوتوویيو ڕێزنەگرتن لە مافەکانی مرۆڤ تاوانباریان بکەن، ئەمە لە کاتێکدا بە ڕەسمی دان بەو ڕژێمانەدا دەنێو وەکو "هاوبەشێکی بەڕێز!" سەیریان دەکات.

لێرەدا دووڕوویی خۆرئاوا، یان هێزە زەبەلاحەکانی گلۆبالیزم –واتە کۆمپانیا فرە ڕەگەزو کیشوەربڕەکان- دەردەکەوێت. کاتێکیش ئەم ڕاستییە دەخەیتە بەردەم بەرپرسە گەورەکانو بۆچوونەکانت بە کۆمەڵێ شیکردنەوەی وردی زانستی پتەو دەکەیت، چاوت لەسەر لادەبەنو دەڵێن: ئەمە جگە لە چەنەبازیی ڕۆشنبیرە ئایدیالیستەکان شتێکی تر نییە! و پاشان باسی بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتو پێداویستییەکانی سیاسەتی واقیعی نێوان وڵاتانو "عەقڵی دەوڵەت" و ئەم جۆرە شتانەت بۆ دەکەن.

دەمەوێ لە هەموو ئەو شتانەدا بگەمە ئەم دەرەنجامەی خوارەوە: کاروانی گلوبالیزم، کە هیچ شتێك بەری پێناگرێتو ڕەحم بە هیچ شتێك ناکات، واتە بڕیاربەدەستانی بواری ئابووریو بانکیو سیاسی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تا ئەمڕۆش دان بەو ڕاستییە سادەیەدا نانێن کە گلۆبالیزمی بەها دیموکراتیەکان –واتە بڵاوکردنەوەو گشتیکردنی دیموکراسییەت بەسەر هەموو میللەتانی گۆی زەویدا- دەبێت پێشوەخت ئەو میللەتانە بەبێ هیچ مەرجێك بچنە ڕیزی فەلسەفەی تازەی **(کەس- تاك- هاوڵاتی)**یەوە، هەروەها دەبێ ئەم فەلسەفەیە لە ڕووی پراکتیکییەوە لە یاسایەکی نێودەوڵەتیی گونجاوداو لە دەستەیەکی کارگێڕیی باڵادا بەرجەستە ببێت. ئەمەیە مەرجی بنەڕەتیی بڵاوکردنەوەی بەها دیموکراتییەکان بە مەبەستی ڕزگارکردنی بارودۆخی بەشەری لە هەموو ڕەهەندەکانیداو لە هەموو وڵاتانیشدا نەك تەنها لە ئەوروپاو خۆرئاوادا.

دواتر دێمە سەر ڕوونکردنەوەی زاراوەی **"کەس- تاك- هاووڵاتی"** ، ئەم سێ وشەیە لەم کۆنتێکستەدا دەلالەت لە خودی وشەکان ناکەن.

نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە سەرکەوتنی تەواوی یاساکانی بازاڕو فەلسەفەی لیبرالیزم کە تا ئەندازەی تاکگەراییەکی ڕەها مافەکانی تاکەکەس دەپارێزێت، لەناو چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا تەواودەبێت، ئەو یاسایەی بایەخ بەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییە ڕوو لە زیادبوونە نادات کە هێزەکانی جیهانگیری قووڵتری دەکەنەوە. لێرەدا جیاوازییەکی زەقو ئاشکرا لە نێوان وڵاتانی باکوورو وڵاتانی باشوردا هەیە، لە سەرەوە خۆشگوزەرانییەکی لە ڕادەبەدەر هەیەو لە خوارەوەش هەژاریو نائومێدییەکی گەورە. بگرە لەمەش خراپتر هەیە. ئێمە دەزانین هێزە داگیرکەرە گەورەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا سنووری نێوان وڵاتانی جیهانی سێهەمیان دیاریکرد، لە کەشێکدا سنوورو نەخشەی ئەو وڵاتانەیان کێشا کە ڕکابەریو ناکۆکیی لە نێوانیاندا هێشتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە سنورێکی غەدرلێکراوو ناڕاستەقینەیە. کەچی ئەو "دەستەبژێرە" نیشتمانپەروەرەی لە دوای سەربەخۆییدا حوکمی وڵاتیان گرتەدەست، لەسەر هەمان نەخشە کاریان کردو هیچیان لێ نەگۆڕی. ئەو سنورە ناسروشتیانە ئەمڕۆ بەرپرسی ئەو جەنگە ناوخۆییانەن کە لە نێو وڵاتانداو لەنێو خودی یەك وڵاتیشدا هەڵگیرساونو دەشێت لە دواتردا لە چەندین ناوچەی وڵاتانی باشوردا ڕووبدات. پاشان هێزە زەبەلاحەکانی گلۆباڵیزم لە دوورەوە چاودێریی ئەو جەنگانە دەکەنو خۆیان وا دەردەخەن  خەمبارنو پێیان ناخۆشە کە ناتوانن ئەو جەنگانە بوەستێنن، بگرە هەوڵدەدەن گەمەی تیادا بکەن تا لە پێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵێ ئیمتیازاتی جیۆپۆلیتیکیو ئابووری بەکاریان بهێنن، بێگومان هەموو ئەمانەش لەسەر حیسابی میللەتانی داماوو هەژار. کەواتە ئەخلاق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لە کوێیە؟ ویژدان لە کوێدایە؟ باسکردنی مافەکانی مرۆڤو دروشمی بریقەدار سوودیان چیە؟ تۆ بڕوانە ئەو شتانەی ئێستا لە ئەفریقیاو ئاسیاو شوێنی دیکەدا ڕوودەدان.

مومکین نییە بتوانین هەموو ئەو زیانانەی ئێستاو ئەو مەترسییانە بژمێرین کە دەشێت دروست ببن‌و ئەوانەی دیاردەی گلۆباڵیزم بەرهەمی هێناون‌و بەرهەمی دەهێنن. مەبەستم ئەو زیانانەیە کە ئەم دیاردەیە بەسەر کۆمەڵگاکانی باشوورو میللەتان‌و تاکەکانی باشووردا دەیسەپێنێت، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی هێشتا دیاردەی مۆدێرنەیان بەخۆوە نەبینیوەو لە نێو ئازادییە دیموکراتییەکاندا ناژین‌و ئاستی گوزەرانیان نەگەیشتۆتە ئاستی میللەتانی ئەوروپاو خۆرئاوا. ئێمە ئەمە دەڵێین‌و ئەوەش دەزانین کە مۆدێرنە ئەمرۆ لەژێر ناوی گلۆباڵیزمدا خۆی بەسەر هەموو میللەتانی جیهاندا دەسەپێنێت.

لە ڕاستیدا ئەو گلۆباڵیزمەی ئەمرۆ بەڕێوەدەچێت وەك تەجاوزکردنێکی مێژوویی مۆدێرنە خۆی ناسەپێنێت بە قەدەر ئەوەی وەك گشتیکردنێك خۆی دەسەپێنێت کە لەسەر هەموو زەوییەکدا کاریگەری جێدەهێڵێت‌و پێی خۆی قایم دەکات، بگرە فەزاکانی دەرەوەو گەردوونیش دەتەنێت (بڕوانە ئەو هەوڵانەی لە ڕێی مانگە دەستکردەکان‌و ئامێرە تێکنۆلۆژییە هەرە پێشکەوتووەکانەوە دەدرێت بۆ کەشفکردنی فەزاو نهێنییەکانی گەردوون). پاشان کاتێك ئێمە وشەی "گلۆباڵیزم" واژە دەکەین مەبەستمان لە مۆدێرنەیە، بەڵام ئەم گلۆباڵیزمە لە حیاتی ئەوەی تەنها لە نێوان میللەتانی ئەوروپاو ئەمریکادا قەتیس کرابێت، ئەمرۆ دەچێتە دوورترین شوێن‌و سەرانسەری میللەتانی سەر زەویی گرتۆتەوە.

پاش ئەوەی خۆرئاوا بەسەر یەکێتی سۆڤییێتی جاراندا سەرکەوت، هەستی بە هێزو توانای خۆی کردو متمانەی بەخۆی زیادی کردو بیری لەوە کردەوە ئابووریی ئازادو بەهاکانی دیموکراسیی بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێنێت (بڕوانە تیۆری **کۆتایی مێژوو**- فۆکۆیاما).

بەڵام ئەگەر مۆدێرنە پرۆژەیەك بێت تەواو نەکرابێت، پرۆژەیەك بێت لەوەدا خۆی بنوێنێت کە دەست بەسەر سروشتدا بگرێت‌و سروشت بناسێت‌و بە شێوەیەکی تێکنۆلۆژی‌و پراگماتی‌و پراکتیکی بەکاری بهێنێت، ئەوا تەنها ئەو گلۆباڵیزمەی لێ بەرهەم دەهێنرێت کە ئەمرۆ دەیبینین‌و تیایدا دەژین. سا ئەگەر لایەنی تێکنۆلۆژی پراگماتیی مەنفەعی لە مۆدێرنەدا زاڵ بوو بەسەر لایەنی ڕۆحی‌و مرۆگەرایی‌و هیومانیستیدا، ئەنجامەکەی جگە لەو گلۆباڵیزمە شتێکی تر نییە. مۆدێرنەی تێکنۆلۆژی –بانکی، واتە پەراوێزکردن‌و کەنارخستنی هەموو ئەو پێغەمبەرو قەدیس‌و لاهوتیست‌و فەیلەسوف‌و هونەرمەندو شاعیرو پاڵەوانە مێژووییانەی لە ڕابردوودا ژیاون‌و خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە.

واتە ئەوان ناچیزە دەکرێن‌و دەخرێنە سەبەتەی ڕابردووەوە تا ببن بە بابەتێکی ئەکادیمیی وشك‌و دواتر بۆ یەکجاری لە یاد بکرێن‌و بیر بچنەوە. بۆیە من دەڵێم: دەبێ مۆدێرنە، وەك پرۆژەیەکی مرۆیی، ئەو ئیرادە مەعریفییە ڕاست بکاتەوە کە ئامانجی ئەوەیە دەسەڵات‌و هەژموونی هەبێت‌و هەموو شتەکان زەوت بکات. بەڵام چۆن؟ چۆن بتوانێت ئەو ئیرادە مەعریفییە ڕاست بکاتەوە؟ لە ڕێی هێنانی فیعلیی، واتە هێنانی فەلسەفی‌و یاسایی مافەکانی ڕۆح کە بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ. ئەم زاراوەیە –واتە مافەکانی مرۆڤ- بووە بە زاراوەیەکی بە ئایدیۆلۆژیکراو بە ڕادەیەکی زۆر، بگرە ڕۆحی تیا نەماوەو زیاد لە پێویست بەکار براوە. خۆرئاوا وەکو دروشمێکی ئایدیۆلۆژی هەڵیدەگرێت تا فشار بخاتە سەر ئەوانیدی پتر لەوەی خۆی پێوە بگرێت کاتێك لەگەڵ ئەوانیدی مامەڵە دەکات.

نابێت لەوە زیاتر بازرگانی بە مافەکانی مرۆڤەوە بکرێت، دەنا مانای خۆی لەدەست دەدات. نابێت مۆدێرنە لە ڕێگە ڕاستەکەی خۆی لابدەین وەك ئامرازێك بۆ ڕزگاریی بەشەریەت‌و بیگۆڕین‌و بیکەین بە ئامرازێك بۆ داپڵۆسینی ئەوانیترو زەوتکردنی

مافەکانیان. ئێمە دەزانین مەعریفە (ئیپستیم) لە چوارچێوەی مۆدێرنەی خۆرئاواییدا شکڵی گرتووەو بۆ هەردوو لایەنی خێرو شەڕ بەکارهێنراوە. مەعریفە تا ئەو ئەندازەیە بێگوناه نییە کە وێنای دەکەین، یان با بڵێین بەکارهێنانی مەعریفە بەکارهێنانێکی بێگەردو بێگوناه نییە. من کە ئەم قسەیە دەکەم، دەشێت مێژوونووسانی فیکر بەوە تاوانبارم بکەن کە دەمەوێ بە خشکەیی مافەکانی خودا بهێنمە نێو گۆڕەپانەکە لە کاتێکدا مۆدێرنە فڕێی داوەتە دەرێو لە بریی ئەوە مافەکانی مرۆڤی سەپاند. دەشێت بەوە تاوانبارم بکەن کە من دەمەوێ نرخی زاراوە لاهوتیەکەی مافەکانی خودا بگەڕێنمەوەو پاشان زانستی لاهوتی سیاسی بگەڕێنمەوە لە کاتێکدا ئەقڵی ڕۆشنگەری ئەو زاراوەیەی لە گۆڕەپانی گشتیی کۆمەڵگە هێناوەتە دەرێو لە شوێنێکی تایبەتیی ژیانی شەخسیدا قەتیسی کردووە. چەرخی ڕۆشنگەری کۆششێکی گەورەی ئەنجام داوە لە پێناوی بێلایەنکردنو دوورخستنەوەی لاهوتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست. بە کورتی دەشێت بە گەڕانەوە بۆ دواوە تاوانبارم بکەن.. ڤۆڵتێر دەیوت:

"من دەمەوێ لەو ئاژەڵە دڕندەیە –واتە کەهنوتی ئایینی- ڕزگارتان بکەمو کەچی ئێوە دەڵێن ئەی بەدیل (ئەلتەرناتیف) چییە؟"..

نا، بەڕێزان.. من نامەوێ بۆ دواوە بگەڕێمەوەو ناشمەوێ پاشەکشە لە کارەکانی ڤۆڵتێرو دەسکەوتەکانی ڕۆشنگەری بکەم کە بنجیان داکوتاوە. ناشبێ کەمو کورتیەکانی مۆدێرنە یان گلۆباڵیزم ئەو دەستکەوتە گرنگو مێژوویی‌و پێشکەوتخوازانەی مۆدێرنەمان بیر بباتەوە. من هەرگیز دەرسەکانی ڤۆڵتێرو ڕۆشنگەریم لە یاد نەکردووە، دەزانم لە ڕابردوودا تا ئەمڕۆش ئاینەکان لە ڕێچکەی خۆیان لایانداوەو کراون بە ئامرازو ئامێرێك بۆ داپڵۆسینێکی ترسناك، تا ئەمڕۆش لە لای هەندێ کەسو بە تایبەتی لەسەر دەستی ژمارەیەکی زۆری پیاوانی توندڕەوی ئاینی، ئایین دەکرێت بە وەسیلەیەك بۆ تیرۆرو تۆقاندن.

ڕاستە ئاینەکانو فەلسەفەکانی پێشوو فێریان کردووین مرۆڤ بەر لە هەرچی بریتییە لە ڕۆح، بەمەش شتێکی باشیان کرد. بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکرێت کە ئەم پێداگرتنە لە مانا سەرەتاییەکەی خۆی لایداوەو بووە بە ڕۆحانیەتێکی کۆنو بەسەرچوو، یان بووە بە ئەنتۆلۆجیایەکی تەجریدی، یان بە درێژایی مێژوو بووە بە لاهوتێکی داپڵۆسێنەر. چەرخی ڕۆشنگەریش وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەم لەرێلادانە هاتە ئاراوە کە دەرهەق بە ئایینو پرەنسیپە ئایدیالیەکانی کراوە. ترسناکیی ئەم لەرێلادانە لاهوتییە هیچی کەمتر نییە لەو لەرێلادانە خەتەرانەی دەخرێتە پاڵ مۆدێرنە یاخود گلۆباڵیزمەوە. هەردوو ئەم لەرێلادانە مەترسین بۆ سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ.

ئێستا دەمەوێ بچمە سەر پشکنینی چەمکی ئیسلامی هاوچەرخ، دەمەوێ وەکو نموونەیەکی پراکتیکی بەکاری بهێنم لە پێناوی ڕوونکردنەوەی ئەو وەرچەرخانە مێژووییە گەورەیەی ئەمڕۆ دەیبینینو ئەوەی لە گلۆباڵیزمدا خۆی دەنوێنێت. دەمەوێ بیسەلمێنم کە دیاردەی گەورەی گلۆبالیزم ناچارمان دەکات لە ڕووی فەلسەفیو ئەخلاقیو یاساییو دەزگاییدا هەموو ئەو سیستەمە عەقائیدیو لاهوتییانە جێ بهێڵین کە لە ڕابردووەوە بۆمان ماونەتەوە.

من ئەمە لە تێڕوانینی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی مرۆڤەوە ئەنجام دەدەم، مەبەستم کۆنترۆڵکردنێکی باشی ئەو دەسەڵاتەی مرۆڤ هەیەتی لە پێناوی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤدا (واتە گۆڕینی دۆخی مادیو گوزەرانی مرۆڤ لە ڕێگەی تێکنۆلۆژیاوە، هەروەها گۆڕینی ئەخلاقو هەڵسوکەوتو دابونەریتی مرۆڤ لە ڕێگەی زانستە مرۆڤایەتییە تازەکانەوە). بە کورتی دەمەوێ لە یەك کاتدا ڕەخنە لە کەلەپوری ئایینیو کەلەپوری مۆدێرنەی خۆرئاوایی بگرمو دەمەوێ بگەمە ئەقڵێکی تازەو بەرفراوان کە هەردوو کەلەپوری ئایینیو مۆدێرنەی خۆرئاوایی، تێپەڕێنێت.

## ئیسلامی هاوچەرخ چییە؟

یەکێ لە توێژەرانی ئەمریکا بە ناوی بنیامین باربیر لە ساڵی 1996دا کتێبێکی چاپکرد بە ناونیشانی **"جیهاد دژی گلۆبالێزم. گلۆبالێزمو توندڕەوی دژی دیموکراسی"** تیایدا باسی چەمکی قورئانیو ئیسلامیی جیهاد دەکات. جیهادی خستە جەمسەری تەریب یاخود جەمسەری دژ بە گلۆبالێزم بە مانا ئەمریکیو ئەوروپیە خۆرئاواییەکەی، یان تۆ بڵێ جیهادو گلۆبالێزمی لە ڕووی دیالێکتیکییەوە پێکەوە گرێدا. پاش خوێندنەوەی کتێبەکە تێبینی ئەوە دەکەین نووسەر بایەخ بە جیهاد بە شێوە خۆرئاواییە باوەکەی نادات. واتە بۆ ئەوە لە جیهاد ناکۆڵێتەوە تا ئیدانەی بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی ئیسلام بکات لە ڕێگەی "جەنگی پیرۆز" و جیهادەوە، یان لە پێناوی ئەوەی تیۆرێکی نوێی "جەنگی دادپەروەرانە" گەڵاڵە بکات وەك ئەوەی هەردوو سەرۆك جۆرج بوشو فرانسوا میتران لە کاتی جەنگی کەنداودا کردیان. بەڵکو تێڕوانینێکی تری تەواو جیاواز وەردەگرێت، ئەو پێی وایە ئەو توندوتیژییەی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەلاهەلا دەکات، بە تەنها گوزراشت لە قەیرانە ناوخۆییو ناوەکیەکان ناکات، بەڵکو گوزارشت لە کاردانەوەی ئەو کۆمەڵگایانەش دەکات لە دژی دیاردەی گلۆبالێزم کە لە هەناویدا هەژمونی خۆرئاوایی هەڵگرتووە.

هەروەها ئەو نووسەرە وایدەبینێ ئەو نارەزاییو پرۆتیستۆ توندوتیژانەی دژی گلۆبالێزم ئەنجام دەدرێت، تەنها لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا ڕوونادات، بەڵکو ئەو نارەزاییە لە نێوان هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هاوبەشە، لەوانە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانیش. ئەم کردەوەیە کاردانەوەیەکە لە دژی هێزە نابیناو باڵادەستەکانی گلۆبالێزم. لێرەدا مەبەست لە گلۆبالێزم: ئابووریی بازاڕو، هەژموونی سیستمی دراوو بانکییە بەسەر هەموو جیهاندا، هەروەها هەژموونی تێکنۆلۆژیای نوێو شێوازەکانی ڕاگەیاندنو گەمەکردن بە سیستمی بۆماوەیی مرۆڤو.. هتد. ئەمە کاردانەوەیە لە دژی "توندوتیژیی بونیادیی" کە هێزە نادیارو نابەرپرسەکان لە هەموو سوچێکی دونیادا بڵاوی دەکەنەوە، هێزگەلێك کە لە پشتی پەردەوە بڕیار دەردەکاتو بە هۆی چەند دوگمەیەکەوە جیهان دەجوڵێنێت.

میللەتانی چەوساوەو زەوتکراو بە توندوتیژییەکی جەستەیی ترسناك وەڵامی ئەو توندوتیژییە بونیادییە نادیارو نەبینراوە دەدەنەوە. ئەو میللەتانە بە ناوی بەها تەقلیدییە ئاینییەکانەوە دیاردەکانی گلۆبالیزم ڕەتدەکەنەوەو سڵ لەوە ناکەنەوە کە ئامرازە نوێیەکانی تێکنۆلۆژیا بەکاربهێنن (بڕوانە چۆن بزاوتە فەندەمینتالیستەکان کاسێتی ڕیکۆردەرو ڤیدیۆو سی دی بەکاردەهێننو ئەمڕۆ سەتەلایتو ئینتەرنێتو سەرجەم ڕێگەکانی تری ڕاگەیاندنی تێکنۆلۆژی بەکاردەهێنن).

جیهادی ئیسلامی لە سەرێكو دیاردەی گلۆبالێزمی خۆرئاوایی لە سەرێکی تر، لە هەناوی خۆیاندا هەستی دوژمنکارانەو نائەقڵانیو پشێوییەکی فیکریو مەعنەوی دادەگیرسێنن. ئەمانە شتگەلێکن پێویستییان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە، چونکە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دروستو تەواو لێیان نەکۆڵراوەتەوە. ڕاستە هێزەکان هاوسەنگ نینو قورسایی هێز لە بەرژەوەندیی لایەنە خۆرئاواییەکانە، بەڵام هەردوولا دەبنە مایەی هاتنەدیی یەك ئەنجام. گومانی تیا نییە کە ئامانجەکانی گلۆبالێزمی خۆرئاوایی جیاوازە لە ئامانجەکانی جیهادی ئیسلامیو بزاوتە ئوسوڵییەکانی ئەمڕۆ، بەڵام هەردوولا دەبنە تێکدەرو شکست پێهێنانی ئەو پرۆژە دیموکراسییەی دەیەوێ مرۆڤایەتی ڕزگار بکات.

ئەم توێژەرە ئەمریکییە، بۆئەوەی داکۆکی لە دیموکراسی بکات، دەبینین ناکۆکیو دژایەتیی نێوان جیهاد/ و گلۆبالێزم قەبەو گەورە دەکات.

هێزی یەکەم (واتە هێزی جیهادو فەندەمینتالیست) دەیەوێت هێزە تاریكو تەماوییەکانی دونیای کۆنو جیهانی پێش مۆدێرنە زیندوو بکاتەوە، مەبەست لە هێزە تەماوییەکان: نهێنییە ئاینییەکانو تایەفەی هەرەمی ئاینیو نەریتە رزیوەکانو پەکخستنی پێشکەوتنی مێژووە. بەڵام هێزی دووەم (واتە گلۆبالیزم) لە مۆدێرنەش دوورتر دەڕواتو دەگاتە پۆست مۆدێرنەو تا ئەندازەیەکیش پەرگیرەو دەیەوێت بەرژەوەندیی بازاڕو کڕینو فرۆشتن زاڵ بکات بەسەر مافەکانی ڕۆحو مرۆڤو فیکرو فەلسەفە. تەنانەت ئەمڕۆ دەبینین هێزە تێکنۆکراتەکان هەوڵدەدەن خوێندنی فەلسەفە هەڵوەشێننەوەو گوایە سوودی نییە!

بەم جۆرە ئەو توێژەرە ئەمریکییە هەردوو جەمسەرەکە بە ڕێگەیەکی نێگەتیڤی پیشان دەدات. ئەو بەم کارە دەبێتە دیلی ئەقڵی ڕۆشنگەری، ئەمە لە کاتێکدا گلۆباڵیزم ناچارمان دەکات چاو بە هەموو سیستمە مەعریفیە کۆنەکاندا بخشێنینەوەو بە هەموو سیستمە فیکریو ئەقڵییکاندا بچینەوەو ڕێساکانی ئیپستیمۆلۆجیای مێژوویی ڕەخنەگرانەیان بەسەردا پراکتیك بکەین. واتە گلۆبالیزم (یان پۆست مۆدێرنیزم) ناچارمان دەکات بە خودی ئەقڵی ڕۆشنگەریدا بچینەوە.

گومانی تیا نییە کە بۆچوونی ئەو توێژەرە ئەمریکییە بۆ جیهاد (یاخود دونیای پێش مۆدێرنە) بۆچوونێکی ڕاستە ئەمە ئەگەر تەماشای ئەو بزاوتە ئوسوڵییە – فەندەمینتالیستە هاوچەرخانەی ئەمڕۆ بکەین کە لەسەر بیرۆکەی جیهاد وەستاوە. بەڵام ئەو بۆچوونە لە ڕووی مێژووییەوە وردبین نییە ئەگەر بیر لە قۆناغی کلاسیکیی ئیسلام بکەینەوە کە دەکەوێتە نێوان سەدەی نۆیەمو یانزەهەمی زایینیەوە (واتە نێوان سەدەی سێهەمو پێنجەمی کۆچییەوە) چونکە لەو ماوەیەدا کولتورێکی هیومانیستیو ئەقڵانیی جوان هەبووە بە تایبەتی لە شارە ئیسلامییە گەورەکاندا. ئەقڵی پێشکەوتووی ئەو سەردەمە لە ڕەخنەگرتنو هەڵوێستی هیومانیستانەدا پێش ئەقڵی ڕۆشنگەریی ئەوروپی دەکەوێت (بڕوانە ئەو کتێبەی ئێمە بە ناوی: **مەیلی هیومانیزم لە بیری ئیسلامیدا- نەوەی میسکەوەیهو تەوحیدی،** کە هاشم ساڵح کردوویەتی بە عەرەبیو لە ساڵی 1996 لە دارالساقی لە لەندەن چاپکراوە). بەڵێ ژیاری عەرەبی ئیسلامی ڕۆشنگەرییەکی سەرەتایی بەخۆوە بینیوە کە حەوت سەدە پێش ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپی دەکەوێت، ئەمە ئەو شتەیە کە ئەو توێژەرە ئەمریکییە لە بیری دەکات یاخود نایزانێت.

ئێمە دەزانین ئەقڵی ڕۆشنگەریی ئەوروپی، فارسو تورکو عەرەبەکانی بە گشتی بەکارهێناوە نەك لە پێناوی فراوانکردنی چوارچێوە مەعریفییەکەی، بەڵکو لە پێناوی پێشڕەویکردنی جەنگ لە دژی دوژمنی هەرە گەورەی ئەوسا، واتە لە دژی کەهنوت یان پیاوانی ئاینی مەسیحی. بەڵام سەدەی نۆزدەهەمی کۆلۆنیالی زانستێکی مێژوویىو ئیتنۆلۆجیو سۆسیۆلۆجیو سایکۆلۆجیی وای بەرهەم هێنا کە ملکەچی فەلسەفەیەکی دیاریکراوی مەعریفە بوو. ئەنترۆپۆلۆجیای هاوچەرخ پێی وایە ئەو فەلسەفەیە جۆرێکە لە ئیتنیکی سێنترالیزمی ئەوروپیو ئایدیۆلۆجیای خەباتگێڕی پتر لەوەی فەلسەفەیەکی ڕاستەقینەی کراوەو بەرفراوان بێت.

تێزی سەرەکیی کتێبی ئەو توێژەرە ئەمریکییە کە دژایەتییەکی گەورە لە نێوان جیهادی ئیسلامیو گلۆبالیزمی خۆرئاوایی دادەمەزرێنێت، پێدەچێت تێزێکی سەرنجڕاکێش بێت چونکە لایەنگرییەکی ئاشکرا بۆ دیموکراسیەتی هیومانیستیو گەردوونی پیشان دەدات، بەڵام ناشێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی نووسینی مێژووی ڕەخنەیی فیکر- یان مێژووی ڕەوتە جیاجیاکانی فیکر- کە لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستدا سەریهەڵداوە. دەبێ ئەم مێژووە "گرەوەکانی ماناو ئیرادەی هەژموون"یش بگرێتەوە کەلە سەرەتای دەرکەوتنی دیاردەی ئیسلامی لە نیمچە دورگەی عەرەبی لە نێوان ساڵانی 610 و 632ی زاینیدا لەم ناوچەیە دەرکەوتووە. مەبەستمان لە "گرەوەکانی ماناو ئیرادەی

هەژموون" ئەوەیە کە هەموو بیرێك لە هەناوی خۆیدا بێگوناهیی ماناو بێگەردیی مەعریفە لە سەرێك‌و ئینجا ئارەزووی هەژموون‌و دەسەڵات بەسەر ئەوانیتردا لە سەرێکی تر، هەڵدەگرێت.

بۆچی لە دیاردەی ئیسلامی‌و ڕێك لەو قۆناغەوە دەست پێدەکەین؟ لە پێناوی ئەوەدا نییە کە لە ڕێگەی داکۆکیکردن لە ئیسلامی ڕەسەن‌و "ڕاست‌و دروست" کە جیاوازە لە ئیسلامی جیهادی‌و فەندەمینتالیست، بەرپەرچی جەمسەری جیهاد بدەینەوەو پوچەڵی بکەینەوە، چونکە من لەگەڵ گەورەکردن‌و پیرۆزکردن‌و پاساو بۆ هێنانەوەدا نیم. باوەڕیشم وا نییە ئەو نموونە ڕەسەن‌و ڕاست‌و دروستەی ئیسلام بوونی هەبێت کە بشێت ببێتە تاکە ئەلتەرناتیڤێکی چالاك بۆ گلۆباڵیزم‌و مۆدێرنیزم. بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە جیاوازیی نێوان ئیسلامی ڕاستەقینەو ڕەسەن‌و ئیسلامی جیهادی‌و توندڕەو ناتوانێت لە بەرامبەر تاقیکردنەوەدا خۆی بگرێت. لە ڕاستیدا شێوەی جیهادی‌و فەندەمینتالیستی ئیسلامی لە تێکستە دامەزرێنەرەکانیشدا هەیە.

ئێمە دەبێ لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەیری مەسەلەکان بکەین نەك لە گۆشەنیگای ئایدیالی‌و پیرۆزگەرایی. دەبێ گۆڕانکارییەکانی ماناو گۆڕانکارییەکانی هێزە سیاسی‌و ئابووری‌و تەکنیکی‌و تێکنۆلۆژییەکان پێکەوە گرێ بدەین. لێرەدا هەمیشە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە لە نێوان مانا/ و هێز، نمونەو/ واقیع، پرەنسیپ/ و پراکتیك. دەبێ جارێکی تر چاو بەو تێزەدا بخشێنینەوە کە مێژوونووسی بەلجیکی هێنری بێرین لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا داکۆکیی لێکردووە. ئەم تێزە جارێکی تر، لەگەڵ سەرهەڵدانی پێکدادانی ئەمڕۆی نێوان ئیسلامی ئوسوڵی‌و خۆرئاوادا، هاتە نێو گۆڕەپانەکە. وەك دەزانرێ ئەم مێژوونووسە بەلجیکیە باسی شکستی بەردەوام دەکات لە حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستدا، ئەم شکستە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بەردەوام بووە (بڕوانە کتێبەکەی هێنری بێربینی مێژوونووس بەناونیشانی: **موحەممەدو شارلمان**، کە لە ساڵی 1992 جارێکی تر لە پاریس چاپ کرایەوە). بە هۆی سەرهەڵدان‌و فراوانبوونی ئیسلامەوە درزێکی ڕاستەقینە دروست بووە. کە دەڵێین "درز" مەبەستمان لە توندوتیژییە، هەروەها مەبەستمان لە ئیرادەی هێزو هەژموونە. توندوتیژی پابەندی هێزە. ئیرادەی هێزیش لە لایەن جیهادو "جەنگی پیرۆز" لە نێوەندە ئاینییەکاندا پشتگیری لێدەکرێت‌و پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە، هەروەکو چۆن لە نێوەندە عەلمانییەکاندا لە لایەن "جەنگی دادپەروەرانە" پشتگیری لە "ئیرادەی هێز" دەکرێت. بەڵام ئەو کەسەی بە مانا ئاینییەکەی باسی جیهاد دەکات، باسی لاهوت‌و گرەوەکانی ماناش دەکات. بەم جۆرە لە وشەی "جیهاد"دا، هەردوو لایەنی "ئیرادەی هێز" و "گرەوەکانی مانا" دەچنە ناو هاوجومگەییەکی تۆکمەوە. پاشان جیهاد هەردوو لایەنەکە دەگرێتەوە: (مانا) و (هێز).

گومانی تیا نییە هەردوو ئایینی ئیسلام‌و مەسیحییەت لە ئاینەکانی دیکە زیاتر پەیوەندییان بە مەسەلەی جەنگی پیرۆز یاخود جیهادەوە هەیە. بۆچی؟ چونکە هەردوو ئاینەکە لە چاو سەرجەم ئاینەکانی دیکە پتر لە دنیادا بڵاوبوونەتەوە. بەڵام لە گۆشەنیگای ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیریدا ناکرێت چەمکی جەنگی پیرۆز تەنها لە چوارچێوەی ئایندا قەتیس بکەین. ئەم جەنگە لە عەلمانییەتیشدا بوونی هەیە، بەڵام ئەمان ئەو وەهمەیان لەلا دروست بووە کە گوایە دوورن لە ڕەنگدانی ئاینەکان، ئیدی زاراوەکان دەگۆڕن‌و لە جیاتی جەنگی پیرۆز یان جیهاد، باسی جەنگی دادپەروەرانەو جەنگی ڕەوا دەکەن. تەنانەت ئەم زاراوەیەش نامۆ نییە بە ڕەنگدانی لاهوتی. لەبەر ئەم هۆیە ئێمە وامان پێ باشە زاراوەی "تێڕوانینی سەرجەمگیری ئەنترۆپۆلۆجیای مێژوویی" بەکاربهێنین بۆ ئەوەی هەردوو لایەنی ئاینی‌و عەلمانی تێپەڕێنین. ئەوسا دەشێت سێ زاراوەی پێکەوەبەستراو بەکاربهێنین: **(توندوتیژی)** و **(پیرۆزکردن)** و **(حەقیقەت)**. ئەم سێ زاراوەیە

به شێوەیەکی دیار یان نادیارو به شێوەیەکی ئاشکرا یان شاراوە، لە هەموو فیکرێکی خۆگیرو لە هەموو پرۆسەیەکی بەشەریدا بوونی هەیە. هیچ کۆمەڵگایەکی بەشەری خاڵی نییە لەم سێ شتە پێکەوەبەستراوەی کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

دەبێ لێرەدا ئەم شتە بڵێین: هەموو گوتارێکی مرۆیی لە هەناوی خۆیدا (ئیرادەی هێز) هەڵدەگرێت چونکە ئامانجی ئەم گوتارە ئەوەیە کەوا لەوانیتر بکات قەناعەت بە ماناکانی بکەن. تەنانەت ئەم گوتارەی منیش کە لێرەدا دەینووسم دەچێتە ناو هەمان چوارچێوەوە، ئەگەرچی من هەوڵدەدەم ڕێزی حەقیقەت بگرمو بگەمە بابەتگەرایی. بەڵام هەر ئەوەندەی چوومە ناو دونیای فیکرو نووسینەوە ئەوا بە زەرورەت کێبەرکێی ئەوانیتر دەکەم. من دەچمە ئەودیوی سنوری ئەو مانایانەی ئەوان بەر لە من داگیریان کردووە، بۆیە دواجار ناڕەزایی پیشان دەدەن. هەرچەندیش بیری من بەهێزبێتو بتوانێت ڕووبەرێکی بەرینتر لە ناوچەی مانا داگیربکات، بە قەدەر ئەوە کاردانەوەی ئەوان توندوتیژ دەبێت، چونکە لە شوێنو پلەو ئیمتیازاتی خۆیان دەترسن. لەبەر ئەم هۆیەیە دەبینین جەنگی گوتارەکان یان جەنگی تەوژمە فیکرییەکان لەنێو یەکدیدا، هەڵدەگیرسێت. دەشێت ئەم جەنگەی گوتارەکانو ڕەوتە فیکرییە جیاجیاکان لەگەڵ یەکتردا ببێتە مایەی توندوتیژیی جەستەییو جەنگێکی ڕاستەقینە. دەشێت وشە هەروەکو فیشەك مرۆڤ بکوژێت. جا ئەگەر من لە ڕەخنەکانمدا بگەمە بازنەی ئەفسانەیی پیرۆز یاخود ڕەمزی پیرۆزی حیکایەتە دامەزرێنەرەکان (واتە حیکایەتی دامەزراندنی ئایین)، ئەوسا دەمودەست جەنگی "پیرۆز" یان "دادپەروەر" یان "ڕەوا" لە دژی من هەڵدەگیرسێت. وریابن بە هیچ جۆرێك لەو ناوچە زۆر هەستیارە نزیك نەبنەوە، چونکە لەوانەیە مرۆڤ نرخێکی زۆر گران بدات.

بەڵام ئەمە تەنها بەسەر ئایندا پراکتیك نابێت. کۆمارە عەلمانیە نوێیەکانیش (بۆ نموونە فەرەنسە) حیکایەتی دامەزراندنی خۆیان هەیە کە ڕەواییان بە بەردا دەکات (لێرەدا شۆڕشی فەرەنسی لە جیاتی سروشی مەسیحیی سیستمی کۆن، دەبێتە دامەزراندن). بەڵێ، ڕژێمی کۆماریش هێمای سیاسیی پیرۆزی خۆیو یادەوەریی نیشتمانیی هەیە کە کتێبە مێژووییەکان پێکیان هێناوەو هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە لە زەینی قوتابیاندا چەسپیوە. لەم هێما جەماعیەوە کە زەمەن پیرۆزی کردووە، ناسنامەی نیشتمانی بنج دادەکوتێت، هەروەکو چۆن ئەمە لە ئاگایی ئاینیشدا سەبارەت بە شتە پیرۆزەکان ڕوودەدات. بەم جۆرە بەهای حەماسیو سرووده نیشتمانییەکان تەمجید دەکرێن کە بەسەر سەرکەوتنە مێژووییەکانی نەتەوەو قارەمانە گەورەکانیدا هەڵدەڵێت. واتە پیرۆزکردن لە لایەنی ئاینییەوە گواسترایەوە بۆ لایەنی عەلمانی بە جیاوازیی ناوو ناولێنراوەکان. ئەمە مانای وایە خەڵکی ناتوانن بە بێ "لوتکەی باڵای پیرۆز" بژین، سا ئەو لوتکە پیرۆزە ئایین بێت یان نیشتمان. من بە ئەنقەست ئەو زاراوە ئەخلاقی- سیاسیانە بەکاردەهێنم کە لە مەوعیزەو وتارەکاندا بە ئەندازەیەکی گەورە بەکاردەهێنرێن، ئەمە بۆ ئەوەی ئەوەتان بیربخەمەوە کە لەم ئاستە قوڵەی بەرهەمهێنانو بەکاربردنی مانادا بەنێویەکداچوونێك هەیە لە نێوان هەردوو کارکردی ئایینیو/ سیاسی، یان پیرۆزو/ دونیایی، یان ڕۆحیو/ زەمەنی، ئەم بەنێویەکداچوونەی ئەو دوو فاکتەرە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بە شێوەیەکی نهێنی بەردەوامە، بە ئەندازەیەك کە نابێت جیاکردنەوەی یاسایی نێوان کەنیسەو دەوڵەت فریومان بدات.

ئەم شیکردنەوە تەفکیکییەی زاراوە باوەکان شتێکی ترمان بۆ دەردەخات کە لەلای ڕۆشنبیران ناسراو نییە. شتێکە تایبەتە بە حەقیقەت لەو پەیوەندییە سێ قۆڵییە پێکەوەبەستراوەی نێوان (توندوتیژی) و (پیرۆزکردن) و (حەقیقەت). ئایا حەقیقەت چییە؟ ڕای باو دەڵێت حەقیقەت بریتییە لە هەستکردن بە گونجانی تەواوی نێوان وتن/ و کردار، یان نێوان دەستەواژەی وتراو/ و شتی دەرەکیی هەستپێکراو کە ئەو دەستەواژەیە ئاماژەی بۆ

دەکات، یاخود بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە گونجانی نێوان زمانی ئاسایی/ و ئەزموون یان ئەو مەعریفە زانستییەی هەموو کەسێك لەسەر واقیع پێکیدەهێنێت. دەبینین ئاینەکانو سیستمە میتافیزیکیو ئایدیالیزمەکان لە مێژووی بەشەریەتدا، وەك شتێکی ئەزەلی وێنەی ئەو حەقیقەتەیان کێشاوە، وەك شتێکی جەوهەریو دەگمەنو پیرۆزو بڵندگەراو کۆتاییو خودایی. ئەوان بەو جۆرە وێنەی حەقیقەتیان بۆ کێشاوینو لە زەینی ئێمەدا چەسپاندوویانەو وەك شتێکی ڕەها جێگیریان کردووە. بەڵام بیریاری ڕەخنەگر بە شێوەیەکی جیاواز سەیری حەقیقەت دەکات، حەقیقەت لەلای ئەو بریتییە لە کۆی ئاسەواری ئەو مانایەی کە سیستمی دەلالیی بەکارهێنراو لە زمانەکەیدا بۆ هەموو خودێکی تاکەکەسی یاخود جەماعی دستەبەری دەکات، حەقیقەت لەلای بیریاری ڕەخنەگر بریتییە لە کۆی وێناکردنە خەزنکراوەکان لە لایەن کەلەپوری زیندووی گروپێکی خێڵەکی یان تایفەیەکی ئایینی یان نەتەوە. هەموو نەتەوەیەك یان تایفەیەك پێی وایە کەلەپوورەکەی خۆی حەقیقەتی ڕەهایە. حەقیقەت بە شێوەیەکی ئامادەو کۆتایی جەوهەری پێدراو یاخود شتێکی پێدراو نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە یاخود جێکەوتەیەکە  لە پێکهاتێکی واژەیی یان مەعنەوی بەرهەم هاتووەو دەشێت دواتر هەرەس بهێنێتو پێکهاتێکی تر شوێنی بگرێتەوە، واتە حەقیقەتێکی نوێ شوێنی حەقیقەتە کۆنەکە بگرێتەوە. بەپێی تێڕوانینی نوێی ئیپستیمۆلۆجی، حەقیقەتەکان هەرەس دەهێننو دەمرن، واتە نەمرو هەمیشەیی نین وەك لاهوتی کۆن یان میتافیزیکیای ئایدیالیزم پێی وایە. بەم جۆرە ئێمە دەبێ وێناکردنی تەقلیدییانەی خۆمان لە بارەی چەمکی حەقیقەتەوە بگۆڕین، ئەمەش شتێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو وێناکردنە تەقلیدییە هەر لە منداڵییەوە لە زەینماندا چەسپیوە.

وێناکردنی تەقلیدیو وێناکردنی نوێ بۆ چەمکی حەقیقەت، لە دوو هەڵوێستی ئەقڵیی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن: یەکەمیان دەچێتەوە سەر هەڵوێستی میتافیزیکی کلاسیکی، دووەمیشیان هەڵوێستێکی ئیپستیمۆلۆجیی نوێیە. تا ئەمڕۆش هەڵوێستی یەکەم بەرەنگاریی بەرەوپێشچوونو هەڵکشانی هەڵوێستی ئیپستیمۆلۆجیی نوێ دەکات کە زانستە بایۆلۆجیو مەعلوماتیو کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێنێت. سەرانسەری زانستی نوێ بەرەو ئەوە دەچێت چەمکێکی نوێ بۆ ئەقڵو حەقیقەت پێکبهێنێت. هەندێ کەس ئەمە بە ئەقڵی پۆست مۆدێرنە ناودەبەن کە سنورەکانی ئەقڵی مۆدێرنەش تێدەپەڕێنێت، چونکە ئەقڵی پۆست مۆدیرنە گەورەترو فراوانتڕەو خێراتر بڵاودەبێتەوە. بەڵام من حەزدەکەم بەو چەشنە وەسفی بکەم کە ئەقڵێکە لە قۆناغی گەڵاڵەبوونو شکلگرتندایە. میشێل فۆکۆو زۆری دیش سەلماندوویانە کە چەندین لایەنی ئەقڵی ڕۆشنگەریی بۆ ئەمڕۆ کۆن بووەو بەسەرچووە، لەبەرئەوە لەژێر ناوی "بابەتگەرایی مێژوویی- بڵندگەرایی" ڕەخنەیان لێگرتووە (بڕوانە: **ئارکیۆلۆجیای مەعریفە**، فۆکۆ، 1969). واتە ئەگەرچی ئەقڵی ڕۆشنگەری کارو کۆششی گەورەی ئەنجام داوە بە بەراورد بە ئەقڵی لاهوتیی مەسیحی، بەڵام بە شێوەیەکی تر دیلی ئەو تێڕوانینە بڵندگەراییە بووە کە هەر خۆی ڕەخنەی لێگرتووە، واتە ئەقڵی ڕۆشنگەری نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی لە تێڕوانینی بڵندگەرایی ڕزگار بکات، بۆیە من ئیشکالیەتی ئەقڵی ڕۆشنگەریم بە مێژووگەراییو بڵندگەرایی لە یەك کاتدا، ناوبردووە.

ئێمە دەزانین جولەکەو مەسیحیەکانو موسڵمانان بە دێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لەناو فەزایەکی ئەقڵیدا ژیاون کە ئەمڕۆ پێیدەڵێین "فەزای ئەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاست". مۆدێرنە هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە (یان لە سەدەی شانزەهەمیشەوە، لانیکەم لە ئەوروپادا) ئەو فەزایەی جێهێشتووە. فەزایەك کە لە میتافیزیکاو لۆجیكو ڕەوانبێژیی ئەرستۆوە ژمارەیەکی زۆری چەمكو بیرۆکەیان وەرگرتووەو بە زۆر سەپاندوویانە بۆئەوەی لاهوتی یەهودیو لاهوتی مەسیحیو پاشان لاهوتی ئیسلامی (یان کەلامناسیی ئیسلامی) گەڵاڵە بکەن.

بە هەمان شێوە، دەبینین ئەمڕۆ هەندێ کەس، لێرەو لەوێ شت کۆدەکەنەوەو گوایە بابەتی مەعریفی دەنووسن، ئەوان هەڕەمەکیانە بابەتو میتۆدو سەرچاوەکان هەڵدەبژێرن، لە سیستمی فیکری لاهوتیو ئەقڵی ڕۆشنگەریو ئەقڵی پۆست ڕۆشنگەری یان پۆست مۆدێرنە، پارچەی جیاواز وەردەگرن. ئەم ڕێگە پێچاوپێچەی شێوازی نووسین شوێنی سەرسوڕمانە. بگرە هەندێ کەس هەوڵ دەدات فیکرو زانستە دۆزراوەکانی ئەمڕۆ لەناو تێکستە ئاینییە دامەزرێنەرەکاندا بدۆزێتەوە (وەك: تەوراتو ئینجیلو قورئان) یان لە تەفسیرە هەرە ڕەسمیو ئەرسەدۆکسیەکاندا دەیانەوێ پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیو ئەو چەمکە تازانە بدۆزنەوە. بۆ نموونە جولەکەیەك دەڵێت هەموو ئەو چەمكو بیرانەی مۆدێرنە بەرهەمی هێناون، ماوەیەکی ئێجگار زۆر بەرلەوە لە تەوراتدا هەبووەو هەیە، مومکین نییە لە دوای تەورات هیچ شتێکی تازە هەبێت. هەروەوها مەسیحیەكو موسڵمانێکیش پێیان وایە لە ئینجیلو قورئاندا هەموو شتێك هەیەو باسکراوە. لە ڕاستیدا ئەمە سڕینەوەی مێژوو و مێژووگەراییە، واتە سڕینەوەی مێژووگەرایی ئەقڵیو مێژووگەرایی فیکرە. مێژوو پێمان دەڵێت سیستمی فیکریی مۆدێرنە جیاوازە لە سیستمی فیکریی سەدەکانی ناوەڕاست. بەڵام باوەڕدارێکی تەقلیدی کە بە قوڵی لەنێو یەقینیاتی خۆیدا چەقیوە، ناتوانێت ئەو جیاوازییە ببینێت. ئیمانداری تەقلیدی مێژوو دەسڕێتەوە، واتە شیمانەی سەرهەڵدانی شتی نوێ لە مێژوودا دەسڕێتەوە.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆوی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو کەرامەتی مرۆڤایەتی لە تێکستە دامەزرێنەرەکانی هەرسێ ئاینە تاکپەرستییەکاندا نەبووە، بەڵام ئەمە لە میانی پەیوەندییەکی بنچینەییدا لەگەڵ مافەکانی خودا وێنا کراوە. لەوێدا هەرگیز مرۆڤ سەر بەخۆی نەبووە یاخود چانسی سەربەخۆیی خودیی نەبووە. ئەمە تەنها لە ئەوروپاداو لە پاش چەرخی ڕۆشنگەری ڕوویداوە. ئیدی پاشان مرۆڤ متمانەی بە خۆی هەبووە بە ئەندازەیەك باوەڕێکی تەواوی هەبووە بەوەی کە تەنها ئەقڵی خۆی توانای بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی هەیە. دەشێت سەبارەت بە دیموکراسیەتیش شتێکی لەم چەشنە بڵێین: تۆوی سەرەتایی دیموکراسیەت لە قورئاندا هەیە (الشوری)، **بەڵام لێرەدا فەرقێکی گەورە لە نێوان مانای نوێی دیموکراسیەتو شورادا هەیە.** شورا تەنها لە چوارچێوەی توێژە بڵندو دەسەڵاتدارەکانی پیاوە گەورەکانی موسڵماناندا قەتیس کراوە، بەڵام دیموکراسیەت سەرجەمی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگە دەگرێتەوە بەبێ جیاوازیی ئایینو ڕەگەزو نەژادو هۆزو عەشیرەت. پاشان شورا دیلی فەزای ئەقڵیی سەدەکانی ناوەڕاستە، کەچی دیموکراسی سەر بە فەزای ئەقڵیی مۆدێرنەیە. بەڵام دەشێت شورا پەرەی پێبدرێو فراوان بکرێتەوە تا هەموو میللەت بگرێتەوە، ئەوسا دەشێت شورا لە دیموکراسی نزیك ببێتەوە، دەکرێت هەمان شت سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤیش بڵێین. مەحاڵ بوو لە چوارچێوەی ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستدا بیر لە مافەکانی مرۆڤ بکرێتەوە تەنها لە پەیوەستیدا نەبێت بە مافەکانی خودا. کەواتە ناشێت چەمکە نوێیەکانی سەردەمی مۆدێرنە بەسەر چەرخە دێرینەکاندا بسەپێنین وەك چۆن کەسانی تەقلیدیو ئایدیۆلۆجیست دەیانەوێ بەزۆرەملێ ئەو کارە بکەن. دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان چەرخەکانو قودرەتو تواناکانی چەرخەکان. ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەحاڵ بوو بیری لێبکرێتەوە، لە سەدەکانی مۆدێرنەدا مومکین بوو بیری لێبکرێتەوە، بە هەمان شێوە ئەو شتەی مەحاڵ بوو لە مۆدێرنەدا بیری لێبکرێتەوە، لە پۆست مۆدێرنەدا مومکینە بیری لێبکرێتەوە.

لە بەرامبەر ئەوەدا، دەبێ مۆدێرنە ڕەخنە لە خۆی بگرێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی دایهێناوە ڕاستو مەقبول یاخود سودبەخش نین. ئێمە ئەمە دەڵێینو بە تایبەتیش بیر لە

مەسەلەی ئەخلاقی دەکەینەوە. ئەمڕۆ کۆمەڵگاکانی مۆدێرنە هەست بە پێویستییەکی گەورە دەکەن بۆ گەڵاڵەکردنی چەند پرەنسیپێکی ئەخلاقی کە بتوانێت ئەو ئاژاوە سەرجەمگیرە یاخود ئەو ئازادییە سەرجەمگیرە ڕێکبخات کە مۆدێرنە دەیهێنێتە ئاراوە. کۆمەڵگاکانی مۆدێرنە پێویستیان بە پرەنسیپەکانی ئەخلاق هەیە لە پێناوی ڕێکخستنی ئەو کودەتا گەورانەی زانست دروستی دەکاتو هەروەها بۆ هێورکردنەوەی ئەو مەترسیو دڵەڕاوکێیانەی بایۆلۆجیا خوڵقاندوویەتی. بۆ نموونە ئەمڕۆ زانایانی بایۆلۆجیا بیر لەوە دەکەنەوە لە تاقیگەدا مرۆڤ دروست بکەن! یان مرۆڤ کۆپی بکەنو.. هتد. لێرەدا پێویستە کۆمەڵێ پرەنسیپی ئەخلاقی هەبێت بۆ ئەوەی تەحەکوم بە کاروانی زانست بکاتو لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا پەرەی پێبدات، دەنا ڕووداوی سەیرو کارەساتی گەروە دەخوڵقێت. دەبینین هەندێ لە بیریارە ئەوروپپەکان باسی پێویستبوونی بەها ڕۆحییەکان دەکەن، مەبەست ئەو ڕەهەندە ڕۆحییەی ئینسان کە لەئاسۆی تێکنۆلۆجیای مۆدێرنەدا ون بووە. تێکنۆلۆجیای نوێ وەکو "شت" مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات.

بەڵام ئایا هەموو ئەو شتانە چ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامی هاوچەرخەوە هەیە؟ کێشەکانی ئەم ئیسلامە هاوچەرخە چییە لەناو کێشەکانی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەو ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەی لە ژینگە هەرە پێشکەوتووەکانی ئەوروپیو ئەمریکیدا ڕوو دەدەن؟ باشە بۆچی بابەتەکەم بەو ڕادەیە درێژ کردەوە؟ من بە ئەنقەستو بە شێوەیەکی ڕیشەیی ویستم خۆم لە میتۆدی خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی (یان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی) جیابکەمەوە. چونکە ئەوان ئیسلام لە هەموو شتێ دادەبڕنو لە مێژووی گشتیی ئاینەکانو کولتوورەکانو لە ژیارەکان جیای دەکەنەوە. ئەوان باسی بەها ئاینییە یەهودیو مەسیحیەکان دەکەنو ئیسلام دەردەکەن. سی ساڵ پترە ڕەخنە لە میتۆدی خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی دەگرم. بۆچی؟ چوکە مومکین نییە لە ڕێگەی ئەو میتۆدە کۆنەی خۆرهەڵاتناسییەوە لە ئیسلامی هاوچەرخ بکۆڵینەوە. پوختەی ئەو میتۆدە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی زەمەنی –کرۆنۆلۆجی- ڕاستەهێڵی مێژوویی ئیسلام لە سەرەتاوە تا کۆتایی. تەنها ناوی شوێنو ساڵی ڕووداوەکانو ساغکردنەوەی دەستنووسەکانو گواستنەوەی تێکستەکان وەکو خۆی، تۆمار دەکەن. پاشان باسی چوارچێوە فیقهییەکانی ئیسلام دەکەن بە سیفەتی ئەوەی سیستمێکە لەو (باوەڕ/ ناباوەڕ)ە جێگیرانەی لە لایەن خوداوە جێگیر کراونو ئەم دوالیزمە وشکەی "ئیماندار/ کافر" لەلای باوەڕداران تا ئاخیرزەمان دووبارە دەبێتەوە. ئەوان زانیارییە تەقلیدییەکانی ناو کەلەپوری ئیسلامی وەکو خۆی وەردەگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو... گوایە ئەوان هەقیان نییە بەسەر شیکردنەوەی باوەڕەکان وەك ڕێزێك بۆ هەستیاریی باوەڕی موسڵمانان، تەنها قسەی فەقیهەکان دەڵێنەوە. واتە ئەوان چاودێرێکی دەرەکیو بێلایەننو هەقیان بەسەر عەقیدەی ئەوانی ترەوە نییە.

ئەمەیە میتۆدی "بابەتگەرایی" خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی. ئەمڕۆ هەندێ لە توێژەرە سیاسیەکانی بواری زانستە سیاسیەکان لەسەر هەمان ڕەوت دەڕۆنو پێویست ناکات ناوی کەس بهێنم. ئەوان ئیسلامی هاوچەرخ کورت دەکەنەوە بۆ بزاوتە فەندەمینتالیستەکان. وەك دەزانرێ ئەو بزاوتانە شەهیەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خۆرئاوادا دەوروژێنێ. دەبێ ئەوە بزانین کە ئیسلامی هاوچەرخ لە جیهانی هاوچەرخ دابڕاو نییە، خۆرهەڵاتناسی کلاسیکیو نوێ بۆیان نییە ئیسلام فڕێ بدەنە ناو تایبەتمەندییەکی ئەزەلیو داخراو.

ئیسلامی هاوچەرخ بەشێکە لە کێشەکانی دونیای هاوچەرخ، ئەویش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گەردەلولی گلۆبالیزمەوە. ڕاستە ئەمڕۆ لەسەر دەستی بزاوتە فەندەمینتالیزمەکان دوچاری جۆرێك لە توندڕەوی بووە، ڕاستە دەتوانێت سوپایەکی گەورە لەو لایەنگرانە سازبدات کە ئامادەی هەموو چەشنە خۆبەختکردنێکن. ڕاستە سەرنجی هەموو ستراتیژستە سیاسییەکانی دونیا ڕادەکێشێت کە ئەوانیش کەسانی شارەزاو ڕاوێژکاری

جۆراوجۆریان لە دەوردایە، تیایاندا هەیە لێزانو شارەزایە، هەیشە فێڵزانو دەجاڵەو دەیەوێ شوێنێك لە دەسەڵاتدا بگرێت.

بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین ئەو میحنەتە مێژووییەی کە ئیسلام هەر لە ساڵی 1970ەوە تیایدا دەژیت، دۆخێکی خوڵقاندووە گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەم دۆخە نوێیە کاردەکاتە سەر هەمو ئاینە زیندووەکانی تریش. لە پشتی ئاینەکانیشەوە کاردەکاتە سەر مەرجەکانی بەرهەمهێنانی ماناو چۆنێتی بڵاوبوونەوەو بەکاربردنی ئەو مانایە لە سەرانسەری کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا. لەبەر ئەم هۆیە من سەرەتایەکی درێژو فراوانم لە بارەی گۆڕانەکانی مانا بۆ ئەم باسە کردەوە، هەروەها گۆڕانی ئەو حەقیقەتانەی ئەمڕۆ هەن، واتە چۆن حەقیقەتەکان لەژێر پاڵەپەستۆی دیاردەی گەردوونیی گلۆباڵیزمدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

جا بۆئەوەی ئەو دۆخە مێژووییەی ئەمڕۆی ئیسلامی هاوچەرخ ڕوون بکەمەوە، دەبێ کەمێك بایەخ بە بەدوایەکداهاتنی زەمەنیی ئەو قۆناغە مێژووییانە بدەم کە ئیسلامی هاوچەرخ پیایدا ڕۆیشتووە. بێگومان لێرەدا ژمارەیەکی زۆری کتێب هەن باسی تازەگەریی ئیسلامی یان ئیسلامی نوێ یان ئیسلام لە بەرامبەر مۆدێرنەدا دەکەن. هەموو ئەو کتێبانەش دەگەڕێنەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو تا سەدەی نۆزدەهەم (واتە سەرەتای ڕێنیسانسی عەرەبی). لە ڕاستیدا نابێت ناونیشانی ئەو کتێبانە فریومان بدات، چونکە دانەرانی ئەو کتێبانە بە پلەی یەکەم بایەخ بە پوختەیەکی مێژوویی ئەو ڕۆشنبیرو توێژەرە عەرەبو موسڵمانانە دەدەن کە لە سەردەمی ڕێنیسانسی عەرەبیدا ژیاون. ڕۆشنبیرانی ئەو ڕێنیسانسە هەوڵیانداوە هەندێ میتۆدی ئەوروپی بەسەر مێژووی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پراکتیزە بکەن، واتە هەندێ پارچەو لایەنی ئەو میتۆدە ئەوروپیانەی لە سەردەمی مۆدێرنەی کلاسیکی ئەوروپی (واتە لە سەدەی هەژدەیەمو نۆزدەیەم) سەریان هەڵداوە، لە سیاقی خۆیان دەریانهێناوەو هەوڵیان داوە بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پراکتیزەی بکەن.

دوای ئەوەی چەندین ڕۆشنبیر لە میسرو لوبنانو وڵاتانی دیکەدا نێردران بۆ ئەوروپا، لەوێ ئەو ڕۆشنبیرە عەرەبو موسڵمانانە سەرسام بوون بە مۆدێرنەو دەستیان کرد بە وەرگێڕانی هەندێ لەو شتانەی لە توانایاندا بوو تێی بگەنو وەریبگرن، بەڵام ئەوان فیکری مۆدێرنەی ئەوروپییان لە کۆنتێکستی (سیاقی) خۆی دەرهێناو لە سیاقێکی تردا —کە سیاقی عەرەبیی ئیسلامییە- چاندیان. ئەم گواستنەوەیە بە پێی زیرەکیی دانەرەکان کەم یان زۆر شانسی سەرکەوتنی هەبوو. بە پلەی یەکەم ئەو میتۆدە مێژووگەراییەیان گواستەوە کە لە سەدەی نۆزدەهەم لە زانکۆکانی سۆربۆنو بەرلینو ئۆکسفۆردا بڵاوبوو. ئەویش میتۆدی فیلۆلۆجیی مێژووگەرایی بوو کە سودبەخش بوو بۆ ساغکردنەوەی تێکستو دەستنووسە کۆنەکان، بەڵام ئەو میتۆدە بۆ ئەمڕۆ بەسەرچووە. خۆرهەڵاتناسەکانیش دەستخۆشییان لە سەرکەوتنی قوتابیەکان دەکرد پاش ئەوەی گوایە زانستی ئەوروپیان بۆ وڵاتانی خۆیان گواستۆتەوەو لە زانکۆکانی وڵاتانی خۆیاندا دەرس دەڵێنەوە. بەڵام ئەو سەرکەوتنانە لە واقیعدا زۆر ڕێژەیی بوو. مەبەستم لەو قوتابیانە، هەندێ لەو کەسایەتییانەن کە تا ئەندازەیەکی باش ڕۆڵیان لەو ڕێنیسانسەدا هەبووە، بۆ نموونە: تەها حسێنو زەکی موبارەكو بەشیر فارس. ئەمانە لاسایی میتۆدی خۆرهەڵاتناسەکانیان دەکردەوەو هەوڵیان دا بەسەر ئەدەبی عەرەبیو کەلەپوری ئیسلامیدا پراکتیزەی بکەن، بەڵام ئەم کارە نەدەچووە نێو قوڵایی کەلەپوورو، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چۆنێتی تێگەیشتنی کەلەپوری ئیسلامیدا نەبوو. سا ئەگەر ئەوسا کاریگەرییەکی قوڵو یەکلاکەرەوەیان لەسەر کەلەپوری ئاینی ئیسلامیدا هەبوایە، ئەو بزواتە فەندەمینتالیزمانەی ئەمڕۆ بەو هێزو توندوتیژییەوە دەرنەدەکەوتن. واتە ئەگەر کەلەپوری عەرەبی- ئیسلامی ڕووپێوێکی مێژوویی گشتی

بکرایەو تیشکی ڕەخنەیەکی مێژوویی سەرجەمگیری ئاراستە بکرایە، ئەوا ئەو هەموو شتە ڕووی نەدەدا کە ئەمڕۆ دەیبینین.

ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستەو دەبێ ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکان (ڕۆشنبیرانی عەرەب و تورك‌و فارس‌و وڵاتە ئیسلامیەکانی تر) بە وردی لێی ڕابمێنن‌و بە قوڵی بیری لێبکەنەوە. ئەگەر ڕۆشنگەریی ئیسلامی سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە، ئەوا بزاوتە فەندمینتالیزمەکان بەو هێزەوە دەرنەدەکەوتن کە شەقام‌و ماڵ‌و قوتابخانەو زانکۆو هەموو شتێکیان پڕکردووە. ئەگەر مۆدێرنەی فیکری –تەنانەت بە فۆرمە فیلۆلۆجی‌و مێژووگەراییەکەی سەدەی نۆزدەهەمەمیش- بیتوانیایە چوارچێوە تەقلیدییەکانی بیری ئاینی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوسا ئەو هەموو پرۆسە پەرگیرو توندوتیژو ئەو گوتارە بەسەرچوانەمان لەم سەدەیەدا نەدەبینی. بەڵگەش بۆ ئەمە دەبینین ئەمڕۆ مەسیحییەتی ئەوروپی لە توانایدا نییە بزاوتە فەندەمینتالیزمەکان بەو بارستایی‌و هێزەوە بەرهەم بهێنێت. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەقڵی ڕۆشنگەری لەوێدا بەرجەستە بووەو کاری خۆی کردووەو ڕەخنەی مێژوویی بەسەر تێکست‌و کەلەپوری ئاینی مەسیحیدا پراکتیزە کردووە، میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە قوڵاییدا ئاراستەی مەسیحیەت کراوەو ئاسەوارو دۆگماکانی سەدەکانی پێشووی لێ داماڵیوە. ئەمە ئەو پرۆسە مێژووییە گرنگە بوو کە ڕێنیسانسیستە عەرەب‌و موسڵمانەکان تا ئەمڕۆش نەیانتوانیوە سەبارەت بە کەلەپوری ئیسلامی ئەنجامی بدەن. ئەمە دەڵێم‌و ڕێزیشم بۆ کۆششەکانی ئەوان هەیە بە تایبەتی کۆششی کەسایەتییەکی گەورەی وەکو تەها حوسەین. پاشان ڕۆشنگەریی ئیسلامی لە پشتمانەوە نییە بەڵکو لە پێشمانەوەیە.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە لە پاش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئیخوان موسلمین لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، ترسێك کەوتە دڵی ڕۆشنبیرە مۆدێرنیستەکان‌و ئیدی وردە وردە پاشەکشەیان کردو لە بەرامبەر ئەو تەوژمە کۆنخوازو تەقلیدییەدا قەڵەمەکانیان شل‌و خاوکردەوە، ئەمە وەك لە نوسینەکانی عەباس مەحمود عەقادو تەنانەت لە نوسینەکانی تەها حوسێنیشدا دەرکەوت.

ئەمە بوو بارودۆخی سەردەمی ڕێنیسانسی عەرەبی کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا. ئێستاش، ڕاستەوخۆ لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی (1945) چی ڕوویدا؟ ئەوەی ڕوویدا بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانی‌و سیاسییەکان توانیان هێزی سازدراوی گەورەی ئیسلام لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن لە کاتێکدا توێکاڵێکی تەنکیان لە بۆچوونی عەلمانی‌و نوێگەری‌و سۆشیالیستیی هێشتەوە. بۆچی پارێزگارییان لەو توێژە تەنکەی عەلمانیەت کرد؟ لەبەرئەوەی لە ڕیزەکانی ئەواندا ژمارەیەك خەباتگێڕی کۆمۆنیست یان لیبرالیست هەبوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی سیاسیی کۆماری سێهەمی فەرەنسی کە کۆمارێکی عەلمانییە.

هەروەها ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانیانە هێزی سازدراوی ئیسلامیان لە دژی داگیرکار (ئیستیعمار) بەکارهێنا بۆئەوەی لە ڕووی عەسکەری‌و سیاسییەوە ڕزگاربن لێی. ئەو دۆخەی ئەوسا تا ئەندازەیەك توانی ڕۆڵی خەباتی تەوژمە ئیسلامییەکان بچوك بکات. بەڵام مەسەلەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام نەبوون. لە دوای هەرەسی سوپا عەرەبییەکان لە ساڵی 1967 و لە دوای شکستی جەمال عەبدولناسرو دواتر مردنی لە ساڵی 1970دا، دیسان لە دوای دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەی بەرتەسکبوونی هەژموونی سۆڤێتی‌و لە دوای زۆربوونێکی گەورەی ژمارەی دانیشتوان‌و لە دوای ئاشکرابوونی سنورداریی چەکی پیترۆڵ، هەروەها لە دوای پاشەکشەی شادییەکانی سەربەخۆیی‌و بچووکبوونەوەی بێئەندازەی پرۆژەی سیستمە "نیشتمانییەکان"، بە کورتی لە دوای ئەو هەموو شکستە، گۆڕەپانەکە بە تەواوی چۆڵ‌و ئامادە بوو تا بزاوتە فەندەمینتالیستەکان داگیری بکەن‌و بێنە سەر تەختەی شانۆ. لە ڕاستیدا ئەمە هۆکاری

سەرکەوتنی بزوتنەوە ئوسوڵیەکان بوو. سەرجەمی ئەو فاکتەرە نێگەتیڤانە بوونە مایەی بەرتەسکبوونەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی مەعریفەو زانین لە هەموو وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا. واتە کۆمەڵگە بە هۆی قەیرانو هەژاریو کێشە قورسەکانی، نەیدەتوانی بە ڕووی فیکری ئازادو ڕەخنەگرانەدا بکرێتەوە، بەڵکو تەنها بەرەو بیری فەندەمینتالیزمی تەقلیدی دەڕۆیشت کە لە بابو باپیرانەوە بۆیان مابووەوە. ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەی سەرکەوتنی فەندەمینتالیستەکان بوو نەك بلیمەتیو دۆزینەوە زانستییەکانیان لە بواری بیری ئیسلامیدا!!!

دواتر ئەم فەندەمینتالیزمە لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتو حکومەتدا لە ئێران، سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنا. پاشان گەیشتە هەندێ ناوچەی جیهانی عەرەبیو ئیسلامیو لەوێشدا کەمو زۆرو بە پێی بارودۆخی ئەو وڵاتانە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەم بزاوتە لە یەك کاتدا خەباتی لاوازو جیهانیو شەرعیو قارەمانێتیو ترسناكو تراژیدی درێژە پێدەدات! لە دژی دوژمنێکی گەورە دەجەنگێت کە بە هیچ جۆرێك پێکەوە بەراورد ناکرێن، دوژمنێك دڵنیایە لەوەی دواجار بەسەر ئەو فەندەمینتالیزمەدا سەردەکەوێت. بەڵام ئەو نرخە بەشەرییە گەورەیەی ئەو سەرکەوتنە دەیدات، پاڵی بە بەرپرسە گەورەکانی خۆرئاوا ناوە دەرك بە مەترسیی بەردەوامبوونی شەڕەکە بکەن، دەرك بەوەی مومکین نییە تا کۆتایی، هەردوولا درێژە بە سەرخستنو توندکردنەوەی ئەو شەڕە نابەرابەرە بدەن. چونکە ژمارەیەکی زۆری قوربانیو وێرانییەکی گەورەی لێ کەوتۆتەوە. ئاخۆ بەرپرسە خۆرئاواییەکان بیر لەوە دەکەنەوە سیاسەتێکی دیکە لە ئاستی فەندەمینتالیزم بگرنەبەر؟ ڕۆژانی داهاتوو ئەم مەسەلەیە ئاشکرا دەکات.

دەبێ ئەوە بزانین هەڵکشانی ئیسلامی هاوچەرخ هاوکات بوو لەگەڵ کۆتاییەکانی ئایدیۆلۆجیای تەبشیریی عەلمانی لە خۆرئاوادا (بۆ نموونە ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم یان کۆمۆنیزم). هەروەها هاوکات بووە لەگەڵ ئەو شتەی کە زانای ناوداری بەلجیکی ئیلیا بریگۆجین بە **"کۆتایی یەقینەکان"** ناوی دەبات، یاخود کۆتایی حیکایەتە گەروەکانو ئایدیۆلۆجیا یەقینیەکان، تەنانەت لە بواری زانستیشدا.

لێرەدا چەندین کتێب، لە پەیوەستیاندا بەم کێشەیە، لە فەرەنسەدا چاپکراون. بۆ نموونە ئەم کتێبەی زانای ناوداری بەلجیکی ئیلیا بریگۆجین (کە پاداشتی نۆبڵی لە کیمیادا وەرگرتووە) بە ناوی (کۆتایی یەقینەکان) پاریس 1995، هەروەها کتێبی جیۆلۆجیستی فەرەنسی کلۆد ئەلیگری (کە دواتر بوو بە وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا لە حکومەتەکەی لیونیل جوسپاندا) بە ناوی **"هەرەسی ئەفلاتون"** 1996، هەروەها کتێبی **"هەرەسی فیکر"** لە ساڵی 1987 لە لایەن فەیلەسوفی فەرەنسی ئالان فنکلکرۆ. ئەم کتێبانەو چەندین کتێبی تریش دڵەڕاوکێی ئەو بیریارانە لە ئاستی دنیای هاوچەرخدا دەردەخات کە ئیتر دەبێ بە جۆرێکی تر بیر لە کێشەکان بکرێتەوە تا جارێکی تر نەکەونە نێو سەرکێشییە ستەمکارییەکانی فاشیزمو نازیزمو ستالینیزمەوە.

کەواتە شارستانیەت لە ئاستی دنیادا لە قەیرانی بەهاکاندا دەژی. مۆدێرنەی خۆرئاوایش وەکو جاران متمانەی بە خۆی نەماوە. لە کەشوهەوایەکی لەم چەشنەدا بزاوتە فەندەمینتالیستەکان دەرکەوتنو گەشەیان کرد. ئێمە ئەمڕۆ لەقبونێکی ئاشکرای پرۆژەی "دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی" یان "دەوڵەتی نوێی ناسیونالیزم" دەبینین کە پێشتر لە ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەمدا شکڵی گرتبوو، هەروەها لە بەرامبەریدا ڕاستبوونەوەی ئەو میللەتو کەمایەتییە ئیتنیکیو ئەو گروپە ئیقلیمیانە دەبینین کە بۆ ماوەیەکی درێژ فەرامۆش کرابوونو خرابوونە پەراوێزەوە. ئەو گروپە پەراوێزکراوانە —سا گروپی ئاینی بووبن یاخود عەلمانی- لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە دەچەوسێنرانەوە.

ئەمڕۆ ئیسلامی هاوچەرخ ئەوە دەزانێت کە ئەو بەها ئەخلاقیو فیقهیو یاساییەی سیستمی سیاسیو کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی تەقلیدیی ئیسلامی پشتی پێدەبەست، بۆ ئەمڕۆ بەسەرچووەو لە هەموو لایەکدا ڕەت دەکرێتەوە، چونکە ئەمانە شتگەلێکن کۆن بوونو لەگەڵ ئەم چەرخەدا ناگونجێن، بۆیە بەشێکی زۆری موسڵمانەکان وردە وردە وازیان لەو بەها کۆنانە هێناو بە هۆی فشاری بەها تازەکانی جیهانی نوێ لێی دوورکەوتنەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئیسلامی ئوسوڵی توانای ئەوەی هەیە ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی خۆی سازو ئامادە بکات، ئەوانیش بە زۆری گەنجی تازە هەڵچوونو زانیارییان کەمەو حەماسێکی زۆریان هەیە، بەبێ هیچ سنورو مەرجێك باوەڕێکی تەواویان بە خۆیانو بە گروپەکەیان هەیەو پێیان وایە ئەمان لە خۆرئاوا بەهێزترو لە پێشترنو ڕوانینیان بۆ جیهان ڕوانینێکی هەمیشەییە. لێرەدا یەکێك لە هۆکارە سەیروسەمەرەکانی سەرکەوتنی بزاوتە فەندەمینتالیزمەکان پەنهانە.

لە ڕابردوودا ئایینە گەورەکان، لەوانە ئیسلام، هەمیشە چالاکییەکی ڕاڤەکارییو لاهوتیو فیقهیی گەشەکردوویان هەبووە تا چەند لایەنێکی فیکری بۆ باوەڕو سروتە ئایینییەکان پێکبهێنن (بۆ نموونە سەیری تەفسیرەکانی قورئانو کەلامناسیو فیقه بکە)، کەچی ئەمڕۆ سەبارەت بە ئیسلامی هاوچەرخ یان بزوتنەوە ئوسوڵییەکان کارەکە بەو شێوەیە نییە. ئەم ئیسلامەی ئەمڕۆ بایەخ بە پەرەپێدانی ئەو چالاکییە فیکریو ڕاڤەکارییە نادات کە لە سەردەمی ئیسلامی کلاسیکیو ئیسلامی بەرهەمهێنانو داهێنانو گەشەکردوودا هەبوو. سەبارەت بە ئیسلامی هاوچەرخ دەبینین چوونە نێو کاری سیاسی لە شتەکانی دیکە گرنگترە، واتە ئیسلامی سیاسی لە پێداویستیی داهێنانی فیکریو ڕەهەندی ڕۆحی گرنگترو لەپێشترە. بزاوتە فەندەمینتالیزمەکانی ئەمڕۆ تەنها بیر لە هێزو دەسەڵات دەکەنەوەو بیر لەوە دەکەنەوە بەهەر شێوەیەك بێت بگەنە دەسەڵات. لێرەدا دابڕانێك لە نێوان ئیسلامی هاوچەرخ یان ئیسلامی سیاسیو ئەو ئیسلامە کلاسیکییەدا دروست دەبێت کە فرەیی بیروباوەڕو مەزهەبیی جوانی بەخۆوە بینیبوو، واتە فرەیی باوەڕی مەزهەبە ئیسلامیەکانی وەك مەزهەبی سوننەو مەزهەبی شیعەو موعتەزیلەو فەیلەسووفە ئیسلامیەکانو.. هتد. هەروەها ئیسلامی کلاسیکی کرانەوەیەکی فیکریو ئەقڵیی بەخۆوە بینیو بایەخێکی زۆری بە ئەزموونی ڕۆحیو سوفیزم دەدا، ئەمڕۆ ئەو شتانە لە ئیسلامی هاوچەرخدا نابینین.

دوای ئەوەی باسی ئەو هەموو شتەمان کرد، ئێستا دەبێ بە شێوەیەکی ڕوونتر چەمکی ئیسلامی هاوچەرخ گەڵاڵە بکەین، بۆئەوەی ئەم چەمکە تێکەڵبوونێك یاخود ناڕۆشنییەك لەلای خوێنەری ئەوروپیدا دروست نەکات، یان بۆ ئەوەی ئەو حوکمە پێشوەختو جێگیرانە لەلای خوێنەری ئەوروپیدا لە بارەی ئیسلامو موسڵمانان بەهێزتر نەبێت کە لەلای ئەوان بە هەڵە تێگەیشتنێكو تێکەڵبوونێك هەیە لە نێوان ئیسلامی کلاسیکیو ئیسلامی هاوچەرخدا. ئیسلام ئاینێکە وەکو سەرجەم ئاینەکانی تر، موسڵمانانیش وەك هەموو مرۆڤەکانی تر بەشەرنو دیلی ناو تایبەتمەندییەکی ئەبەدیو هەمیشەیی نین. دەبێ خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئیسلام قەوارەیەکی جەوهەریی وا نییە کە بە درێژایی مێژوو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو نایەت. واتە ئیسلام قەوارەیەکی ئەبەدیو ئەزەلی نییە کە هیچ شتێك کاری تێنەکاتو خۆی کاربکاتە سەر هەموو شتێك. ئەمە تێڕوانینێکی زۆر ئایدیالیستانەو نامێژووییە. ئەوان وا دەزانن ئەم ئیسلامە نموونەییە لە تێکستە دامەزرێنەرەکانەوە (قورئانو فەرموودە) لەدایك دەبێتو کاردەکاتە سەر هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی ئیسلامیان تیادا بڵاودەبێتەوەو بە هەمان ڕەنگی خۆی ڕەنگیان دەکاتو پاشان ئەم ئیسلامە نموونەییە هەموو سەردەمەکان دەبڕێت بێئەوەی هیچ دەستکاریو گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت.

دەبێ زۆر باش ئەوە بزانین کە ئیسلامی هاوچەرخیش هەروەکو ئیسلامی کلاسیکیو ئەو ئیسلامەی لەگەڵ قورئاندا لەدایك دەبێتو دیسان ئەو ئیسلامەی لەتەك پرۆسەی مێژوویی موحەممەددا گەشە دەکات، هەر هەموویان بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی مرۆڤن، پێشدەکەونو شێوەی دیکە وەردەگرنو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. واتە وەك هەر شتێکی تری سەر زەوی ملکەچی پرۆسەی مێژووگەرایییە. ئیسلامی هاوچەرخو ئیسلامی کلاسیکیش بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییانەیە (واتە مرۆڤەکان) کە زۆر جیاوازن لە یەکدیو، لە ئیندونیسیاوە تا ئێرانو تا ئەوپەڕی مەغریب درێژ دەبێتەوە. هەروەها بەرهەمی کاری مەرجە مێژووییە زۆر ئاڵۆزەکانە لە شوێنو کاتی جیاوازدا. لەبەر ئەم هۆیە ئێمە وامان پێ باشە باسی ئیسلامی تەوتەمی یان ئەفتومی بکەین، بەو مانایەی موسڵمانەکان ئیسلامیان کردووە بە جۆرە ئەفتومێکی قەبەو قەبەکراو کە دەتوانێت هەموو شتێك بکاتو کاریگەریی لەسەر هەموو شتێك هەبێت بێ ئەوەی هیچ شتێك کاری تێبکات! هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خۆرئاواییش ئیسلامیان کردووە بە شتێکی ترسناكو خەتەر کە گوایە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ بە قەدەر تاڵە مویەکیش گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە. ئەم وێناکردنە تەجریدیو قەبەکراوە لە بارەی ئیسلام زۆر جیاوازە لەو وێناکردنە مێژووییو واقعیەی مێژوونووس هەوڵدەدات پێی بگات.

دەبێ ئەوە بزانین کە ئیسلام، وەك هەر عەقیدەیەکی ئاینی یان غەیرە ئایینی، بەرهەمی ئەو هێزە هەستپێکراوانەیە کە لە ڕووی باوەڕو ئایدیۆلۆجییەوە پێکیدەهێنێت. ئەمڕۆ ئەو هێزە هەستپێکراوانە بەهێزە شەعبەوییەکان ناودەبرێت نەك هێزی شەعبی- میللی. بۆچی وتمان شەعبەوی؟ چونکە لە ڕێگەی غەریزەو سۆزە دەمارگیرییەکانەوە میللەت سازو ئامادە دەکاتو لێرەدا ئەو میللەتە تا ئاستێك بە ئەقڵ بیرناکاتەوە. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ئەم دیاردە شەعبەوییەی گەورەترو قەبەتر کردۆتەوە کە ئوسوڵیەکان باشتر دەتوانن سازو ئامادەی بکەن. بۆچی؟ چونکە دەوڵەت کەمدەستو بێتوانایە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو ژمارە زۆرەی نەوەی لاوان، بۆیە ئەو لاوانە دەبن بە نێچیرێکی ئاسان بۆ پروپاگەندەی فەندەمینتالیزم. دیاردەی شەعبەوییەتیش بەرهەمی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە، هەروەها بەرهەمی هەڵکەندنی جوتیارانو بەدوەکان لە زەویو ڕەگوڕیشەی خۆیانو کۆچپێکردنیان بۆ دەوروبەری شارە گەورەکان تا دواجار پشتێنی نیگەرانیو شاری لە تەنەکە دروستکراو لە دەوری شارە گەورەکاندا پێکبهێنن. هەروەها ئەمە بەرهەمی هەڵوەشاندنەوەو لەنێوچوونی ناوەندە بازرگانیو ڕۆشنبیرییەکانە (واتە ڕۆشنبیرییەکی پەتیو نووسراو)* نەك ڕۆشنبیریی زارەکی.

بەم جۆرە هەموو فاکتەرەکان هاوکارو هاوشان بوون تا لە میانی بزووتنەوەی شەعبەویدا ڕێگە بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی فەندەمینتالیزم خۆش بکات. ژمارەی دانیشتوانیش بە ئەندازەیەکی گەورە زیادی کرد لە تەك کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شارەکانو لەوێدا بە بێ کار تیایدا نیشتەجێ بوون، ئەمە جگە لە هەرەسی هێما کولتورییەکانیانو ئەو دابونەریتانەی گوندنشینیەکانی کۆدەکردەوەو دەیپاراستن. بەم جۆرە لەنێو شارەکاندا ئاوارە بوونو هەستیان بە ونبوونێکی دووسەرە دەکرد: واتە لە سەرێك ڕیشەکانی خۆیان لە لادێدا لەدەست داو لە سەرێکی تر هیچ ڕیشەیەکی تریان لە شاردا

* من لێرەدا باسی جیاوازیی نێوان ڕۆشنبیریی پەتیو نووسرو/ و ڕۆشنبیریی زارەکی یان میللی دەکەم کە ئەم جیاوازییە گرنگییەکی ئەنترۆپۆلۆجی هەیە. ئەوەی یەکەمیان پابەندە بە دەوڵەت، بەڵام ئەوەی دووەمیان لەنێو هۆزو عەشیرەتەکانو کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا= =بڵاوبۆتەوە کە دوورن لە دەسەڵاتی مەرکەزییەوەو هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیدا لە ململانێدان.

نەدۆزییەوەو شاریش ڕەتی دەکردنەوە. ئەمە جگە لەوەی ڕژێمە سیاسییەکان وازیان لەو گوندییانەی دەوروبەری شارەکان هێناو پشتگوێیان خستن، چونکە ئەو ڕژێمانە سەرقاڵی قۆرخکردنی توندوتیژی شەرعی (واتە داپڵۆسین) بوون، پتر لەوەی سەرقاڵی بەدەستهێنانی ڕەواییەکی دیموکراتی نوێ بن، هەروەها سەرقاڵی دزینو زەوتکردنو تاڵان بوون، ئینجا لێکترازانێکی کۆمەڵایەتیو ئابووریی گەورە دروست بوو لە نێوان کەمایەتییەکی زۆر کەمی دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانو زۆرینەیەکی هەژارو داماو کە لەژێر برسێتییەکی بێئاماندا دەیانناڵاند.

ڕاستە لەو نێوانەدا چەند چینێکی ناوەندی هەن (چینەکانی ناوەڕاست)، بەڵام ئەو چینەش وردە وردە پتر بەرەو پوچیو هەژاری دەڕۆیشت. کەچی بەشی هەرە زۆری خەڵکی یاخود جەماوەری بەرفراوان، ئەوا چارەنووسی ئەوانیش وەك وتمان بریتییە لە هەژارییەکی زۆرو دۆخێکی پەرپووتو شکانو دوورخستنەوەو بێکاریو نائومێدی.

ئیتر لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، چۆن بزووتنەوە ئایدیۆلۆجیو فەندەمینتالیزمە توندڕەوەکان گەشەناکەنو بەهێز نابن؟ ئەم بارودۆخە پڕ لە نیگەرانییە، زۆر گونجاوە بۆ پێکهێنانی خەیاڵێکی یاخیو بۆ ڕاپەڕین، واتە هێنانە ئارای کەشو هەوایەکی گونجاو بۆ تەقینەوە. من وام پێ باش بوو زاراوەی "یاخی" لە بری زاراوەی "شۆڕش" بەکاربهێنم، چونکە شۆڕش پەیوەستە بە بزوتنەوە میللییە ڕاستەقینەکان کە لە لایەن ئایدیۆلۆجیایەکی پێشکەوتنخوازو ئایندەخواز پشتگیری لێدەکرێتو لە ڕاستیدا ئەو شۆڕشە میللییە ڕاستەقینەیە لە هەناوی خۆیدا ئازادیی مرۆڤەکانی هەڵگرتووەو دەیەوێت مرۆڤ بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی ترو دۆخێکی باشتر. ئەو ئایدیۆلۆجیا ئایندەخوازییە ڕەوایی بەو شۆڕشە گەورانە دەبەخشێت کە لە مێژووی دوورو نزیکدا هەڵگیرساون.

من لێرەدا ئایدیۆلۆجیا بە مانای پۆزەتیڤی وشەکە بەکاردەهێنم نەك بە مانای نێگەتیڤی باو. ئەم مانا پۆزەتیڤە بەسەر گوتاری قورئانیشدا پراکتیك دەبێت کە کاری ڕێکخراوەییو سیاسیی پێغەمبەری کرد بە نمونەیەکی ئایدیالی باڵا کە سنورەکانی مێژووی بڕیوە. هەموو ئەم شتانەش لە ڕێگەی ڕەوانبێژییەکی مەجازیی جوانەوە ئەنجام دراوە، واتە ئەو ڕەوانبێژییە مەجازییە جوانەی گوتاری قورئانیی لە زمانی عەرەبیدا پێ جیادەکرێتەوە. پاشان دەرکەوتنی ئیسلام لە چرکەساتی سەرهەڵدانیدا شۆڕشێکی پێکهێنا بە مانا ئیجابیو ڕاستەقینەو پێشکەوتنخوازەکەی وشەی شۆڕش. نەك ئەم بەناو شۆڕشەی ئەمڕۆ کە ئیسلامی هاوچەرخ یاخود فەندەمینتالیزمی هاوچەرخ بانگەشەی بۆ دەکات.

بەم مانایە، لێرەدا تەنها یەك شۆڕشی ئیسلامی لە مێژوودا هەیە ئەویش شۆڕشی پێغەمبەرە، جگە لەم شۆڕشەی موحەممەد، ئەوانی تر لاساییکردنەوەیەکی کەمڕەنگو بێسوودو وشکنو ناتوانن شتێکی تازە بهێنن. سەرهەڵدانی ئیسلام بناغەدانانێکی تازەی مێژووە، یاخود دامەزراندنێکی نوێی نموونەیەك یان مۆدێلێکە پێشتر نەزانراوە. دووپات بوونەوەی گوتاری قورئانی لە نێوەندە کۆمەڵایەتیو کولتورییە جیاوازەکانداو هەروەها لە وەرچەرخانە مێژووییە جیاوازو فرە ڕەنگەکاندا، بەڵگەی دەوڵەمەندیی ئەو گوتارەیە بە هێماگەراییو ئایدیالیزمێکی بڵندگەرا (ترانسندێنتاڵ)، دیسان دەوڵەمەندیی ئەم گوتارە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە مەجازییە باڵاکەی کە چەندین مانا هەڵدەگرێتو دەشێت لە دۆخە مێژووییە جیاجیاکانیشدا پراکتیك ببێت. واتە مانای هێمایی زۆر لە مانای حەرفی بەهێزترو بە پیت ترە. زمانی قورئانیش بە زۆری زمانێکی هێمایی (ڕەمزی) و میتافۆری (مەجازی)یە. بۆیە تا ئەمڕۆش مانای تازە هەڵدەگرێت.

ئەوەی لێرەدا لە بارەی قورئانەوە دەیڵێم بۆ هەموو تێکستە ئایینییە دامەزرێنەرەکانی تری وەکو تەوراتو ئینجیلو ئەوانی تریش دەگونجێت. ئەگەر جارێکی تر عەهدی کۆنو

عەهدی تازە (واتە تەوراتو ئینجیلەکان) بخوێنینەوە، کۆمەڵێ وێنەی مەجازیی جوان دەبینین کە شیعریش تێدەپەڕێنن. پاشان لێرەدا گوتارێکی پێغەمبەری هەیە کە هەرسێ کتێبە ئایینییەکەی: تەوراتو ئینجیلو قورئانی پێ جیادەکرێتەوە (مەبەستم ئەوە نییە ئاینەکانی ئاسیای گەورە فەرامۆش بکەم، بەڵام شارەزاییم لەو ئاینانەی ئاسیای گەورەدا کەمترە). لە گوتاری پێغەمبەریی هەرسێ کتێبە ئاینییەکەدا بونیادێکی زمانەوانیی تایبەتی هەیە کە لەوانەی دیکەی جیادەکاتەوە. واتە ئەم گوتارە، جیاوازە لە کتێبەکانی تەفسیرو کتێبەکانی فیلۆلۆجیا یان فیقهـ. زمانی فەقیهەکانو ڕاڤەکارانو کەلامناسان زمانی قورئان نییە. زمانی قورئان زمانێکی دەرپەڕیوو دەوڵەمەندەو پڕە لە مەجازی جوان کە خاوەن ئەقڵەکان سەرسام دەکات، لە کاتێکدا زمانی ڕاڤەکاران زمانێکی ئاساییو واقیعیو حەرفییە.

کەواتە لێرەدا، سەبارەت بە ئاینەکان، گوتارێکی پێغەمبەرانە هەیە. سەبارەت بە شۆڕشە نوێیە گەورەکانی وەکو شۆڕشی ئینگلیزیو شۆڕشی ئەمریکیو شۆڕشی فەرەنسی، گوتارێکی شۆڕشگێڕیی عەلمانی هەیە. ئەم شۆڕشانە بەرهەمی ئایدیۆلۆجیای چەرخی ڕۆشنگەرین.

لێرەدا دوو ڕووداوی نوێ لە مێژوودا هەن، دوو ڕووداو کە بۆ ماوەی چەندین سەدەی دوورو درێژ بناغەی سەردەمێکی مێژوویی نوێیان دامەزراند. ڕووداوی یەکەم بریتییە لە سەرهەڵدانی گوتاری پێغەمبەری (یاخود دەرکەوتنی پێغەمبەرەکان)، ڕووداوی دووەمیش بریتییە لە سەرهەڵدانی ئەقڵی ڕۆشنگەریو ئەو شۆڕشە سیاسییە گەورانەی دواتر شۆڕشی فەرەنسی ئیلهامی لێوەرگرتن. ئەم شۆڕشە (واتە شۆڕشی فەرەنسی) نێوبانگێکی زیاتری پەیداکردو بوو بە سەرەتای دامەزراندن نەك تەنها بۆ ئاگایی فەرەنسی بەڵکو بۆ سەرانسەری ئاگایی مرۆیی (بە تایبەتی دوای ئەوەی بەیاننامەی ناوداری مافەکانی مرۆڤو هاوڵاتی ڕاگەیاندو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ڕەوایی سیاسیی دامەزراند). گوتاری شۆڕشی فەرەنسی (هەروەکو گوتاری پێغەمبەری) سەرەتایەکی نوێی بۆ بوونی مرۆیی دامەزراند.

چەندین پرەنسیپو نمونەی باڵای پێکهێنا کە ڕێنوێنی مرۆڤیان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ دەکردو بگرە تەحەکومیان پێوە دەکرد. بەڵام فەلسەفەی ڕۆشنگەری کە ئیلهامبەخشی ئەو گوتارە عەلمانییەی شۆڕشی فەرەنسی بوو، ئەخلاقی گشتیو تەشریعو ڕۆحانییەتی لە مەرجەعییەتی ئاینی جیاکردەوە.

ئەو ئەرکەی بە ئەقڵێکی سەروەرو سەربەخۆ بەخشی کە هەموو ڕەواییەکان (مەشروعیەتەکان) دیاری بکاتو هەڵیانبسەنگێنێت. بەم جۆرە بۆ یەکەم جار لە مێژووداو لە کیشوەری ئەوروپا، تەنها لە ئەوروپادا، ئەقڵ شوێنی ئاینی گرتەوە. بەم جۆرە ئەخلاقی عەلمانییانە شوێنی ئەخلاقی ئایینی گرتەوە، یاسای پۆزەتیڤیزمیش شوێنی یاسای کەنیسەیی (یان شەریعەتی مەسیحی) گرتەوە. بەڵام سەرباری گەورەییو مەزنیی ئەم دابڕانە لەگەڵ ڕوانینی میتافیزیکانەی سیستمە لاهوتییە ڕۆحییەکان، هێشتا دابڕانێکی ڕەها نەبوو. ڕاستە دەسەڵاتی ڕۆحیی عەلمانی شوێنی دەسەڵاتی ئایینیو عەهدی کۆنی گرتەوە کە لەسەر مافی خودایی پاشاکان دامەزرابوو (لێرەدا ئەو دابڕانە گەورەیە دەردەکەوێت کە شۆڕشی فەرەنسی دروستی کرد)، بەڵام ڕکابەریو کێبەرکێی نێوان ئەو دوو گوتارە، (واتە گوتاری شۆڕشگێڕانەی فەرەنسیو گوتاری پێغەمبەرانەی مەسیحی یان ئینجیلی)، تا ئەمڕۆش بەردەوامە، یاخود تا ئەمڕۆش کراوەیە. تا ئێستاش ئاینپەروەرو ئاینخوازەکانی ئەوروپا —لە سەرووی هەموویانەوە پاپا یۆحەنا پۆلسی دووەم- خەون بەوەوە دەبینن میللەتانی ئەوروپی بگەڕێنەوە بۆ ئاینی مەسیحیو واز لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بهێنن کە س لە سەدەی نۆزدەهەمەوە باڵادەستە.

ئەگەرچی تەمەنی نموونەی عەلمانی کە لە چەرخی ڕۆشنگەرییەوە هاتۆتە دەرێ، تەمەنێکی کورتە لە چاو تەمەنی نموونەی ئاینی، ئەگەرچی ئەم نموونەیە لە سەرتاسەری

جیهاندا کەمتر باوو بڵاوە، بەڵام دەشێت بڵێین هێزی ڕزگاریبەخشی هەردوولا دوو هێزی بە پیتن.

نموونەی عەلمانی بە بەراورد بە نموونەی ئاینی، شتێکی تازەیە، ئەم نموونەیە لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپاو باکوری ئەمریکادا بڵاوە. کەچی نموونەی ئاینی لە بەشی هەرە زۆری دنیادا بە شێوەی جیاجیا باڵادەستە، لەوانە لە دنیای عەرەبیو ئیسلامی بە گشتی (لەوانەیە تا ئاستێك تورکیا ئەو دەسەڵاتە ئاینییەی تیادا کەمڕەنگ بێت)، هەروەها نموونەی عەلمانی یان مۆدێلی عەلمانی لە فەرەنسەدا تەمەنی دوو سەد ساڵە، کەچی نموونەی ئاینی هەزار ساڵ پترە هەیە (بەڵام هیچ شتێك نییە نیشانەی ئەوە بێت کە فەرەنسییەکان واز لە سیستمی عەلمانی بهێنن تا بگەڕێنەوە بۆ سیستمی کۆنی کەنیسەیی یان ئاینی).

ئەو چارەنووسەی دوچاری شۆڕشی ئۆکتوبەری ساڵی 1917ی بەلشەفیزم بوو، ڕاستگۆییەك پێشکەش بەو شیکردنەوە بەراوردکارییە دەکات کە من لێرەدا خستمە ڕوو. کێ باوەڕی دەکرد ئەو سیستمەی لە هەناوی شۆڕشی 1917ی بەلشەفیزم هاتۆتە دەرێ، بەو خێراییەو وەختە بڵێم بەو ئاسانیەش هەرەس بهێنێت؟ ڕاستە ڕژێمی کۆمۆنیزم بۆ ماوەی حەفتا ساڵ ژیا، بەڵام ئەو ڕژێمە لەو باوەڕەدا بوو بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێتو نامرێت، بگرە باوەڕی وابوو بەنێو سەرجەمی میللەتانی دنیادا بڵاودەبێتەوە، کەچی بەخێرایی هەرەسی هێنا. ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە لە مێژوودا هیچ شتێك نییە کۆتاییو ئەبەدیو هەمیشەیی بێت.

من بۆیە ئەم شیکردنەوە فراوانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەخەمەڕوو، تا بە شێوەیەکی ڕوونتر دۆخی ئەمڕۆی ئیسلامی هاوچەرخ (یان ئیسلامی فەندەمینتالیزم) بخەمەڕوو، واتە بۆئەوەی بیخەمە ناو چوارچێوەیەکی فراوانترو سەرجەمگیرترەوە.

ئێستا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم کە چاودێران بە "شۆڕشی ئیسلامی" ناوی دەبەن بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە خومەینی دەسەڵاتی گرتەدەست. من ناتوانم دۆخی ئیسلامی هاوچەرخ شیبکەمەوە تەنها ئەوکاتە نەبێ کە ماناکانی ئەو ڕووداوە گەورەیە ڕوون بکەمەوە، واتە لە یەك کاتدا بارستاییو سنورداریی ئەو ڕووداوە پیشان بدەم*. دەبێ ئەوە بزانین کە هەموو بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان لە پاڵتۆی ئەو ڕووداوەوە هاتوونەتە دەرێ (واتە ڕووداوی سەرکەوتنی خومەینی بۆ سەر حوکم، یان شۆڕشی ئیسلامی لە ئیراندا —و-)، یان با بڵێین ئەو ڕووداوە متمانەیەکی زۆری بەو بزاوتە فەندەمینتالیزمانە بەخشیو باوەڕێکی زیاتریان بە خۆیان پەیداکرد تا جورئەتی ئەوەیان هەبێ داوای دەسەڵات بکەن یان لانیکەم خەونی پێوە ببینن.

بەڵام بەرلەوەی لە نزیکەوە حاڵەتی شۆڕشی ئیسلامی بپشکنم، حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەو لادانە ئایدیۆلۆجییانە بکەم کە بەسەر هەردوو گوتاری ئاینیو ڕۆشنگەری (یان گوتاری شۆڕشی فەرەنسی)دا هێنراون. وەك وتمان ئەو دوو گوتارە دوو گوتاری بناغەدانەری مێژوون. واتە ئەم دوو گوتارە —هەریەکەیان لەسەردەمی خۆیدا- مێژوویەکی تازەیان بەرهەم هێناوە، بەڵام لە ڕووی زەمەنەوە لێکدابڕاونو لە کێبەرکێداںو بەنێو یەکیشدا چوون. چی بەسەر ئایندا هات؟ مەبەستم هەر ئاینێك بێت، مەسیحیەت بێت یان ئیسلام؟ ئەوەی ڕوویدا بریتی بوو لە: گواستنەوەی ئاین لە قۆناغی گوتاری پێغەمبەرییەوە بۆ قۆناغی گوتاری فیقهی یان لاهوتی یاخود سیاسی (واتە لە قۆناغی یەکەمیداو لە سەرەتای

---

* هاوڕێم داریوش شایگانی بیریاری ئێرانی، بۆ ماوەیەکی درێژ بیری لە گرفتی سەرەکیی شۆڕشی ئاینی کردەوە، بڕوانە کتێبەکەی داریوش شایگان بە ناونیشانی "شۆڕشی ئاینی چییە؟". پاریس 1991.

سەرهەڵدانیەوە پتر ئاینێکی تەنزیهی و ڕۆحانیەو دواتر مۆرکێکی دۆگمایی یان سیاسی لەخۆ دەگرێت)، بەم جۆرە گوتاری پێغەمبەری، کە بە هۆی سروشتە مەجازییە دەرپەڕیوەکەی، بەسەر ژمارەیەکی زۆری مانادا دەکرێتەوە، ئەم گوتارە گۆڕا و بوو بە چەند قاڵبێکی وشكو لەسەر دەستی فوقەهاکانو کەلامناسانو تیۆریستە سیاسییەکان بوو بە گوتارێکی وشكو برینگ، ئەمە بەسەر قورئانو هەروەها بەسەر ئینجیلیشدا هات، چونکە دەیانویست بیکەن بە کۆمەڵێ ئەحکامی فیقهی بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری کۆمەڵگە.

دەشێت هەمان شت سەبارەت بە گوتاری شۆڕشگێڕیی چەرخی ڕۆشنگەریش بڵێین، ئەو گوتارە لە سەرەتادا زۆر کراوە بوو و پڕبوو لە ئەگەرو ماناکان. بەڵام لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسی. ئەو گوتارە بوو بە چەند قاڵبو چەند یاسایەکی فەلسەفی یان تەشریعی –یاسایی و دامەزراوەیی. ئەمەش لە واقیعدا شتێکی سروشتییە، چونکە خەڵکی ناتوانن تا هەتایە لەسەر گوتاری پێغەمبەری یان گوتاری شۆڕشگێڕی بژین. لە قۆناغێکدا ساتەوەختێك دێت دەبێ لە قۆناغی شۆڕشەوە بگوازنەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتو ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگە.

بەم جۆرە ئەو قۆناغە ئایدیالیە جوانە کۆتایی دێت کە مێژوو تیایدا گەش دادەگیرسێت (واتە قۆناغی پێغەمبەرایەتی یان قۆناغی شۆڕش) و دەچینە قۆناغێکی ئارامتر، واتە ئەگەر بشێت بڵێین: لە قۆناغی ڕۆمانسیو شیعرییەوە بۆ قۆناغی واقیعیو پەخشانامێز. واتە دەچینە ناو قۆناغێکی ساردەوە، قۆناغی گۆڕینی دروشمە شۆڕشگێڕییەکان بۆ پراکتیزەکردنیان لەسەر زەویی واقیعدا.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئایدیاو پراکتیکدا هەیە، هیچ کاتێ پراکتیك لە ئاستی پرەنسیپە ئایدیالییەکاندا نییە. بۆیە دەبینین بۆ نموونە ئیمانداران باسی لادان لە پرەنسیپەکان دەکەنو باسی ئەوە دەکەن چۆن لە دوای مەرگی پێغەمبەر لادانێك لە پرەنسیپەکاندا ڕوویداوە. دەشێت هەمان شت لە بارەی ئەو مۆدێلە سیاسییەش بڵێین کە لە شۆڕشی فەرەنسییەوە لەدیك بووەو تا ئەمڕۆش حوکمی وڵاتە دیموکراسییەکانی خۆرئاوا دەکات. گوێمان لە هاوڵاتیانی فەرەنسی دەبێت گلەیی لەوە دەکەن چۆن پیاوانی سیاسەت لە ڕێگای بەرتیلو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە ناپاکییان لە پرەنسیپە باڵاکانی شۆڕشی فەرەنسی کردووە. ئەگەر لە نزیکەوە سەیری مێژوو بکەین ئەوا مومکین نییە بتوانین نکوڵی لەو لەڕێلادانانە بکەین کە لە هەردوو لایەنی خۆرئاوایی و ئیسلامیدا ڕوویداوە. ئیمپراتۆریەتە مەسیحییەکان لە بیزەنتەو خۆرئاوادا لە پرەنسیپەکانی ئینجیل لایانداو تەنانەت پێشێلیشیان کرد ئەگەرچی بە ناوی ئینجیلەوە قسەیان دەکرد، هەموو ئەم شتانە لە پێناوی پێویستییەکانی هێزو دەسەڵاتو فراوانبوون (ئەگینا بۆ نمونە ئینجیل چ پەیوەندییەکی بە جەنگە سەلیبییەکانەوە هەیە؟). دەتوانین هەمان شت سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییەکانیش بڵێین، هەر لە ئومەوییەکانەوە تا عەباسیەکانو سەلجوقیەکانو تا دەگاتە سەڵتەنەتی عوسمانی، هەڵسوکەوتو پرۆسەکانی ئەمانیش لەگەڵ پرەنسیپە ئایدیالەکانی قورئاندا ناکۆك بوون. کەواتە لە هەردوو لایەنی مەسیحیو ئیسلامیدا، سیستمێکی کەهنوتی-لاهوتی لەدایك بوو کە مەبەستە ڕزگاریبەخشەکانی گوتاری پێغەمبەری یاخود پرۆسەی پێغەمبەریی شێواند. ئەگەر سەیرێکی گوتارەکانی ئەمڕۆی فەندەمینتالیستەکانو کردەوەکانیان بکەینو لەگەڵ گوتەو کردەوەکانی پێغەمبەردا بەراوردیان بکەین، ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوانیان دەبینین.

گومانی تیا نییە چەرخی ڕۆشنگەری سەردەمێکی نوێی لە پێشکەوتنو بناغەیەکی تازەی بۆ مێژوو بەرهەم هێنا. بۆچی؟ چونکە گۆڕەپانی فیکری ئەورووپیی ڕزگارکرد لە زانینی هەڵەو لە سیستمە سیاسیو تەشریعییە لە ڕێلادەرو ستەمکارەکان. ئەو سیستمانە بە درێژایی مێژوو لە لایەن دەزگا کەهنوتییەکانی هەموو ئاینەکانەوە شێوەی گرتووە، (لێرەدا

ڕۆڵی پیاوانی ئاینی مەسیحی یان ئەکلیرۆسی مەسیحی زۆر لە ڕۆڵی فوقەهاکانو پیاوانی ئاینی ئیسلامی دەچێت کە تا ئەمڕۆش تیۆریزە بۆ دەسەڵات دەکەن هەروەکو لە ڕابردوودا ئەوەیان کردووەو ڕەواییان بەبەر دەسەڵاتدا کردووە). بەڵام ئەقڵی ڕۆشنگەریش لە قۆناغێکی دواتردا بەرەو سستیو بەستەڵەکی دەڕۆیشت. لە ڕاستیدا ئەمە نەریتو چارەنووسی هەموو ئەو شتانەیە کە سەردەکەونو جێگیر دەبن. ئەو ئەقڵە ڕزگاریبەخشەی ڕۆشنگەری، توانا ئەخلاقیو ڕۆحییەکەی خۆی لەدەست داو بوو بە ئەقڵێکی فراوانخواز کە ئارەزووی لە دەسەڵاتو هەژموونی بەسەر ئەوانی تردا بوو، بۆ نموونە بڕوانە ئەزموونی داگیرکار (ئیستیعمار). هەروەها ئەو ئەقڵە، بە تایبەتی لە فەرەنسەدا، بوو بە ئەقڵێکی دۆگمایی.

ڕاستە ململانێی عەلمانییە ڕۆشنگەرەکان لە دژی ئەکلیرۆسی مەسیحی شتێکی بە پیتو زۆریش پێویست بوو بۆئەوەی ئەقڵەکان ڕۆشن بکاتو پیاوانی ئایین لە دەسەڵات دووربخاتەوە. بەڵام ئەو ململانێیە شێوەیەکی زۆر توندوتیژانەی لەخۆ گرتبوو بە ئەندازەیەك ئاینێکی عەلمانەویی بەرهەمهێنا کە دواتر ئەویش دۆگماتیستیی خۆی ئاشکرا کردو لە پاش دوو سەد ساڵ لە ئەزموونی دەوڵەمەندو بە پیت کەچی بێتوانایی خۆی لە قبوڵکردنی فرەیی ڕۆشنبیری دەرخست. پاشان ڕۆشنگەریش پێویستیی بە پێداچوونەوە هەیەو لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی دوو سەدەی ڕابردوودا دەبێ خوێندنەوەیەکی تری بۆ بکرێت. ئەقڵی ڕۆشنگەری پێویستیی بە نوێکردنەوەو فراوانکردن هەیە.

پێم وایە ئیسلامی هاوچەرخ لە قۆناغێکدایە سنورداریی ئەقڵو بەرتەسکیی ڕۆشنبیریی ئەو گوتارە شۆڕشگێڕییە ئاشکرا دەکات کە چەرخی ڕۆشنگەری بەرهەمی هێناوە. مەبەستم ئەوە نییە بیری ئیسلامیی ئەمڕۆ دەتوانێت شتێکی تازەی وا بهێنێت کە چەرخی ڕۆشنگەری نەیزانیوە، مەبەستم ئەوە نییە بتوانێت کۆمەڵێ بەرەنگاریی فیکری بە ڕووی ڕۆشنگەریدا بەرهەم بهێنێت. هەموو ئەو شتەی ئاینخوازەکان دەتوانن لەم بوارەدا بیکەن، لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە. مەسیحییەتیش –بەر لە ئیسلامی ئەمڕۆ- هەوڵی داوە کاروانی مۆدێرنەی فیکریو زانستیو سیاسی بوەستێنێت، هەوڵی داوە ڕێ لەسەرکەوتنەکانی مۆدێرنە بگرێت یان لانیکەم دوای بخات. ئەگەر سەیری کتێبەکانی مێژووی ئەوروپا بکەین، چیرۆکی ئەو ململانێ گەرمو توندانە دەبینین کە لە نێوان بیریارانی ڕۆشنگەری لە سەرێكو، پیاوانی ئایینی مەسیحی لە سەرێکی تر، هەبووە. ئەمڕۆ ململانێی ئیسلامیش لەگەڵ مۆدێرنەدا زۆر جیاواز نییە لەو ململانێیەی بە درێژایی دوو سەد ساڵی ڕابردوو مەسیحییەت کردی. ئەمە سەرباری ئەوەی بیری ئیسلامی هاوچەرخ لە ڕووی مەعریفییەوە زۆر هەژارە. بە هیچ جۆرێك ناتوانێت بە ڕووی مۆدێرنەدا بوەستێت یان لە ئاستی گفتوگۆی فیکریو فەلسەفیدا ڕووبەڕووی ببێتەوە. چۆن دەتوانێت ئەرگۆمێنتو گفتوگۆ لەگەڵ مۆدێرنەدا بکات، بە تایبەتی لە بارەی بابەتێکی نوێی وەکو گلۆباڵیزمو هەروەها بابەتێکی وەکو: وەزیفەکانی فاکتەری ئاینی لە کۆنتێکستێکی فراوانی وەك کۆنتێکستی (سیاقی) گلۆباڵیزم؟ مەبەستم شوێنگەی ئایین لە کۆنتێکستی پۆست مۆدێرنەدا؛ ئاخۆ لەو سیاقەدا ئایین ڕۆڵی دەبێت؟ چۆن؟

ئیسلامی هاوچەرخ هیچ شتێکی پێ نییە بیڵێت، تەنها ئەو کەسانە لەو خاڵە تێدەگەن کە چوونەتە نێو کێشمەکێشەکانی مۆدێرنەوە. ئیسلام بەر لە هەشت سەدەو هەر لە سەردەمی شکستی **(ئیبن ڕوشد)**ەوە توانای بیرکردنەوەی فەلسەفیی نەماوە. بەڵام ئیسلامی ئەمڕۆ ڕکابەرییەك بۆ کۆمەڵگە ئەوروپیو خۆرئاواییە هاوچەرخەکان پێکدەهێنێت دوای ئەوەی لە ڕێگەی کۆچبەرو جالییەکانەوە تێکەڵیان بوو. ئەم ڕکابەرییە لە بنەڕەتدا لەو ئامادەبوونە سیمیۆلۆجیو سۆسیۆلۆجییەوە خۆی دەنوێنێت کە ئەمڕۆ لە شەقامەکانی

پاریس‌و دەوروبەری، یان لە لەندەن‌و بەرلین‌و ئەمستردام‌و چەندین پایتەختی تری ئەوروپپیدا دەبینرێت.

مەبەستم لە ئامادەبوونی سیمیۆلۆجی، ئەو جلوبەرگە ئیسلامییەی بۆ نموونە ژنی موسڵمان دەیپۆشێت، یان متبەخی مەغریبی‌و تورکی، یان سرووتە ئاینییەکان‌و.. هتد. هەموو ئەم شتانە ڕواڵەتێکی جیاوازو شۆکئامێز سەبارەت بە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان دروست دەکەن. جالیەی ئیسلامی بنکەیەکی سۆسیۆلۆجیی فراوان‌و شوێنگەیەکی دیمۆگرافیی گرنگ لەو ناوچانەدا پێکدەهێنێت. لەبەرئەوە بوونی موسڵمانەکان لەوێدا کاردانەوەیەکی سەلبی یان کاردانەوەی ترس‌و ڕەتکردنەوە لەلایەن دانیشتوانە ئەوروپییەکان دەوروژێنێت کە ئەوان بە قۆناغی ڕۆشنگەریدا تێپەڕیون. ئێمە وامان دەزانی ئەمە وا لە ئەوروپییەکان دەکات پتر لێبوردە بن‌و ئەوانیدی قبوڵ بکەن. بەڵام وەك وتمان هەمیشە جیاوازییەك یان بۆشاییەك لە نێوان پرەنسیپ‌و پراکتیکدا هەیە. سەرجەمی خەڵك لە فەرەنسە یان لە ئەڵمانیا یان لە ئینگلتەرەدا بە هەمان پلە ڕۆشنگەر نین.

دەبێ ئەوە بە بیر بهێنینەوە کە بەیاننامەی ناوداری "مافەکانی مرۆڤ‌و هاوڵاتی" کە شۆڕشی فەرەنسە ڕایگەیاند، تەنها لە ساڵی 1945دا بەسەر مافی دەنگدانی ئافرەتاندا پراکتیك کرا!! واتە لە پاش تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی، شارل دیگۆل فەرمانی مافی دەنگدانی ئافرەتانی دەرکرد. ئەمە واتە لە دوای سەدو پەنجا ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی مافەکانی مرۆڤ‌و هاوڵاتیدا، ئینجا ئەو پرەنسیپانەی شۆڕشی فەرەنسی بەسەر ژناندا پراکتیك کرا!

هەر لە ساڵی 1978-1979وە، شۆڕشی ئیسلامی، جیهانی ناچار کرد بایەخی پێبدەن. ئەم شۆرشە لە ڕێگەی بوێریی سیاسی‌و داواکاریی جیهادی لە دژی جیهانگیری‌و هەژموونی خۆرئاوایی (بە تایبەتی ئەمریکی) خۆی سەپاند. ئایا ئەم دۆخە تازەیە تایبەتمەندی‌و ڕەگەزگەلێکی نوێی هێنایە ئاراوە تا ناچارمان بکات باسی مۆدێلێکی تر یاخود مۆدێلی سێهەم بکەین جگە لەو دوو مۆدێلەی پێشتر باسمان کرد؟ (واتە نموونەی گوتاری ئاینی‌و گوتاری ڕۆشنگەری)؟ سا ئەگەر بیری ئیسلامیی ئەمڕۆ لە ئاستی فیکریدا بێتوانا بێت لە بەرەنگاربوونەوەی مۆدێرنەی خۆرئاوایی، ئاخۆ ئەم شۆڕشە ئیسلامییە دەتوانێت لە ئاستی مێژووییدا بەرەنگاریی مۆدێرنە بکات؟ ئایا دتوانێت بەرەنگارییەکی ناڕاستەوخۆ پێکبهێنێت کە ناچارمان بکات نەك تەنها بە ئەقڵی ڕۆشنگەریدا بچینەوە، بەڵکو بە ئەقڵی پۆست مۆدێرنەشدا بچینەوە؟ ئاخۆ ئەو بوونە سیاسی‌و خۆسازدانە گەورەیەی دیاردەی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی، ناچارمان دەکات چاو بەو بیرو گوتانەی پێشووماندا بخشێنینەوە کە پێمان وابوو گوتەی کۆتایین؟

لە ڕاستیدا من وەڵامێکی ئەوتۆم لەلا نییە تەنها خستنەڕووی ئەو پرسیارانە نەبێت. ئەو پرسیارانە بە ڕێگەیەکی ڕەخنەگرانەو ڕەگوڕیشەیی‌و سەرجەمگیر دۆخی تازەی ئیسلامی هاوچەرخ دەهێنێتە پێشەوە. ئەم ئیسلامە هاوچەرخە هەر لە ساڵی 1970وە (واتە لە پاش مەرگی جەمال عەبدولناسر) چووەتە نێو بەرەنگارییەکی مێژوویی گەورەوە لەگەڵ خۆرئاوادا، یاخود شەڕێکی دۆنکیشۆتانە لەگەڵ خۆرئاوادا دەکات. ئەم شەڕە دۆنکیشۆتییە بە جۆرێکە ئیسلامی هاوچەرخ ناتوانێت بە سەلامەتی تیایدا دەربچێت وەك ئەوەی لە دوای جەنگە ڕزگاریخوازییە نیشتمانیپەروەرییەکان لێی هاتە دەرێ. بەڵکو ئەم دۆخە تازەیەی ئەمڕۆ بەسەر خۆی‌و بەسەر کەلەپورەکەیشیدا ڕەنگدەداتەوە. مەبەستم ئەمەی خوارەوەیە: لە ساڵانی چلەکان‌و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئیسلام وەکو هێزێك بەکارهێنرا بۆ سازدانی جەماوەرو لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانیدا. بە هۆی ئەمەشەوە، کەلەپوری ئیسلامی ڕووبەڕووی هیچ ڕەخنەیەکی سۆسیۆلۆجیی ریشەیی نەکرایەوە. لە

هەموو شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی دوورخرایەوە لەبەرئەوەی وەك هێزو پاڵپشتێکی ئایدیۆلۆجی لە پێناوی خەبات لە دژی داگیرکار بەکارهێنرا.

بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە جیاوازە. دوای ئەو هەموو کارە توندوتیژییە گەورانەی ڕوویانداو ڕوودەدەن، ئەوا ناتوانن ڕێگە لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییو مێژوویی بگرن کە پێویستە لەسەر کەلەپورو ئاینی ئیسلامیدا ئەنجام بدرێت، هەروەکو چۆن لە ڕابردوودا ئەمە بەسەر مەسیحیەتی ئەوروپیشدا ئەنجام دراوە. لەمڕۆ بەدواوە کەلەپوری ئیسلامی ناتوانێت حاشا لەو شۆڕشە ئەقڵییە گەورەیە بکات کە مۆدێرنەی بەرهەم هێناو ئەقڵی مرۆڤی لە کۆتو پێوەندەکان ڕزگار کرد. ئەو شۆڕشە ئیپستیمۆلۆجییە گەورەیەش ئەم مەسەلەیە دەگرێتەوە: چۆن لە کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا مانا بەرهەم دەهێنرێت؟ چۆن ئەو مانایە دەگوازرێتەوەو چۆنیش بەکاردەبرێت؟ ئەمە واتە ئەو مانایەی لە کەلەپوردا هەیە یەکێکە لەو مانا زۆرو بێشومارانەی هەن، واتە مانای ناو کەلەپور مانایەکی ئەزەلیو هەتاهەتایی نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئیماندارە تەقلیدییەکان تێیدەگەن. بەڵکو ئەو مانایەش بە هۆی فاکتەرە مێژووییەکانەوە گۆڕانی بەسەردا دێتو تازە دەبێتەوە. پاشان پراکتیزەکردنی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی بەسەر کەلەپوری عەرەبی- ئیسلامیدا، لەرزینێکی گەروە دروست دەکات کە دەشێت هیچی کەمتر نەبێت لەو لەرزینەی دوچاری کەلەپوری مەسیحی بوو پاش ئەوەی لە چەرخی ڕۆشنگەریو دواتریشدا ئەو میتۆدەی بەسەردا پراکتیزە کرا. پاشان ڕزگاریی گەورەو ڕاستەقینەی جەماوەری موسڵمانان ئەو کاتە ڕودەدات کە دەبێ ئەو نرخە بدەن.

دوای ئەوەی لە قسەکانمدا گەیشتمە ئەم خاڵە، دەبێ ئێستا لە وێستگەی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەمدا بوەستم، واتە باسکردنی هەڵوێستی ئیسلامی هاوچەرخ لە کەلەپورەکەی خۆیو ئەو گرفتانەی ئەو چەشنە هەڵوێستە دەیخولقێنێت.

## چۆن لە کۆنتێکستی ئیسلامیدا لە کەلەپور بکۆڵینەوە؟

لێرەدا هەندێ لەو تەوەرە بنچینەییانە دەهێنمەوە کە پێشترو لە ساڵی 1985دا لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بە ناونیشانێکی نزیك لەم ناونیشانە بڵاوم کردەوە. بەڵام ئەو پێدراوە نوێیانەی بۆ زیاد دەکەم کە لە دوای بڵاوبوونەوەی دیاردەی گلۆباڵیزمو دیاردەی فەندەمێنتالیزم لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی عەرەبیدا هاتوونەتە ئاراوە.

خوێنەر لە لێکۆڵینەوەکەی پێشوومدا تێبینی ئەوە دەکات کە مۆرکی ڕەخنەگرانەی من، دواتر ئەو ڕووداوانە پاساویان بۆ هێناوەتەوە کە لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە. واتە ڕووداوەکان دەیسەلمێنن لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە کەلەپوری ئیسلامی ئەرکێکی زۆر گرنگەو ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستیمان بەو چەشنە لێکۆڵینەوانە هەیە. ئەمە دەڵێمو بیر لەو هەموو کاری توندوتیژییە دەکەمەوە کە لە جەنگی ناوخۆیی ئەمڕۆی جەزائیردا ڕوودەدات. ڕووداوە توندوتیژییەکانی ئیسلامی فەندەمینتالیست پاساوێکی بەهێز بە دەستەوە دەدەن تا دەست بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە کەلەپوری ئیسلامی بکەین. ئەم پرۆژە گەورەیە بە درێژایی قۆناغەکانی پێشوو هەمیشە دوادەخرا، بە بیانووی خەبات لە دژی داگیرکارو ڕزگاریی نیشتمانیو سیاسیو گەڕاندنەوەی دەسەڵات، هەمیشە دەیانوت جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە ڕەخنە لە کەلەپوری ئیسلامی بگیرێت. ڕەنگە ئەم مەسەلەیە لەو کاتەدا تاڕادەیەك ڕەوا بووبێت، بەڵام لە پاش چل ساڵ لە سەربەخۆییو لە پاش ئەو هەموو کارە توندوتیژییانەی بە ناوی ئیسلامو کەلەپوری ئیسلامی ئەنجام دراوەو دەدرێت، ئێستا ئیتر هیچ ڕەواییو پاساوێك بۆ ئەو دواخستنە نەماوەتەوە. بۆیە لە شوێنێکی تردا بانگەشەم بۆ ڕزگاریی دووەم کردووە لە سەرانسەری دونیای عەرەبیو ئیسلامیدا. ڕزگاریی یەکەم بریتی

بوو لە سەربەخۆیی سیاسی، بەڵام ڕزگاریی دووەم بریتییە لە ڕزگاریی فیکری کە تا ئەمڕۆش نەهاتۆتە دیو ماوەیەکی زۆرە لە چاوەڕوانیداین.

هەندێ لە خوێنەران دەزانن کە من چل ساڵ لەمەوپێش چوومەتە ناو پرۆژە سەرەکیەکەی خۆمەوە، پرۆژەی: **"ڕەخنە لە ئەقڵی ئیسلامی"** (بە مانا زمانەوانیو مێژوویو ئەنترۆپۆلۆجیو فەلسەفیەکەی وشەی ڕەخنە). ئەمە پرۆژەی تەمەنە، جا بۆئەوەی هێڵە پانو درشتەکانی ئەم پرۆژەیە دەربخەم ، دەبێ هەندێ زاراوە ڕوون بکەمەوە. سەرەتا دوو چوارچێوە لە چوارچێوەکانی چالاکیی مەعریفیی ئەقڵ لێکدی جیادەکەمەوە، هەردوو چوارچێوە مەعریفییەکەش لەگەڵ دوو چرکەسات لە چرکەساتەکانی مێژووی فیکردا گونجاون. یەکەمیان بریتییە لە (چوارچێوەی شارستانیەتی ناوەند) یان ژیاری سەدەکانی ناوەڕاست، وەك د. گواتانی توێژەر دیاریی کردووە. دووەمیشیان بریتیە لە (چوارچێوەی مۆدێرنە) کە دوو بیریار دیارییان کردووە، فیرنان برۆدێل لە بواری مێژووداو یۆرگین هابرماس لە بواری فەلسەفەدا (یەکەمیان لە کتێبی **"ژیاری ماتریاڵی"** و دووەمیان لە کتێبی **"گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنە"**).

سەبارەت بە چوارچێوەی شارستانیەتی یەکەم (واتە شارستانیەتی ناوەندی یاخود سەدەکانی ناوەڕاست) دەبینین گۆرەپانی ئەقڵ گۆڕەپانێکی داخراوە. ئەقڵ لەو شارستانیەدا یاخود لەو ژیارەدا، لە یەك کاتدا هەم ئەقڵێکی لاهوتیی سێنتراڵی بوو، هەم ئەقڵێکی زمانەوانیی سێنتراڵی (واتە لە دەوری ڕوانینی لاهوتیانەی بووندا چەقی بەستبوو یان دیلی ئەو ڕوانینە بوو و مومکین نەبوو لێی دەربچێت. دیسان لە دەوری زمان یان لۆجیك چەقی بەستبوو، لۆجیك بە مانای پیرۆزی وشەکە: واتە کتێبی پیرۆز). ئەقڵ لەناو ئەو سنورانەدا پرۆسەی خودی خۆی دەکرد کە لە لایەن خوداوەو لە کتێبە پیرۆزەکانیدا جێگیر کراوە.

ماناش لە ڕووی زمانەوانییەوە بۆ یەکەمین جارو بۆ دواهەمین جار لە کیتابدا دارێژراوە. تا کۆتایی دونیاش مومکین نییە هیچ شتێکی تازە دەربکەوێت.

بەڵام لە چوارچێوەی دووەمدا (واتە مۆدێرنە) چوارچێوەیەکی کراوەو فراوانی مۆدێرنیزم دەبینین. مۆدێرنە بەو سیفەتەی پرۆژەیەکی هەمیشەکراوەیەو هەرگیز تەواو نابێت. لەم حاڵەتەدا دەبینین ئەقڵ وەك سێنتەرێکی زمانەوانی دەمێنێتەوە (چونکە لە میانی زمانەوە گوزارشتی لێکراوە) بەڵام هیچ سنورێك نازانێت تەنها ئەو سنورە نەبێت کە خۆی دەیکێشێت. واتە لێرەدا ئەقڵ هەموو کۆتێك ڕەتدەکاتەوە کە لە دەرەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت. سەروەریی ئەقڵ لە چەرخی مۆدێرنەدا سەروەرییەکی تەواوو کامڵە بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیبوو. واتە ئەقڵ خۆی سنورەکانی خۆی دەسەپێنێتو هەر خۆیشی بە بڕیاری خۆی ڕەتی دەکاتەوە. بەڵام نابێت لەم قسەیە وا تێبگەین کە لێرەدا زنجیرەیەکی زەمەنیی بەدوای یەکداهاتوو هەیە لە نێوان چوارچێوەی ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستو چوارچێوەی ئەقڵی مۆدێرنە. سنوری نێوان ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستو ئەقڵی مۆدێرنە، نە سنورێکی شاراوەیە، نە سنورێکی کۆتایی، واتە لە ڕووی زەمەنییەوە سنورێکی جیاکەرەوەو یەکلاکەرەوە نییە تا ئەوەی کەوتبێتە ئەودیوی سنورەکەوە سەر بە ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست بێتو ئەوەیشی کەوتبێتە ئەمدیوی سنورەکەوە سەر بە ئەقڵی مۆدێرنە بێت. نەخێر. بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەندین بیریاری گەورە هەبوون پێش چەرخی مۆدێرنە ژیاون، بەڵام لە سەردەمی خۆیاندا لە هەموو ڕەهەندەکانی فیکری ئەوان تێنەگەیشتوونو لە قۆناغێکی دواتر پێگەیشتوون، بۆ نموونە لە مێژووی ئیسلامیدا کەسایەتیی وەکو تەوحیدیو مەعەریو ئیبن باجەو ئیبن ڕوشدو ئیبن سیناو.. هتد هەبوون. دەشێت لە پێشکەوتووترینو مۆدێرنترین وڵاتی ئەوروپیشدا کەسانێك ببینین تا ئێتساش لە ڕووی ئەقڵییەوە سەر بە سەدەکانی ناوەڕاستبن.

بۆ نموونە هەندێ تەوژمی مەسیحی تەقلیدی یان تەنانەت مەسیحی توندڕەو هەن کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ تەوژمی ئیسلامی تەقلیدیدا نییە، واتە مەرج نییە کەسێك لەم سەردەمەی ئێمەدا بژیت مۆدێرن بێتو کەسێکیش لە سەدەکانی ڕابردوودا ژیابێت مۆدێرنیست نەبێت. بەم مانایە، تەنانەت لە خۆرئاواشدا سەدەکانی ناوەڕاست بە تەواوی کۆتایی نەهاتووە، ئەگەرچی بە کارکردی مۆدێرنە تا ئەندازەیەکی گەورە تەسكو بچووك بۆتەوە. واتە تا ئەمڕۆش ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست بەرەنگاریی ڕەخنەی نوێ دەبێتەوەو هێشتا ئەوەندە وزەی تیادا ماوە دژایەتیی مۆدێرنە بکات ئەگەرچی کاریگەرییەکی کەمڕەنگی هەیە. بەڵام ئەم حاڵەتە لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا تۆختڕەو کاریگەریی ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست گەورەترە.

ئێستا ئەم تێزە تیۆرییە خێرایە بە هەندێ نموونەی عەمەلی ڕوون دەکەمەوە، مەبەستم ئەو نمونانەی بەردەوام لەناو تێڕوانینی ڕەخنە لە ئەقڵی ئایینی، لە میانی نموونەی ئیسلامیدا، ئاماژەم بۆ کردوون. مەبەستم لەو نمونانە ئەم زاراوانەی خوارەوەیە:

**"دیاردەی قورئانی" و "دیاردەی ئیسلامی"** (یان: ڕووداوی قورئانیو ڕووداوی ئیسلامی، کە ئەم دوو دیاردەیە یاخود ئەم دوو ڕووداوە دوو شتی جیاوازن، واتە دوو شتی هاوشێوەو یەکسان نین وەك زۆر کەس لەو باوەڕەدایە). پاشان زاراوەی: پیرۆزکردن (تەقدیس) و پیسکردن یان پێشێلکردنی پیرۆزەکان (تەدنیس) و قوربانیو ئەرسەدۆکسیزم (واتە هێڵی ڕاستو دروستی ئایینی) و زەندیق (واتە لادان لە ڕێی ڕاست)، ئینجا زاراوەی وەکو: ڕاڤە (تەفسیر) و لێکدانەوە (تەئویل) و ڕەخنە لە گوتار هەر گوتارێك بێت. هەروەها زاراوەی بوونگەرایی (وجودی) یان ئەوەی جوڵێنەری بوونە، ئینجا زاراوەی ئەفسانە، خوڵقاندنی درۆو خورافات، خوڵقاندنی بیری ئایدیالیزم، ئایدیۆلۆجیا یان بە ئایدیۆلۆجیاکردن، ڕەخنە یان پەیوەندیی ڕەخنەگرانە.

ئێستا با هەوڵ بدەین کەمێك لەسەر ئەو زاراوانە بوەستین کە پێشتر بۆ ماوەیەکی درێژ سەرقاڵیان کردبووم. کاتێك زاراوەی **"دیاردەی قورئانی"**م بەکارهێنا. خوێنەران بە گشتی وا تێگەیشتن کە هەڵوێستێکی ئیمانیی تەقلیدی وەردەگرم تا پارێزگاری لەو باوەڕە بکەم کە دەڵێت: قورئان هیچ پەیوەندییەکی بە قسەی بەشەرییەوە نییە بەڵکو دەکەوێتە سەرووی مێژووەوە. واتە خوێنەران پێیان وابوو من قورئان دوور دەخەمەوە لە ڕەخنەی مێژوویی نوێو پتر تەرکیز دەکەمە سەر ڕەخنەگرتن لە دیاردەی ئیسلامی بەو پێیەی ئەمەی دواییان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، واتە بەوپێیەی دیاردەی ئیسلامی بەرهەمی ستراتیژە ئایدیۆلۆجییەکانی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانە. دەیانوت ئارکۆن دەیەوێت هەموو سیفەتێکی مێژوویی لە قورئان دامالێتو پاساوی هەموو ناکۆکیو ناتەواوییەکان بخاتە سەر ئەو شتانەی دواتر ڕوویان دا، واتە بیانخاتە سەر دیاردەی ئیسلامی.

لە ڕاستیدا خوێنەران بە هەڵەو بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی من تێگەیشتن. ئەم بە هەڵە تێگەیشتنەی ئەوان دەریدەخات کە زانیارییان لەسەر شێوەی کۆنەو بیرکردنەوەیەکی تەقلیدییان هەیە. واتە هەندێ لە خوێنەران دیلی ناو چوارچێوەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمن کە خۆرهەڵاتناسی نەیتوانیوە جێی بهێڵێت. ئەمە دەڵێمو بێگومان بیر لە ڕەخنەی هەندێ لە هاوڕێ خۆرهەڵاتناسەکانم دەکەمەوە کە ئاراستەی نوسینەکانی منی دەکەن. ئەوان ناتوانن یاخود نایانەوێ ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییە نوێیەی من وەربگرن کە بەردەوام لەوێوە دەستپێدەکەم. واتە من لە تێڕوانینێکی ئیپستیمۆلۆجیی نوێوە دەست پێدەکەم کە تێڕوانینی خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی جێدەهێڵێت پاش ئەوەی شتە باشەکانی لێوەردەگرێت. مەبەستم ئەو تێڕوانینە ئیپستیمۆلۆجیە نوێیەیە کە فەیلەسوفە پێشەنگەکانی ئەوروپا تەبەنی دەکەن کەچی بەشی هەرە زۆری خۆرهەڵاتناسان تا ئەمڕۆش نایانەوێ لەو تێڕوانینە تەسکەی خۆیان دەربچن. لێرەدا جەنگی ئیپستیمۆلۆجیو میتۆدیی من لەگەڵ

خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکیدا دەردەکەوێت، ئەمە هەر هەمان ئەو جەنگەیە کە میشێل فۆکۆو یۆرگن هابرماس‌و پییێر بوردیۆ لە دژی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی خۆرئاوایی هەڵیانگیرساند، ئەو فەلسەفەیەی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە پێی داکوتاوەو خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکیش نایەوێت وازی لێبهێنێت.

ئەو تێڕوانینە نوێیەی لێیەوە دست پێدەکەم بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئایینی، حاڵەتی قورئان‌و لق‌و پۆپە لاهوتییەکانی تێدەپەڕێنێت. واتە بە هەمان شێوە هەموو ئایینەکان دەگرێتەوە. بەر لە من (مالك بن نبی) زاراوەی دیاردەی قورئانیی بەکارهێناوە بەڵام ئەو لە تێڕوانینی مەزنکردن یاخود پیرۆزکردنەوە بەکاری هێناوە، بە هۆی ئەمەوە کتێبەکەی مالك لە نێوەندە فەندەمێنتالیزمەکانی ئەمڕۆدا ڕەواجێکی زۆری پەیداکردووە. بەڵام بەکارهێنانی من بۆ ئەو زاراوەیە زۆر جیاوازە. بۆیە، لەبەر چەندین هۆی جیاوازو دژبەیەك، لە لایەن موسڵمانە تەقلیدییەکان‌و خۆرهەڵاتناسە پۆزەتیڤیستەکان هێرش کرایە سەرم. مسوڵمانەکان بەوە تاوانبارم دەکەن کە من وەك هەر کیتابێك یان وەك دۆکیومێنتێکی مێژوویی ڕەفتار لەگەڵ قورئاندا دەکەم. خۆرهەڵاتناسانیش بەوە تاوانبارم دەکەن گوایە سیفەتی مێژوویی لە قورئان دادەماڵم. هیچ لایەکیان هەوڵی نەداوە بە باشی لە مەبەستی من تێبگات.

### دیاردەی قورئانی

مەبەستم لە **"دیاردەی قورئانی"** چییە؟ مەبەستم ئەوەیە قورئان وەك ڕووداوێك یەکجار لە مێژوودا ڕوودەدات. بە شێوەیەکی وردتر مەبەستم ئەوەیە: قورئان وەك دەرکەوتەیەکی مێژوویی گوتاری زارەکی لە کاتو شوێنێکی دیاریکراودا سەریهەڵداوە. (لێرەدا کات سەرەتای تەبشیرە، شوێنیش ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی- کولتورییەیە کە بریتییە لە دورگەی عەرەبی). لێرەدا پێ لەسەر مۆرکی زارەکییانەی قورئان دادەگرم بەوپێیەی لەسەرەتادا زارەکی بووەو نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە قۆناغێکی دواتردا تەدوین کرا. ئەو گوتارە زارەکییە یاوەریی پرۆسەی مێژوویی بکەرێکی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییە ناوی (موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا) بوو، بۆ ماوەی بیست ساڵ پرۆسەیەکی مێژوویی هەمەچەشنی ئەنجام دا.

من کە ئەو زاراوەیەم بەو شێوەیە داڕشت، ئامانجم ئەوە نەبوو داکۆکی لە ڕەهەندی ئایینیی ئەو گوتارە بکەم یان نەفی بکەمەوە، مەبەستم ئەوە نەبوو پیرۆزی بە بەر ئەو گوتارەدا بکەم یاخود پیرۆزیی لێدامالم، بەڵکو دەمویست وەکو خۆیان باسی مەسەلەکان بکەم. من لە قۆناغی یەکەمی نەخشە میتۆدییەکەمدا دەمویست سەرنج بۆ ئەو مەرجە زمانەوانی‌و کولتوری‌و کۆمەڵایەتییە ڕابکێشم کە ئەو گوتارەی لە لایەن قسەکەرێکەوە بەرهەمهێناوە. یەکەم جار ئەو گوتارە زارەکییە، لە زاری قسەکەرێك، بە زمانێك کە زمانی عەرەبییە، لە ژینگەیەك کە دوورگەی عەرەبییە، هاتۆتە دەرێ، بۆ یەکەم جاریش لە مێژوودا جەماوەرێك گوێی بۆ ئەو گوتارە زارەکییە هەڵخستووە کە جەماوەری عەرەبی قوڕەیشی بوون لە مەککەدا. وەك دەزانرێ ئەو جەماوەرە چەند هەڵوێستێکیان لە بەرامبەر قورئاندا هەبوو، تیایاندا هەبوو لایەنگری بوو و تیایشیاندا هەبوو ڕەتی دەکردەوە.

ئامانجی من لە پراکتیزەکردنی میتۆدی نوێ بەسەر قورئاندا، بریتی بوو لە تەرکیزکردنە سەر ڕەهەندی زمانەوانی‌و سیمیۆلۆجی‌و سۆسیۆلۆجی‌و سایکۆلۆجی‌و ئەنترۆپۆلۆجیی ئەو گوتارە ئایینییە. لە واقیعدا ئەو ڕەهەندانەی ناوم بردن، لە هەموو یەکە زمانەوانییەکانی گوتاری قورئانیدا بونیان هەیە، ئەو یەکە زمانەوانییەی کە تەفسیری ئیسلامیی کلاسیکی‌و تەئویلی فلیۆلۆجیی نوێی خۆرهەڵاتناسی دووریان خستەوە. لێرەدا مەبەستم لە ڕووداوە زمانەوانییەکان، ئایەتێك یان کۆمەڵە ئایەتێك یان سورەتێك یان کۆی

تێکستێکە. پاشان خۆرهەڵاتناسیی پۆزەتیڤیستی هەڵە دەکات کاتێك ئەو ڕەهەندانە لە یەکدی جیادەکاتەوە بە بیانووی ڕێزگرتن لە پسپۆڕیی زانستە جیاوازەکانو تێکەڵ نەکردنیان. بۆ نموونە ئەوان شیکردنەوەی زمانەوانی لە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی جیادەکەنەوە، یان سۆسیۆلۆجیا لە سایکۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیا جیا دەکەنەوەو...هتد. ئەم مەیلە پسپۆڕییە تەسکە هیچ پاساوو مەشروعیەتێکی نییە چونکە یەکەی مانا یاخود یەکێتیی مانا تێکدەشکێنێت. باوەڕم وایە کارکردن لەسەر یەك پسپۆڕی یان یەك میتۆد یان یەك زانست لە زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان شتێکی ناڕاستو نادروستەو ئەمە کاری کورتکردنەوەیەو مەترسیی ئەم کارەش هیچی کەمتر نییە لە مەترسیی ڕێبازی فوقەهاکانو کەلامناسە موسڵمانەکان کە هەموو ڕەهەندێکی مێژوویی قورئان ڕەت دەکەنەوە. لێرەدا باسی ڕێبازی فەندەمینتالیستە توندڕەوەکانی ئەمڕۆ ناکەم کە بە زۆری زۆرداری کۆمەڵێ شت بەسەر گوتاری زارەکیدا دەسەپێنن، مەبەستم ئەو گوتارە زارەکییەی کە لە قۆناغی دواتردا بوو بە تێکستی نووسراو (یان موسحەف). موسحەفیش واتە تێکستێکی تەدوینکراوی ڕەسمیو داخراوو کۆتایی.

گواستنەوە لە قۆناغی گوتاری زارەکییەوە بۆ قۆناغی گوتاری نووسراو، تا ئەمڕۆش لەبەرچاو نەگیراوە، نە لە لایەن ئەو ڕاڤەکارە موسڵمانانەی بایەخ بە هۆکارەکانی دابەزینی قورئانو ناسیخو مەنسوخ دەدەن، نە لە لایەن ئەو خۆرهەڵاتناسانەش کە میتۆدی فیلۆلۆجیی پۆزەتیڤیزمو مێژووگەرایی دەگرنە بەر. گوتاری زارەکی بە درێژایی بیست ساڵو لە بارودۆخێکی زۆر جیاوازو لە بەرامبەر جەماوەرێکی سنورداری خەڵکیدا، لە زاری پێغەمبەرەوە واژە کراوە. ئێمە هەرچەند هەوڵبدەین مومکین نییە بتوانین بگەینە زانینی ئەو بارودۆخە جیاوازەی ئەوساو ئەو تەرو تازەییەی گوتاری زارەکیی ئەو دەمە کە لەزاری پێغەمبەرەوە هاتۆتە دەرێ. ئێمە هیچ زانیارییەکی دروستمان لەسەر ئەو سەردەمەو ئەو بارودۆخەی ئەوسا (واتە چرکەساتەکانی ژیانی پێغەمبەرو سەرهەڵدانی قورئان) نییە. ئەمە لەگەڵ مەرگی پێغەمبەرو دواتر لەگەڵ مەرگی ئەسحابەکاندا کۆتایی پێهاتو بۆ هەتاهەتایە ون بوو.

پاشان پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغی گوتاری زارەکییەوە بۆ قۆناغی تێکستی نوسراو، چەندین گرفت دەخاتە ڕوو کە هیچ کەسێ بیری لێناکاتەوە. لەمەش سەیروسەمەرەتر، لەلای خۆرهەڵاتناسە گەورەکان ئەم زاراوە بنچینەییەم نەبینیوە: "موسحەف تێکستێکی تەدوینکراوی ڕەسمیو داخراوو ئامادەو کۆتاییە". چەمکی "موسحەف" لەلای ئەوانو لەلای موسڵمانە تەقلیدییەکاندا بەبێ هیچ بەدواداچوونێكو هیچ لێکۆڵینەوەو پشکنینێك، وەرگیراوەو قبوڵ کراوە، تەنها ئەو بەدواداچوونەی فیلۆلۆجیای تێکستگەرایی نەبێت کە میتۆدی فلیۆلۆجی بەسەر تێکستەکاندا پراکتیزە دەکات لە پێناوی ڕاڤەکردنیاندا.

لەبەر ئەم هۆیە زاراوەی "دیاردەی قورئانی" یان "ڕووداوی قورئانی" لە لایەن خۆرهەڵاتناسان قبوڵ نەکراوەو پێیان وابوو ئەمە لە ڕووی زانستییەوە پاساوی نییە.

گواستنەوە لە قۆناغی گوتای زارەکییەوە (واتە قورئان کە لە سەرەتادا زارەکی بوو) بۆ قۆناغی تێکستی نووسراو (واتە موسحەف)، لە دوای چەندین پرۆسەی لابردنو هەڵبژاردنو دەستکاریی زمانەوانیی، ئینجا ئەنجام درا. واتە لەو کاتەوەی ئایەتو سوورەتەکان زارەکی بوون تا ئەو کاتەی کران بە تێکستی نووسراو، بە چەندین پرۆسەی دەستکاریدا تێپەڕیوە. واتە سەرانسەری گوتاری شەفەهی-زارەکی تەدوین نەکراوەو نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە ڕێگادا زۆر شتی لێ ون بووە. واتە لەو ماوە درێژەی بەینی گوتاری زارەکیو گوتاری نووسراودا زۆر شت لابراوە یان ون بووە. هەندێ دەستنووسیش لە نێو براوە، بۆ نموونە موسحەفەکەی ئیبن مەسعود، دیار نییە، دەشێت ون بووبێت یان لەنێو برابێت. بۆچی؟ چونکە پرۆسەی کۆکردنەوەی ئایەتو سورەتەکان لە بارودۆخی ململانێیەکی گەرمو توند

لەسەر دەسەڵاتو مەشروعیەت ئەنجام دراوە. ڕەخنەی فیلۆلۆجیی خۆرهەڵاتناسیی، ئەم مەسەلەیەی سەلماندووە، ئەمەش خاڵێکی بنچینەیی ئەو میتۆدە فیلۆلۆجییەیە.

واتە من نامەوێ نکوڵی لە لایەنە باشەکانی خۆرهەتناسی بکەم بە تایبەتی ئەو خزمەتە زانستیانەی پێشکەشی کەلەپوری ئیسلامیی کردووە. هەموو ڕۆشناییە مێژووییەکانی ئەو کەلەپوورە، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ، لەسەر دەستی میتۆدی فیلۆلۆجیی خۆرهەڵاتناسیدا ئەنجام دراوە. بەڵام من ڕەخنە لە کەموکورتیەکانی میتۆدی فیلۆلۆجی دەگرم کە هیوادارم میتۆدە نوێیەکانی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان ئەو کەموکورتییە پڕبکەنەوە. وەك زۆر جاریش وتوومە میتۆدی فلیۆلۆجی کە خۆرهەڵاتناسی پەیڕەوی دەکات، هەنگاوی یەکەم یان قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوەیە، پاش ئەوە ڕۆڵی پراکتیك کردنی میتۆدە نوێیەکان دێتە پێشێ کە کاریگەریی ئیجابیی سەلماندووە، بە تایبەتی ئەو کاتەی بەسەر خودی کەلەپوری ئەوروپیدا پراکتیزە کراوە.

دەگەڕێمەوە بۆ بایەخی جیاکردنەوەی نێوان قۆناغی گوتاری زارەکیو قۆناغی گوتای نووسراو، ئێمە دەتوانین ڕۆشنایی زیاتر بخەینە سەر نەك تەنها تێکستی قورئانی، بەڵکو ڕۆشنایی بخەینە سەر هەموو تێکستە ئاینیە بنچینەییەکانی وەکو تەوراتو ئینجیل. واتە تەوراتو ئینجلیش لە پاش مردنی موساو عیسا بە ماوەیەکی درێژ، ئینجا دەستکرا بە نوسینەوەیان. ئەوسا تەنها بەوە واز ناهێنین بە دوای چەندێتیی ڕاستو دروستی ئەو کۆپلەو تێکستانەدا بگەڕێین کە گواستراونەتەوە بۆ تێکستی نووسراو وەك ئەوەی ڕەخنەی فیلۆلۆجیی خۆرهەڵاتناسی ئەمە دەکات، بەڵکو ئێمە لە گۆشەنیگایەکی زۆر کراوەتر مەسەلەکان دەخەینەڕوو.

خەمی سەرەکیی ئێمە بریتی دەبێت لە: دیاریکردنی شوێنی مەعریفی-ئیپستیمۆلۆجیی مانای بەرهەمهێنراوی گوتاری زارەکی لە هەردوو ئاستی زمانەوانیو مێژووییدا، هەروەها جیاوازیی ئەمە لەگەڵ شوێنی ئیپستیمۆلۆجیی تێکستی نووسراو. ئەمە شتێکە بە شێوەیەکی تایبەتی زانا زمانەوانییەکان دەیزانن کاتێك باسی ئەو بارودۆخە گشتییە دەکەن کە بۆ یەکەمین جار گوتاری زارەکیی تیادا وتراوە. بە هیچ جۆرێك مومکین نییە بتوانین بگەینە ئەو بارودۆخەی ئەوساو نازانین بە تەواوی چی ڕوویداوەو چۆن ئەو گوتارە زارەکییە وتراوەو وەرگیراوە، چونکە لەو کاتەدا نە کاسێتی ڕیکۆردەر هەبووە نە کامێراو فیلمی ڤیدیۆیی تا پیشانمانی بدات پێغەمبەر بە چ جۆرێك قسەی لەگەڵ ئەسحابەکاندا کردووەو چۆن بۆ یەکەم جار قورئانی بۆ خوێندوونەتەوە. ئەمە مەسەلەیەکە تەواو بووەو تازە ناگەڕێتەوە تا بزانین لەو سەردەمەدا بە تەواوی چی ڕوویداوە. هەروەها ئێمە ئاگاداری ئەو مشتومڕە گەرمە نین کە لەبارەی جێگیرکردنو چەسپاندنی نوسخەی ڕەسمیی موسحەف ئەنجام دراوە، تەنها ئەو شتە دەزانین کە لە کەلەپوردا باسکراوە دوای ئەوەی هەندێ لایەن لەو ململانێیەدا سەرکەوتنو هەندێ لایەنی تریش هەرەسیان هێنا. ئەو کەلەپورە ڕەسمییەیش کە بە هێزی دەسەڵات پارێزراوە، تەنها گێڕانەوەی خەتی سەرکەوتوو یان لایەنە سەرکەوتووەکان دەپارێزێتو گێڕانەوەکانی تر دەسڕێتەوە. دەشێت بڵێین مێژووی داخستنی ئەو گفتوگۆو مشتومڕانەی لە بارەی تێکستی قورئانییەوە کراون، دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی تەبەڕی **(الطبري)** کە لە ساڵی 923ی زاینیدا کۆچی دوایی کردووە.

تەفسیری تەبەڕی  دامەزراندنێکی سەرەتایی بوو بۆ ئەرسەدۆکسی ئیسلامی، واتە ئەو هێڵە ڕەسمیەی دواتر بڵاوبووەوەو وەك تاکە هێڵی ڕاستو دروست هەژمونی خۆی سەپاند، جگە لەم هێڵە ئەوانی دی لە ڕێلادەرو فریودەرن! بەم جۆرە دەبینین لێرەدا گۆڕانێکی بەردەوامو ئاڵۆزی مێژوویی هەیەو پڕە لە ململانێو ئەمەش دواجار بووە مایەی پێکهێنانی تێکستی ڕەسمیی تەدوینکراو بە شێوەیەکی کۆتاییو داخراو.

ئیسلام‌و کەلەپوری ئیسلامی تا ئەمڕۆش بە جۆرێك لەگەڵ مۆدێرنەدا ژیاون یان با بڵێین بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ مۆدێرنەدا کردووە وەك ئەوەی پەلامارێکی فیکری تەنانەت غەزوێکی دوژمنکارانەش بووبێت، نەك بە سیفەتی ئەوەی مۆدێرنە دیاردەیەکی مێژووییەو لە یەك کاتدا هەم لۆکاڵی (ناوچەیی) و هەم یونیفێرسالی (گەردوونی)یە. مەبەستم لەوەی کە مۆدێرنە دیاردەیەکی لۆکاڵییە واتە لە شوێنێکی دیاریکراودا سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە کە ئەوروپایە، مەبەستیشم لە گەردوونی واتە خواستی ئەوەیە کە مۆدێرنەو پرنسیپەکانی مۆدێرنە بەسەر تێکڕای میللەتانی سەر زەویدا بڵاوبکاتەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین بۆچی، لە نێوان هەردوو سەدەی نۆیەم‌و سیانزەیەمی زاینیدا، چالاکیی فیکری لەو ناوچانەی ئیسلامیان تیادا بڵاوبووەوە، خاو بووەو پاشان نەما؟ بۆچی لە پاش سەدەی سیانزەهەم ئەو چالاکییە فیکری‌و زانستی‌و فەلسەفیە لە ئەوروپادا گیرسایەوەو لەوێدا گەشەی کرد؟ بە مانایەکی تر: بۆچی ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی کەوتبوونە کەناری باشورو ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست، پاشەکشەیان کرد، لە بەرامبەریدا وڵاتانی ئەوروپای مەسیحی لە کەناری باکورو خۆرئاوای دەریای ناوەڕاستدا بووژانەوە؟

وەك دەزانن ڕێنیسانس یەکەم جار لە ئیتالیا سەریهەڵداوە پاشان فەرەنساو ئینگلتەرەو وڵاتە ئەوروپییەکانی تریشی گرتەوە. واتە ڕێنیسانس لە ئیتالیاوە گواسترایەوە بۆ سەرانسەری ئەوروپا. ئیدی قۆناغ لە دوای قۆناغ **"مۆدێرنەی مادی"** و **"مۆدێرنەی فیکری"** وردە وردە پتر گەشەیان کردو شێوەیان گرت، کەچی دونیای عەرەبی‌و ئیسلامی هیچ ڕۆڵێکی لە پێکهێنانی مۆدێرنەدا نەبووە. باشە بۆچی دونیای عەرەبی- ئیسلامی لەم سەرکێشییە مێژووییە گەورەیەی مۆدێرنەدا ئامادە نەبوو؟ پاشان بۆچی تا ئەمڕۆش هێزگەلێکی گەورە دروست بوون‌و دروست دەبن کە خۆرئاواو مۆدێرنە ڕەتدکەنەوە؟

ئەو هێزگەلانە ئەمڕۆ بوون بە یەکێ لە جەمسەرە بنچینەییەکانی هێزەکانی دنیای هاوچەرخ کە ستراتیژیستە نێودەوڵەتیەکان حیسابیان بۆ دەکەن. فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بووە بە جەمسەری دژ بە خۆرئاواو گلۆباڵیزم‌و مۆدێرنە بە تایبەتی لە پاش هەرەسی کۆمۆنیزم کە دەسەڵاتی لیبرالیزمی ڕەهاو بێسنور بە تەواوی باڵی بەسەر خۆرئاوادا کێشا. پەیوەندیی خۆرئاوا بە فەندەمینتالیزم، جارێکی تر ئەو پەیوەندییە جەدەلییە هەمیشەییەی نێوان براوەو دۆڕاو بەرجەستە دەکات. گلۆباڵیزمی فراوانخوازی خۆرئاوایی براوەیەو جیهادی ئیسلامیش دۆڕاو، سەرباری ئەو هەموو شتانەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خۆرئاوایی لە بارەی ترسی خۆرئاوا لە فەندەمینتالیزم دەیڵێت.

گومانی تیا نییە کە توێژەری ئەمریکی ب. ر. باربێر باشی بۆچووە کاتێك ئەو ستراتیژە سیاسی‌و ئابووری‌و یاساییانەمان بۆ دەخاتەڕوو کە گلۆباڵیزمی خۆرئاوایی، بۆ هەژموون بەسەر جیهاندا، دەیگرێتەبەر. هەروەها بۆچوونێکی دروستی لە شیکردنەوەی دیاردەی جیهاددا دەربڕیوەو لایەنە زەوتکردنەکانی ئەو دروشمانە ئاشکرا دەکات کە بزاوتە فەندەمینتالیزمەکان بەرزی دەکەنەوە. بەڵام من لەویش دوورتر دەڕۆم لە شیکردنەوەی گرەوە قوڵەکانی مانا لەپەیوەستیدا بەو پێکدادانە ڕاستەوخۆیەی لە نێوان گلۆباڵیزم‌و/ فەندەمینتالیزم هەیە. لێرەدا چەندین گرەوی کولتوری هەیە کە لەسەر دەرەنجامەکانی ئەو پێکدادانە نائەقڵانی‌و خۆکوژییە گەورەیە ڕادەوەستێت.

من دان بەوەدا دەنێم کە چێژێکی گەورە لەوەدا دەبینم کە بیر لە هەڵوێستی ئیسلامی هاوچەرخ دەکەمەوە لە کەلەپوری خۆی‌و لەو هەڵوێستە ورد دەبمەوە. من تەنها لە ناوەوە لەو هەڵوێستە وردنابمەوە، بەڵکو لە دەرەوەیش سەیری دەکەم‌و لێی ڕادەمێنم. سەیرکردن‌و ڕامان لە کەلەپوری ئیسلامی لە ناوەوەی ئەو کەلەپوورە، پێشتر چەندین جار تاقیکراوەتەوە، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە (غەزالی) کتێبی **(إحیاء علوم الدین)**ی نوسیوە.

بەڵام گرنگ ئەوەیە لە دەرەوە تەماشای ناوەوەی ئەو کەلەپورە بکەین تا بزانین ئەو کەلەپورە لەژێر کاریگەریی هێزەکانی گلۆبالیزمو مۆدێرنەدا چی بەسەرهاتووەو چی بەسەر دێت. بۆ یەکەمین جارە کەلەپوری دێرینی ئیسلامی بە شێوەیەکی کۆتاییو بێگەڕانەوە بکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە. واتە مەسەلەکان لەمڕۆ بەدواوە وەکو خۆیان نامێننەوە. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ناوکی ڕەقی ئەو کەلەپورە ناچار دەبێت شیبێتەوەو بگۆڕرێت، لە مەودوا ناتوانێت خۆی لە هێزەکانی گلۆباڵیزمو مۆدێرنیزم لابدات کە لە هەموو لایەکەوە چواردەوریان گرتووە. ئەو کەلەپورەی کە تەقلیدییەکان باوەڕیان وابوو تا هەتایە گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەمڕۆ ناچاردەبێت لەژێر کاریگەریی زەبرە توندەکانی هێزەکانی مۆدێرنەدا بگۆڕێتو نوێ بێتەوە، ناچار دەبێت شێوەیەك لە ئاشتبوونەوەو پێکەوەژیان لەگەڵ بەهاکانی مۆدێرنەی جیهانیدا بدۆزێتەوە.

لە واقیعدا فەندەمینتالیستەکان زۆربەی ئامرازو کەرەستەکانی مۆدێرنیزمو گلۆباڵیزم بەکاردەهێننو کەچی بەکاری شەیتانیش وەسفی دەکەن! داخۆ ئێرانی ئیسلامیش هەڵبژاردنەکانی یاساداناو سەرۆکایەتی ڕێك ناخات؟ باشە هەڵبژاردن داردەیەکی ئیسلامییە یان لیبرالیی خۆرئاواییە؟ کەچی تا ئەمڕۆش بەردەوامن لە وەسفکردنی خۆرئاوا بە شەیتانی گەورە. بزاوتە فەندەمینتالیزمەکان کاسێتی ڕیکۆردەرو ڤیدیۆو سی دیو ئینتەرنێتو هەموو ڕێگەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ بەکاردەهێنن تا ئایدیاو پروپاگەندەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، هەندێ جار داوا لە ڕژێمەکان دەکەن هەڵبژاردن ڕێك بخەنو بە دیموکراتیەتەوە پابەند بن! بێگومان باڵی توندڕەوی بزوتنەوە فەندەمینتالیزمەکان دیموکراسیەت بە کوفر لە قەڵەم دەدەن، کەچی داوایشی دەکەن. بەم جۆرە دەبینین بیری مۆدێرنەو گلۆباڵیزم چووەتە نێو بزوتنەوە ئوسولیەکانیشەوە بێ ئەوەی هەستی پێبکەن.

بێگومان ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی نێوان ئیسلامی جیهاد/ و گلۆباڵیزمی خۆرئاوا هاوشانو هاوسەنگ نییە، خۆرئاوا بە ئەندازەیەکی زۆر لەئیسلامی فەندەمینتالیزم بەهێزترە. بۆیە ئەمڕۆ فەندەمینتالیزم خۆی وەکو قوربانییەکی بێگوناه نیشاندەدات وەك چۆن پێشتر گوتاری ڕزگاریی نیشتمانی بە هەمان شێوە خۆی دەردەخست. ئەم فەندەمینتالیزمە خۆی وا پێشکەش دەکات کە خاوەن خەزینەیەکی پیرۆزە، واتە شەریعەت لەلای ئەوەو لە ڕووبەڕوبونەوەی خۆرئاوای بێدینو مادیو دەسەڵاتدارو بێ ڕەوشتدا خاوەنی بەڵێنی خودایییە!

لە سەردەمی ڕزگاریی نیشتمانیدا، سەرکردەکان بەڵێنیان بە میللەتە داگیرکراوەکان دەدا دوارۆژێکی پرشنگداریان بۆ دەستەبەر بکەن، ئایندەیەك پڕ لە ئازادییە مەدەنییەکانو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەناو چوارچێوەی سۆشیالیزمی زانستیدا. بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە گۆڕاوە. ئەو پێکدادانەی ئێستا لە نێوان فەندەمینتالیزمی جیهادو/ گلۆبالیزمی مۆدێرنەدا ڕوودەدات، بە پێکدادانێك لە قەڵەمی دەدەن کە ئەمە ململانێیە لە نێوان ڕۆشنگەریو/ هێزە تاریکەکان. بەم جۆرە، دوای هەرەسی سیستمە لاهوتییە تەقلیدییەکانو سیستمە تیۆکراتیو پاشاییو ئیمپراتۆریەکان، جارێکی تر کەوتووینەتە ناو ئەو دوالیزمە مانەوییەوە.

کێ ئەم دۆخە پڕ لە شکستو ئاژاوەیەی جیهان ڕزگار دەکات؟ لە دوای ڕاگەیاندنی "کۆتایی مێژوو" کێ بناغەی مێژوویەکی نوێ دادەمەزرێنێت؟ ئاخۆ ئەو لایەنەی جیهان ڕزگاردەکات ئەو ئەقڵە ئاینییەیە کە خۆی پاك دەکاتەوەو لە توندوتیژی دووردەکەوێتەوە؟ ئاخۆ ئەو ئەقڵە ئاینییەیە کە لە ئێرانو ئەفغانستانو سودان خۆی دامەزراندووەو پێی وایە خەلیفەی خودایە لەسەر زەوی؟ ئایا ئەمە خواستەکانی بزووتنەوە جیهادیو ئوسولییەکانە؟ یان ئەقڵی ڕۆشنگەرییە دەتوانێت جیهان ڕزگار بکات پاش ئەوەی دژایەتیو پەرگیرییەکانی

خۆی ڕاست دەکاتەوە؟ ئایا ئەو ئەقڵی ڕۆشنگەرییە، دوای ئەوەی دۆگما تیۆرییەکانی پاك دەکاتەوەو ئارەزووی بۆ فراوانخوازی کەم دەکاتەوە، دەتوانێت ئەم جیهانە پڕ لە ئاژاوەیە ڕزگار بکات؟ ئەمە تێزی ئەو کەسانەیە کە داکۆکی لە پۆست مۆدێرنە دەکەنو پێیان وایە ئەقڵێکی ڕۆشنگەریی کراوە دەتوانێت جیهان لەو ئاژاوەیە دەربهێنێت.

جارێکی تر فیکری پرۆسەکراو لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا خۆی لەناو ئاژاوەیەکی بەرفراوانی مەعنەویدا دەبینێتەوە، ئەو ئاژاوە مەعنەوییەیش بەرهەمی توندوتیژییەکی دووسەرەیە کە لە یەك کاتدا جیهادی فەندەمینتالیزمو گلۆباڵیزمی خۆرئاوایی دروستی دەکەن. فیکر لەو کۆمەڵگایانەی ئایینی ئیسلام تیایاندا باڵادەستە، فیکرێکی سستو نائەکتیڤو ڕێلێگیراوە لە لایەن ئەو شتەی "بیری لێناکرێتەوە" و هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە تا ئەمڕۆ کەڵەکە بووە، واتە "ئەو شتەی بیری لێناکرێتەوە" ڕێگرە لە بەردەم پرۆسەکردنی فیکردا. واتە چەندین سەدەیە فیکر لەو کۆمەڵگایانەدا وەستاوە. بە درێژایی شکڵگرتنی مۆدێرنە لە خۆرئاوادا، فیکر لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا وەستاوەو پێش ناکەوێت. کەموکورتییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆیە ناتوانێت بگات بە پێشکەوتنەکانی مۆدێرنە. دەبێ فیکری ئیسلامی دەرك بە پێشکەوتنەکانی مۆدێرنەی خۆرئاوا بکات تا بتوانێت بەشداری لەو گفتوگۆ کراوەیەدا بکات کە ئەمڕۆ لە ئاستی دنیادا هەیە. دەبێ بەشداری لەو گفتوگۆ زانستیو فەلسەفییە گەورانەدا بکات، بەڵام بە ڕێگەیەکی جیاواز لە ڕێگەی فەندەمینتالیزمەکان، واتە بە ڕێگەیەکی تری غەیری شێوازی توندوتیژیو کاردانەوەی خۆکوژی کە ئەمەیان تەنها بەشدارییەکی هەژارانو کلۆڵانی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتوانەیە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە فیکری عەرەبیو ئیسلامی بە شێوەیەکی جیدیو بەرپرسیار بەشداری لەو گفتوگۆ گەردوونییەدا بکات. کاتی ئەوە هاتووە موسڵمانان بە ڕێگەیەکی ئەکتیڤو کاریگەر بچنە ناو مێژووەوە، نەك وەکو بەکاربەرێکی نێگەتیڤی، واتە نەك تەنها بەرهەمەکانی مۆدێرنە بەکاربەرنو خۆیشیان هیچ شتێك بەرهەم نەهێنن. باشە بەشداریی ئێمە لە نوژداریی نوێو دەرمانخانەو داهێنانی داوودەرمانی نوێدا چییە، یان لە چوونە نێو فەزاو کەشفی گەردوونیو داهێنانی ئامرازە تێکنۆلۆجیەکانو.. هتددا چییە؟ ئێمە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا بارین بەسەر جیهانەوە. ئێمە نەك تەنها لە بواری زانستە فیزیکیو تێکنۆلۆجیەکاندا بارین بەسەریانەوە، بەڵکو لە زانستە مرۆڤایەتیو فەلسەفییەکانیشدا. لێرەدا هیچ بەشدارییەکی فەلسەفیی عەرەبی یان ئیسلامی لەو ئەرگۆمێنتو گفتوگۆیەدا نییە کە ئەمڕۆ لە بارەی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا دەکرێت. چوونە نێو مێژووەوە (لە لایەن عەرەبە موسڵمانەکانو مسوڵمانە غەیرە عەرەبەکانیش)، تا ئەندازەیەکی گەورە مەرجدارە بە ڕێنوێنییەکانی ئەو فیکرە فەلسەفییەی لەناو قەیرانی گلۆباڵیزم یان مۆدێرنیزمەوە لە دایك دەبێت.

فاکتەرە دەرەکیەکان ڕۆڵێکی گەورە لە یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیەدا دەبینین: ئایا عەرەب یان موسڵمانەکان بەشداریی بەرپرسیارییە فیکریو فەلسەفیەکانی دنیای هاوچەرخ دەکەن یان نا؟ بێگومان پێشکەوتنی فاکتەرە ناوخۆییەکانیش ڕۆڵی خۆیان هەیە. لێرەدا مەبەستم لە پێشکەوتنەکان ئەوەیە: داخۆ لە پاش قۆناغی لەنێوچوونی فەندەمینتالیزمو لە دوای نەمانی شەپۆلی ئوسولی، چی ڕوودەدات؟ ئاخۆ لە فیکری عەرەبیو ئیسلامیدا کرانەوەیەك ڕوودەدات؟ چۆن؟ دەشێت ئایندەی نزیك یان دوور وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بداتەوە.

دەبێ لە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بیر لە قەیرانی مۆدێرنە بکەینەوە بێ ئەوەی هیچ شتێك فەرامۆش بکەینو پێشوەخت ئیدانەی هیچ شتێك بکەین. مەبەستم ئەوەیە مافی ئەوەمان نییە بەبێ پشکنینێکی قوڵو بەرپرسیار ئیدانەی دەرکەوتە تەقلیدییەکانی دیاردەی ئیسلامی بکەین. ئەو شتانەی ئەمڕۆ ڕوودەدەن هۆکاری خۆی هەیە. وەك هیگڵ

دەڵێ **"هەموو ئەو شتانەی واقیعین، ئەقڵانین"**. دەبێ لەناو تێڕوانینی فەلسەفەیەکی سیاسیی پشت ئەستوور بە ئەنترۆپۆلۆجیای کولتوری بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەینەوە (واتە ئەو زانستەی بەبێ جیاوازی بایەخ بە سەرجەم کولتورە بەشەرییەکان دەداتو پێشوەخت کولتوری ئەوروپی ناخاتە سەر کولتورەکانی ترەوە. هەموو کولتورو زمانەکان شایانی ڕێزنو ئەوانیش شتی تایبەتی خۆیان بەخشیوەو شایانی ئەوەن لەبەرچاو بگیرێن. بەم مانایە دەبێت کولتوری چینیو هیندیو عەرەبی- ئیسلامی بە هەمان شێوەی کولتوری ئەوروپی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت). پێم وایە ئەم تێڕوانینە ئەنترۆپۆلۆجیو ڕۆشنبیرییە بەرفراوانە توانایەکی پتری لە بەخشینو تێگەیشتن هەیەو پتر جێگەی باوەڕپێکردنە. بۆچی؟ چونکە مژدەی ئایندەیەکمان دەداتێ: ئایندەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان کولتورە جیاجیاکان بێ ئەوەی یەکێکیان هەژموونی بەسەر ئەوانی تردا هەبێت.

فرەیی کولتووری بۆ مرۆڤایەتی شتێکی جوانو پێویستە، بە مەرجێك لەناو ئاسۆی هەنگاونان بەرەو گەردونگەرایی (یونیڤێرسالی) یان بەرەو یەکێتیی ڕەگەزی مرۆیی، بێتە کایەوە، کەواتە لێرەدا چەند بەهایەکی گەردوونی هەیە، بەڵام هەموو کولتورێك مافی ئەوەی هەیە بە زمانە تایبەتییەکەی خۆی، وەری بگرێت، ئەمە میللەتانو نەتەوەکان لە یەکتر نزیك دەکاتەوەو مۆرکێکی مرۆیی- هیومانیستی بە مۆدێرنە دەبەخشێت.

ئەم تێڕوانینە هیومانیستیە بەرفراوانە لە لایەنی میتۆدیو ئیپستیمۆلۆجیشدا خۆی دەسەپێنێت. مەبەستم ئەوەیە دەبێ کۆنترۆڵی چوارچێوەو ئامرازەکانی ئەو بیرە بکرێت کە هێزە زەبەلاحو خاوەن دەسەڵاتو هەژمووندارەکان بەکاری دەهێنن. چونکە ئەو هێزانە چارەنووسی مێژوویی بەشەرییەت دیاری دەکەنو سەرجەم نەخشەکانی کارکردنی ئایندە دەسنیشان دەکەن.

میتۆدە فیکریو ئیپستیمۆلۆجییە باوەکانی خۆرئاوای هەژموندار تەحەکوم بە جۆری ڕاڤەکردنی هەموو کەلەپورەکانی ڕابردوو دەکات، لەوانە کەلەپوری عەرەبی- ئیسلامیش. دەبێ ئەو میتۆدانە چاودێری بکرێن بۆئەوەی جارێکی تر ئەو هەموو زانیارییە هەڵەو ئاگاییە هەڵەیە لەدایك نەبێت وەك لە ڕابردوودا ئەمە ڕوویداوە. پاشان بۆ ئەوەی "بونەوەری زەینیی تەجریدی" لەدایك نەبێت کە دواتر دژایەتیی یەکدی بکەن. لێرەدا مەبەستم لە بوونەورەی زەینی، ئەو چەمکە تەجریدییانەیە کە لەم چەمكو زاراوانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت: خۆرئاوا، خۆرهەڵات، ئیسلام، پەرەپێدان، مافەکانی مرۆڤ، مافی میللەتان.. ئەم چەمکانە لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیان بەتاڵ کراونەتەوەو لە ستراتیژی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا کراون بە کۆمەڵێ قاڵبی شەکلیو بەتاڵ. بۆیە لە دیدی میللەتانی جیهانی سێدا جێی متمانە نین، ئەو میللەتانە بەردەوام لە پەرەپێدانی ڕاستەقینەدا دوچاری نائومێدی بوون، باوەڕیان بەو دروشمە ڕازاوانە نەماوە کە کاریان پێناکرێتو هیچ بەروبوومێکیان نییە. سێنتەرەکانی هەژموونی نێودەوڵەتی ئەو جۆرە دروشمانە دەخولقێنن بۆ ئەوەی نیازە تایبەتییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن نەك بۆئەوەی میللەتان لەو چاڵە دەربهێنن کەتێی کەوتوون، مەبەستم چاڵی هەژاریو بێبەشیو برسێتیو جەنگە نێوخۆییەکان. بەهەرحاڵ، دەبێت لە میانی ئەو جەنگە نێوخۆییانەدا کۆمەڵێ پرۆژەی نوێ بهێنرێتە ئاراوە تا بە شێوازێکی مرۆییانە حوکمی میللەتان بکرێتو تا برینەکانیان سارێژ بکرێت.

من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بووم کە داوای دەکرد "لاهوتێکی نوێ" لە ئیسلامدا پێك بهێنرێت، ئێمە پێمان وابوو ئەمە چارەسەری کێشەی کەلەپوری ئیسلامی لەگەڵ سەردەمو مۆدێرنەدا دەکات، چونکە لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست بەربەستێکە لە بەردەم پێشکەوتن، بگرە ئەم لاهوتە کۆنە دەبێتە مایەی پێکدادانێکی ترسناكو گەورە لەگەڵ مۆدێرنەدا

(بڕوانە ئەو پێکدادانە ترسناکەی ئەمڕۆ لەنێوان بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان کە هەڵگری لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاستن‌و لە نێوان مۆدێرنەدا ڕوودەدات، سەیری ئەو نرخە گران‌و گەورەیە بکە کە میللەتانی ئێمە لە بەرامبەر ئەو پێکدادانەدا دەیدەن)، لەبەرئەوە بیرمان لە پێکهێنانی لاهوتێکی نوێ لە ئیسلامدا کردەوە، لە شێوەی ئەو لاهوتە کاتۆلیکی یان پرۆتستانتییە نوێیەی لە پاش قەیرانی تازەگەری، واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، دامەزرا.

وەك دەزانرێ قەیرانی مۆدێرنە لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەدا ڕوویدا کە لە نێوان لاهوتی مەسیحیی سەدەکانی ناوەڕاست‌و/ پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژوویی ڕەخنەیی بەسەر تەورات‌و ئینجیلدا، هەڵگیرسا. تەنها ئەوکاتە توانیان گرفتی خۆیان لەگەڵ کەلەپوردا چارەسەر بکەن کە دەستیان کرد بە گەڵاڵەکردنی لاهوتێکی نوێی مەسیحی کە گونجاوبێت لەگەڵ بەهاکانی مۆدێرنەو دۆزینەوەکانی زانستدا.

لە ڕاستیدا لاهوتی ئایینی، سا مەسیحی بێت یان ئیسلامی، هەمیشە دیلی ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاستەو ناتوانێت بەرپرسیاریی بارودۆخی ئێستا هەڵبگرێت. گۆڕانەکانی مانا لە سەردەمی مۆدێرنەدا مرۆڤی لە هەموو بڵندگەرایی یان ڕەگداکوتانێکی ئەنتۆلۆجی یان میتافیزیکی دابڕاند. ئیتر مرۆڤ بە تەواوی لەناو مەرجە پۆزەتیڤیزمییەکاندا دەژیت. بەڵام لێرەدا ڕەهەندێکی ڕۆحی لەمرۆڤدا هەیە، ئەو ڕەهەندەش لە لایەن مۆدێرنەوە فەرامۆش کرا، چونکە مۆدێرنە پتر سەرقاڵی تێرکردنی ڕەهەندە ماتریالیەکانی مرۆڤ بوو. کەچی ئەمڕۆ جارێکی تر پێداویستییە ڕۆحییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە مۆدێرنەکان‌و مرۆڤی مۆدێرنیست دەیەوێت لایەنی ڕۆحیی خۆیشی تێربکات دوای ئەوەی لە لایەنی مادی یان ڕەهەندی ماتریالی تێربووە.

بەڵام سەبارەت بە ئیسلام، دەتوانین بڵێین گوتاری جیهادی فەندەمینتالیزم هەموو ئەو دەنگانەی تری لەناوبرد کە لە دونیای ئیسلامیدا هەن، لەژێر فشاری هێزو هەڕەشەدا هەموو دەنگەکانی تری بێدەنگ کرد، لە کاتێکدا ئەو دەنگانە بە دوای چالاککردن‌و ئەکتیڤکردنی فیکرێکی نوێدا دەگەڕان، واتە فیکرێکی لاهوتی‌و فەلسەفی‌و ئەخلاقی‌و تەشریعیی کە شایستەی ئەم چەرخە بێت‌و بتوانێت داخوازی‌و ئاتاج‌و پێداویستیی کۆمەڵگە عەرەبی‌و ئیسلامییەکان دابین بکات.

ئێمە لەسەر زەویی ئیسلامدا بە دوای بیرێکی تازەدا دەگەڕێین، بیرێك توانای هەرسکردنی دەستکەوتە پۆزەتیڤەکانی مۆدێرنەی هەبێت بێئەوەی نکوڵی لە دەستکەوتە پۆزەتیڤەکانی کەلەپور بکات بە تایبەتی لە قۆناغی داهێنان‌و بەرهەمهێنانیدا. کە دەڵێم کەلەپور، مەبەستم لە مانا سەرجەمگیرو کامڵ‌و فرەییەکەی وشەی کەلەپورە کە هەموو هێڵ‌و ئاراستەو تەوژمەکان لەخۆ دەگرێت، نەك تەنها یەك هێڵ یاخود یەك ئاراستەی پێ ڕاست‌و دروست بێت‌و هێڵەکانی تر ڕەت بکاتەوە.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمەوێ ئەم سێ تێبینییەی خوارەوە بخەمەڕوو:

*__یەکەم:__* ئەو سیستمە فیکرییەی لە سیاقی ئیسلامیدا گەڵاڵەکراوە، (واتە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا کۆتایی قۆناغی کلاسیکیی داهێنەر) دەکەوێتە ناو چوارچێوەی مەعریفیی سەدەکانی ناوەڕاستو سەدە دێرینەکانی یۆنان. ئەمە واتە فیکری عەرەبی- ئیسلامی کە لە نێوان ساڵانی 661 زایینو 1258ی زاینیدا شێوەی گرتووە، دەکەوێتە قۆناغی پێش مۆدێرنە، سەرباری ئەو بەرهەمە فەلسەفییە داهێنەرانەی لە قۆناغی کلاسیکیدا هەبوون (واتە قۆناغی کەوتنە ژێر کاریگەریی بیری یۆنانی) بەڵام دەکەونە قۆناغی بەر لە مۆدێرنە. ئەمەش لە گرنگیو بایەخی ئەو قۆناغە (واتە قۆناغی زێڕینی کلاسیکیی ئیسلامی) کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەیخاتە ناو مێژووگەرایی خۆیەوە. لە نێوان ئەو قۆناغە کلاسیکییە ئیسلامیەو مۆدێرنەدا مەودایەك یان مەسافەیەکی ئیپستیمۆلۆجیی ڕوون هەیە.

*__دووەم:__* ئەو ماوە زەمەنییە دوورو درێژەی نێوان سەدەی سیانزەهەمو سەدەی نۆزدەهەم، بۆ ماوەیەکی درێژ فەرامۆش کراو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام نەدرا. کاتێکیش باسی ئەو قۆناغەی سەدەی سیانزەهەم تا سەدەی نۆزدەهەم دەکەن، بە شێوەیەکی سادەو ڕووکارامێز لە کتێبەکانی قوتابخانەدا ئاماژەی بۆ کراوە کە بریتی بووە لە قۆناغی داکەوتنو سڕبوونێکی درێژو بیرچونەوەو گەڕانەوە بۆ خورافاتە میللییەکان . بێگومان ڕاستە ئەو قۆناغە هەموو ئەو شتانەی تیابووە، بەڵام شایانی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵو گشتگیرە، ئەوەندە بەس نییە بڵێین قۆناغێکی ئیفلیجو سڕبووەو تەواو. بەڵکو دەبێ بایەخی پێبدرێو لێکۆڵینەوەی زانستیو مێژوویی بۆ ئەنجام بدرێت. بۆچی ئەو قۆناغە (سەدەی 13 تا سەدەی 19) شایستەی بایەخپێدانی لێکۆڵینەوەکانە؟ چونکە کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو قۆناغەن. پاشان مومکین نییە لە گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ تێبگەین ئەگەر لە گیروگرفتەکانی ئەو قۆناغە تێنەگەین.

ڕاستە تورکەکان هەقی خۆیانە شانازی بەو سەرکەوتنە سەربازییە بکەن کە بەدەستیان هێناو ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوانیان پێکهێنا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، بەڵام هیچ شتێکی تازەیان بۆ ڕۆشبیری یان ژیار یان فیکر زیاد نەکرد. دەبێ دان بەوەدا بنێین. جەنگی ناوداری **لیبانت** لە ساڵی 1571دا هەڵگیرساو لە بەرامبەر ئەورووپیەکاندا هەرەسیان هێنا. دوای ئەوە ئیتر نەیانتوانی لە بەرامبەر هەڵکشانی بەردەوامی ئەورووپادا هیچ شتێك بکەن. دوای ئەو مێژووە ئیتر سەرەتاکانی مۆدێرنە دەستی پێکرد بەڵام تورکەکان هیچ بەشدارییەکیان لە پێکهێنانی مۆدێرنەدا نەبوو، بەڵکو لە پەراوێزی مێژوودا مانەوەو تەنها ئەو میللەتە ئیسلامییانەیان دەچەوساندەوە کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەیانەوە، تەنها ماڤی ئەو میللەتانەیان زەوت دەکردو باجێکی زۆریان بەسەردا دەسەپاندن. لەو قۆناغە مێژووییە یەکلاکەرەوەیەدا، هەموو ئەو قەیرانە ترسناكو قەبانە دەستیان پێکرد کە تا ئەمڕۆش کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکان پێوەی دەناڵێنن. لەبەر ئەم هۆیە داوا دەکەین بە باشی لەو قۆناغە بکۆڵرێتەوەو لە هەموو لایەنو ڕەهەندەکانیەوە سەیر بکرێت، تا لەو شتانە تێبگەین کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە کارەساتبارەکانی ئێمەدا ڕوودەدەن.

لە ڕاستیدا، لەو قۆناغە تاریکەی عوسمانیدا، دوو دابڕانی گەورە ڕوویدا کە تا ئەمڕۆش دونیای عەرەبیو ئیسلامی بە دەستیەوە دەناڵێنن. دابڕانی یەکەم دابڕانێکی ناوخۆیی یان ناوەکییەو دابڕانی دووەمیش دەرەکییە. بیری ئیسلامی لە قۆناغی عوسمانیدا لە باشترین بەرهەمەکانی قۆناغی ئەو بیرە ئیسلامییە دابڕا کە لە قۆناغی کلاسیکیدا بەرهەم

هێنرابوو، واته له قۆناغی سەدەی یەکەم تا سەدەی شەشەمی کۆچیی مێژووی ئیسلامی دابڕا (تا مردنی ئیبن ڕوشد لە کۆتایی سەدەی دوانزەهەم). وەك دەزانرێ لەو قۆناغەدا (کە بە قۆناغی کلاسیکی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت) فرەیی بیروباوەڕو فرەیی کولتوریی ئیتنیکی هەبوو، هەروەها مەیلێکی هیومانیستیی لە بیروباوەڕەکانی ئەو قۆناغەدا هەبوو. هەموو ئەمانە شتگەلێکن بەشدارییان لە بەپیتکردنو دەوڵەمەندکردنی قۆناغی کلاسیکیو گەشەکردنیدا کردووە. بە پێچەوانەشەوە هەموو ئەمانە شتگەلێکن کە دواتر لە سەردەمی سەلجوقییەکانو پاشان عوسمانییەکاندا فەرامۆش کرانو لەبیر برانەوە.

واته لە پاش سەردەمی سەلجوقیو قۆناغی عوسمانیدا بیرێکی سکولاستیکی وشك زاڵبوو کە بیری ئیسلامیی بەرەو قۆناغی پاشەکشەو داکەوتن برد. ئیتر وایان دەزانی ئیسلام هەر ئەوەیەو شتێکی تر نییە.

دابڕانی دووەمیش بریتی بوو لە دابڕان لەگەڵ دەرەوەدا، واته لەگەڵ ئەوروپادا. لەو دەمانەدا بیری عەرەبی- ئیسلامی نوستبوو و نەیدەزانی لە دەوروبەریدا چ دۆزینەوەیەکی زانستیو چ پێشکەوتنێکی فەلسەفی دەگوزەرێت. بەم جۆرە مۆدێرنەی مادیو مۆدێرنەی فیکری لە دەرەوەی دونیای ئیسلامیدا پێکهاتو ئەمان هیچ بەشدارییەکیان تیادا نەکرد. کاتێکیش لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لە خەو هەستان، مۆدێرنە چەندین هەنگاوی گەورەی بەرەوپێشەوە بڕیبوو.

*سێیەم:* لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەقڵییەتێكو ڕۆشنبیرییەك سەریهەڵدا کە بە بزوتنەوەی "ڕێنیسانس" ناوبرا. ئەو بزوتنەوەیە هەوڵی دا ئەو کەلەپورە بەنرخەی قۆناغی زێڕینی کلاسیکیی ئیسلامی لەناو گۆڕەکەی دەربهێنێت. ڕۆشنبیرانی سەردەمی بوژانەوە (واته ڕێنیسانسی عەرەبی) کۆششێکی باشیان بۆ ئەو مەبەستە کرد. بەڵام گرفتەکە ئەوە بوو ئەو ڕێنیسانسە لە کاتێکدا هات کە ئەو دوو دابڕانەی ئاماژەمان بۆ کردن (دابڕان لەگەڵ کەلەپوری سەردەمی کلاسیکی ئیسلامیو دابڕان لەگەڵ مۆدێرنەی ئەوروپی) بۆشاییەکی فراوانو درزێکی گەورەیان لە نێوان کۆمەڵگە ئەوروپیو کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا دروست کردبوو، واته بۆشاییەکی قووڵ لە نێوان ئەوروپای شۆڕشگێڕو ڕۆشنگەریی پڕ لە زیندەگی لەسەرێك، کۆمەڵگە ئیسلامییە ماندوو و دواکەوتوتووەکان لە سەرێکی تر.

جا لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە زۆر بێ وزەو لاواز بوونو ماوەیەکی درێژیش بوو لە بزوتنەوەی مێژوویی داهێنان دابڕابوون، نەیانتوانی سوود لە ئامرازەکانی ئەقڵیەتی سەدەی کلاسیکیی ئیسلامی (یان سەدەی زێڕینی ئیسلامی) وەربگرن. بێگومان توانایەکی زۆر لەوە کەمتریشیان هەبوو بتوانن سوود لە زانستی مێژووییو پۆزەتیفیزم وەربگرن کە خۆرهەڵاتناسانی ئەوروپا لە نێوان ساڵانی 1850 و 1950 خستبوویانە ڕوو. وەك دەزانرێ ئەو خۆرهەڵاتناسانە خوێندنەوەیەکی فیلۆلۆجییان بۆ هەندێ لە تێکستەکانی کەلەپوری ئیسلامی ئەنجام دابوو و بە ڕێگەیەکی زانستیی نوێ ساغیان کردبوونەوە، بۆ یەکەم جاریش لە لیدنو ئۆکسفۆردو لەندەنو پاریسو بەرلینو جێگای تردا بڵاویان کردەوە.

کۆمەڵگەی عەرەبیو ئیسلامییەکان ئەوەندە لاوازو بێتوانا بوون بە جۆرێك نەیاندەتوانی کارلێك لەگەڵ ئەو داهێنانەدا بکەن کە بەر لە حەوت سەدە یان دە سەدە کەلەپورەکەی خۆیان بە دەستی هێنابوو، (واته فرەیی کولتوریو فرەیی بیروباوەڕ لە قۆناغی زێڕینی کلاسیکیی ئیسلامیدا)، زۆر لەوە بێتواناتریش بوون بتوانن لە زانستە نوێیەکانی ئەوروپا تێبگەن کە پێش قۆناغی کلاسیکیی ئیسلامیش کەوتبوون، چونکە بیرە زانستیو فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمە (واته سەدەی نۆزدەهەم) لە یەك کاتدا هەم ڕێنیسانسی ئەوروپیو هەم چەرخی ڕۆشنگەریی هەرس کردبوو.

لەبەر ئەم هۆیە ڕینیسانسی عەرەبی یان ئیسلامی شکستی هێنا ئەگەرچی سێ وەچە لە نووسەرانو ڕۆشنبیرانو هونەرمەندانی وڵاتانی شامو بە تایبەتی میسر کۆششێکی زۆریشیان

بۆ کرد. بۆ نموونە کەسانی وەکو: تەهتاوی‌و جەمالوددینی ئەفغانی‌و محەمەد عەبدەو عەبدوڵڵا نەدیم‌و تەها حسێن‌و عەقادو مازنی‌و جورجی زیدان‌و یازەجی‌و بوستانی‌و جوبران‌و شوبلی شومەییل‌و سەلامە موساو محەمەد کورد عەلی‌و.. هتد. کۆششی ئەو هەموو وەچەیەی بناغەی ڕێنیسانسیان دامەزراند، بە باچوو، بە هۆی سەختیی خەبات دژی دۆگمای موزمینی ناوخۆیی‌و ئەو پەلامارە دەرەکییەی لە داگیرکارەوە دەهات، کۆششەکانیان بەباچوو.

بەم جۆرە دەبینین هەر لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، تەوژمی ڕێنیسانسی عەرەبی بە تەواوی ماندوو بوو و کارەکانی بووە مایەی وروژاندنی ڕەوتە کۆنەپەرستە نووستووەکان کە لە دژی ئەو ڕێنیسانسە وەستان‌و ڕەتیان کردەوە. (بە تایبەتی لەو کاتەوە کە لە ساڵی 1928دا گروپی "ئیخوان موسلمین" لە میسردا لە لایەن حەسەن بەنا دامەزرا. دواتر تەها حسێن‌و عەباس مەحمود عەقاد کە دوو پاڵەوانی نوێگەریی فیکری بوون، پاشەکشەیان کرد، لە سییەکان‌و چلەکاندا خۆیان لەگەڵ ئەو تەوژمە میللییەدا دەگونجاندو لە نووسینەکانیاندا پتر بەلای ڕەوتە ئیسلامییەکان لایان دا).

ئەم ڕەتکردنەوە خێراو زووە بۆ رێنیسانس‌و ڕۆشنگەری، بانگی ئەوەی دەدا کە دواتر چی ڕوودەدات: واتە ڕوودانی جەنگە سیاسییە ڕادیکاڵەکان لە ساتەوەختی جەنگی ڕزگاریی نیشتمانیدا (1945-1970)، پاشان سەرهەڵدان‌و گەورەبوونی بزووتنەوە جیهادییە ئوسوڵییەکانی ئەمڕۆ.

لە بارودۆخێکی لەم چەشنەشدا، بایەخی سەرەکی بە ڕۆشنگەریی فیکری نادرێت، بەڵکو پتر بایەخ بە خەباتی ئایدیۆلۆجی‌و خۆسازدانی سیاسی دەدرێت.

**کاتێکیش تۆپ‌و تفەنگ‌و فیشەک قسەدەکەن، دەنگی فیکر بێدەنگ دەبێت.**